دێمۆکراسی بۆ ئێـــران     خودموختاری بۆ کوردستـــان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران | ٢٩ی رەشەمەی ١٣٨٢ | ١٩ی مارسی ٢٠٠٤ | ژمارە ٣٨٥ | ١٥٠ تمەن

## "ڕۆژی تازەی ساڵی تازەی ئێمە هات"

گەلی نەورۆزخۆازی کوردو کوردستانی جوان، جارێکی دیکە دەستەملانی نـەورۆزو بـەهارو جوانی‌یـەکانیان دەبنـەوە. ئەمسـاڵ ئـەوانیش بـە دەستی پڕەوە دەچنە پێشوازی نەورۆزو بـەهار. بـە مـژدەی بووژانـەوەو گەشـانەوەی بێوێنـەی هەسـتو بـیری نەتـەوەیی رۆڵـەکانیان لـە هـەموو بەشەکانی نیشتمانەکەیان" بە مزگێنیی یەکدڵی، یەکیـەتیو هاوپێوەنـدیی لـە هـەمووکات زیـاتری گـەلی کـورد، سـەرەڕای سنوورو کۆسپەکانی نێوانیان" بە هەواڵی پەسندکرانی بەشێکی زۆر لە ویستو داخوازە لەمێژینەکانی ئەو گەلە لە عێراق" بـە مـژدەی وەدیـار کـەوتنی بێداهـاتوویی‌و بێئێستایی شۆڤێنیزم، دیکتاتۆری، کۆنەپەرستی‌و تیرۆریزم لە ناوچەدا.

گەلی نەورۆزخوازی کوردو کوردستانی جوان، بەلەشی پڕ لە زامی تـازەوە، بـاوەش بـۆ نـەورۆزو بـەهار دەکەنـەوە، زامـی کارەسـاتەکانی ١ی شوباتی هەولێر، ١١ی مارسی قامیشلی‌و ئێعدامی ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانیان لە سەقزو مەهاباد. بەڵام دەزانن هەر "ئەو ڕەنگـە سـوورە بـوو کـە لـە ئاسۆی بلیندی کورد موژدەی بەیانی بۆ گەلی دوورو نزیك دەبرد". بۆیە ئـەم زامانـەی سـەر سـینگیان دەکـەن بـە گـوڵو پێشـکێش بـە نـەورۆزو بەهاری دەکەن کە لە منداڵدانی خۆیاندا موژدەی ڕۆژێکی نوێیان بۆ کورد پێیە.

**بەم تێگەیشتنەوە لە نەورۆزو ساڵی نوێ، پیرۆزبایی لە خوێنەرانی "کوردستان" دەکەین.**

**سکرتێری گشتیی حیزب لە پەیامی نەورۆزیدا:**

# لەگەڵ یەکەمین تیشکی هەتاوی نەورۆزیدا پڕشنگی هیوا بەدی دەکەین

## خەباتی خەڵکی ئێمە بۆ ئازادی کەوتۆتە قۆناغێکی نوێوە، قۆناغی وشیاری‌و بەرچاو روونی، قۆناغی ڕەوینەوەی تەمومژو گومان، قۆناغی لێك جیاکردنەوەی دۆستو دوژمن‌و قۆناغی یەکگرتن‌و پاڵوێکدان.

به بۆنەی هاتنی نەورۆزو ساڵی تازەی هەتاوی هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵلا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامێکی گرنگی بۆ خەڵکی تێکۆشەری کوردستان‌و گەلانی بەشخوراوو تینووی ئازادی‌و بەرابەری‌و، چین‌و توێژە ئازادیخوازەکانی کۆمەڵی ئێران نارد. سکرتێری گشتیی حیزب لە پەیامی نەورۆزیی خۆیدا، وێڕای پیرۆزبایی نەورۆزو ساڵی نوێ، بە سەرنجدان بەرووداوو ئاڵوگۆڕەکانی ساڵی ١٣٨٢، رایگەیاند: "دوارۆژێکی روون لەبەر پێ‌و لەسەر رێی ئازادیخوازانی وڵاتەکەمان دەبینین". لە پەیامی نەورۆزیی هاوڕێ عەبدوڵلا حەسەنزادەدا هاتوە: "شنە بای ئازادی لە ناوچەکەماندا هەڵی کردوەو ئەوانەی دەرگاو پەنجەرەکانیان لەسەر ئەم شنەبایە دادەخەن (کە بێگومان کۆماری ئیسلامی یەکێك لەوانە) یان لەنێو بۆگەنی کۆنی‌و کۆنەپەرستی‌دا دەخنکێن یان شنەبای ئازادی لێیان دەبێ بە گەردەلوول‌و کۆشکی دیکتاتۆرییان بەسەردا دەڕووخێنێ".

سکرتێری گشتیی حیزب لە پەیامی نەورۆزیی خۆیدا، دوای خۆشحاڵی دەربڕین‌و پیرۆزبایی بە بۆنەی مۆرکرانی قانوونی بەڕێوەبەریی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەداو ئافەرین ناردن بۆ وشیاری‌و هاوپێوەندیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران، پیادەکردنی بە زوویی‌و بە وردیی نێوەڕۆکی ئەم قانوونەی بە ئاوات خواستوەو رایگەیاندوە: "هیوادارین فیدراڵیزەبوونی عێراق ببێتە نموونەیەك بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتی فرەنەتەوەیی ئێمەشدا.

**دەقی پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزب لەلاپەڕەی ٢ی ئەم ژمارەیەدا خراوەتە بەرچاوی خوێنەران.**

## سەرکوت‌و کوشتاری رۆڵەکانی گەلی کورد لە شاری قامیشلی مەحکووم دەکەین

رۆژی ٢٠٠٤/٣/١٢ی زایینی، بەدوای بەرێوەچوونی پێشبڕکێی فووتباڵ لەشاری قامیشلی لە کوردستانی سووریەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە عەرەبەکانی سووریە کە پێشتر بە چەقۆو قەمەو چۆماغەوە رژابوونە نێو یاریگاکەو هەر لە سەرەتاوە بەنیازی کێشەو شەڕ فرۆشتن بە کوردەکان هاتبوونە ئەم شوێنە، ئاژاوەیەکی ئەوتۆی بەرینیان نایەوەو بەجۆرێك هەستی رۆڵەکانی گەلی کورد لەو وڵاتەو لەو شارەیان بریندار کرد کە رێگایەکیان بێجگە لە بێزاری دەربڕین‌و بەرگری لەخۆکردن بۆ نەهێشتنەوە. ئەگەر هێرشی چەقۆو چۆماغ بەدەستان بۆسەر کوردەکان لە یاریگای شاری قامیشلی لەجێدا رەگەزپەرەستانەو نامرۆڤانە بووە، رەفتاری هێزەکانی رێژیم‌و دەنگدانانیان لەلایەن رێژیمی بەعسی سووریەوە بۆسەر کوردەکانی‌و دەست نەپاراستنیان لە تەقەکردن‌و برینداکردن‌و کوشتنی رۆڵەکانی کورد، خۆی لە نێوەرۆکی نادێموکراتییانەو شۆڤێنیانەی رێژیمەکەوە سەرچاوە دەگرێ. بەداخەوە هێرشی هێزەکانی رێژیم بۆسەر رۆڵەکانی گەلی کورد لە قامیشلی، سەدان بریندارو دەیان کوژراوی لێکەوتەوە کە نیشانەی ئەوپەڕی زۆرداریی رێژیم‌و بێدەسەڵاتیی رۆڵەکانی گەلی کورد لەو وڵاتە بوو کە نە تەنیا بەکورد، بەڵکوو بە عەرەبیش داناندرێن. نارەزایەتی دەربڕینی کوردەکانی لە هەموو شارو ناوچە کوردنشینەکان دژی ئەو تاوانە گەورەیەو، گرتن‌و راوەدوونانی کوردەکان لەلایەن حکوومەتی سووریە، هەروا درێژەی هەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەم رەفتارە سەرکوتکەرانەیەی حکوومەتی بەعسی سووریە دەرحەق بە رۆڵەکانی گەلی کورد لەو وڵاتە بەتوندی مەحکووم دەکاو داوا لە هەموو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤو هەموو لایەنەکانی لایەنگری ماف‌و ئازادییە ئینسانی‌یەکان دەکا کە رەفتاری دڕندانەی هێزەکانی رێژیمی بەعسی سووریە دەرحەق بە کوردەکانی ئەو وڵاتە مەحکووم بکەن‌و فشار بخەنە سەر رێژیمی بەعسی سووریە بۆ ئەوەی چی دیکە مافی گەلی کورد لەو وڵاتە پێشێل نەکاو لەبەرچاوی بیروڕای گشتی‌دا رۆڵەکانی ئەم گەلە قەڵاچۆ نەکا.



دیمەنی بەخاکسپاردنی شەهیدانی قامیشلی

## بەیاننامە



### به بۆنەی مۆرکرانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کاتیی عێراقەوە

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**

**کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان!**

پاش زیاتر لە دوو مانگ وتووێژی چڕوپڕ لە سەر گەڵاڵەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کاتیی عێراق، رۆژی دوو شەممە ١ی مارسی ٢٠٠٤ی زایینی ئەو گەڵاڵەیە پەسندو بۆ مۆرکردن ئامادە کراو قەرار بوو دوانیوەڕۆی رۆژی هەینی ٥ی مارس لە رێورەسمێکی تایبەتی‌دا مۆر بکرێ. بەڵام چەند سەعاتێك پێش کاتی مۆرکردن بە هۆی هاتنە پێشی هێندێ کۆسپ‌و گیروگرفت ئەو رێورەسمە بۆ رۆژی دووشەممە ٨ی مارس دواخراو سەرئەنجام سەعات ١/٣٠ی دوای نیوەڕۆی دوێنێ، دووشەممە ١٨ی رەشەمەی ١٣٨٢ی هەتاوی (٨ی مارسی ٢٠٠٤ی زایینی) لە رێورەسمێکی تایبەتی‌و لە بەردەم ژمارەیەك کەسایەتیی بیانی‌و هەواڵنێراندا یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کاتیی عێراق لە لایەن ٢٢ ئەندامی مەجلیسی حوکمی عێراق‌و نوێنەرانی سێ ئەندامەکەی دیکەی ئەو مەجلیسە بەرەسمی مۆر کرا.

مۆرکرانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بە هەنگاوێك بەرەو گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی عێراق بۆ عێراقی‌یەکان دادەنرێ‌و بە لە بەرچاوگرتنی ئەو کەندو کۆسپانە کە لە هێندێ لاوە بۆ سەرنەگرتن‌و سەرنەکەوتنی پێك هاتن، بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ خەڵکی عێراق‌و گەلی کورد لەو وڵاتە بە حیساب دێ.

٢

## ژانی هەڵەبجە، هەروا جەرگبڕەو جار بە جار رووبەرێکی فراوانتر دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆی

١٦ ساڵ بەسەر کارەساتی هەڵەبجەدا رابرد. بەڵام ژانی هەڵەبجە، سەرەڕای فرێدرانی خولقێنەرانی ئەو تاوانە کەم وێنەیە بۆ نێو زبڵدانی مێژوو، هەروا جەرگبڕە. ١٦ ساڵ لەو رۆژە رەشە رابرد کە پێنج هەزار ژن‌و منداڵ و پیرو بێتاوانی کورد بە تاوانی ئازادیخوازی بە بۆمبی شیمیایی، بە گازی خەردەل‌و سیانید لە چەند ساتێکدا قەڵاچۆ کران. پاشی ١٦ ساڵ لەو کوشتارە بەکۆمەڵە، یادی کارەساتی هەڵەبجە، شەپۆلان دەداو شەپۆلەکانی جار بە جار رووبەرێکی فرەوانتر لە جوغرافیای کوردستان‌و مرۆڤایەتی دەخەنە ژێر کاریگەریی خۆیان.

ئەمساڵ یادی کارەساتی هەڵەبجە، خەڵکی کوردستانی لە هەموو بەشەکانی نیشتمانەکەمان‌و رۆڵە ئازادیخوازو خەباتگێڕەکانی کوردستانی لە سەرانسەری جیهانی لە دەوری پەیامەکەی خۆی کۆکردەوە. رووناکبیران، نووسەران‌و هونەرمەندان، خوێندکارانی کورد لە شارەکانی کوردستانی ئێران‌و زانستگەکانی ئێراندا، سەرەڕای هەڕەشەو کارشکێنی‌یەکانی دەسەڵاتداران‌و تازەترین پەلامارەکانیان بۆ سەر خۆپیشاندانەکانی خەڵك، گەرمتر لە ساڵان یادی ئەو تاوانە گەورەیان کردەوە. کوردەکانی سووریە ئەم یادەیان کرد بە رقێکی پیرۆز بۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتدارانێك کە لە سەرکوتی ئەو گەلەدا رێچکەی دەسەڵاتدارانی پێشووی عێراق درێژە دەدەن. لە دەرەوەی کوردستان، بە دەیان‌و سەدان کۆڕو کۆبوونەوە لەو یادەدا بەرێوەچوون. لە عێراق‌و هەرێمی کوردستان کە بۆ یەکەم جار بوو یادی هەڵەبجە بەدوای رووخانی رێژیمی بەعس‌دا دەکرایەوە، داوای موحاکەمەکردنی خولقێنەرانی کارەساتی هەڵەبجەو سەدان کوشتاری بەکۆمەڵی دیکەی گەلی کورد، بوو بە دروشمی هەموو رێورەسم‌و کۆڕو کۆبوونەوەکانی تایبەت بەو یادە.

ئەمساڵ لە ١٦ ساڵەی بۆمبارانی شیمیایی‌دا، پۆل برێمێر سەرۆکی دەسەڵاتی مەدەنیی ئەمریکا لە عێراق لەسەر گۆڕی شەهیدانی هەڵەبجەدا ئامادە بوو. کۆلن پاول وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەو بۆنەیەوە، پەیامی بۆ عێراقی‌یەکان‌و کوردەکان ناردو راگەیەکان‌و ناوەندە سیاسی‌یەکانی جیهان بە گرنگی پێدانێکی تایبەتی‌یەوە یادی ئەو رۆژە رەشەیان کردەوە.

## خۆ رزگارکردنی سەربەرزانەی چەند تێکۆشەرێکی دێموکرات لە زیندانەکانی رێژیم

سەعات ١١ی پێش‌نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە ١٣٨٢/١٢/٢٥ی هەتاوی، بەبۆنەی خۆرزگارکردنی سەربەرزانەی چەند تێکۆشەرێکی دێموکرات لە زیندانەکانی رێژیم، کۆبوونەوەیەکی بەرین بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزب، ژمارەیەك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و رێبەرایەتیی حیزب‌و سەدان کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانیان‌و ئەو ژمارە لە تێکۆشەرانی رزگاربوو، لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب پێك هات. لەو رێورەسمە بەشکۆو پڕشادی‌یەدا، سەرەتا بەخێرهاتنەوەی رزگاربووان‌و گەڕانەوەیان بۆ باوەشی حیزب کراو پاشان ماموستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزب، لە وتارێکی پڕسۆزو پڕنێوەرۆکدا، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو شێوە رزگاربوونەدا بۆ بەشداران دواو سوپاسی هەموو ئەوانەی کرد کە لە رەوتی ئەو هەنگاوە ئینسانی‌و حیزب دۆستی‌یەدا ئەرکی گەلدۆستی‌و ئازادیخوازانەیان بەکردەوە نیشان داوە.

بەدوای قسەکانی بەڕێز ماموستادا، یەکێك لە رزگاربووان بە نوێنەرایەتیی ئەو ژمارە لە تێکۆشەرانی رزگاربوو کە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداربوون، سوپاسی حیزب‌و سەرجەم ئەو دڵسۆزانەی کرد کە بۆ رزگاربوونیان لە زیندان‌و دەرچوون لە حوکمی داسەپاوی ئێعدام بەسەریاندا، یارمەتییان داون.

رێوڕەسمەکە بە بەرێوەچوونی چەند بەرنامەی هونەری لەلایەن کۆڕی هونەریی حیزبەوەو بە هەڵپەڕکێی کیژان‌و کوڕانی لاو، چەند ساعەت درێژەی کێشاو لەنێو شادی‌و خۆشحاڵیی کەموێنەی بەشداراندا، کۆتایی پێهات.

## گیراوەکانی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی کوردستان دەبێ بێ هیچ مەرجێك ئازاد بکرێن


٦ حیزب‌و رێکخراوی سیاسیی کوردو ئێرانی لە لە راگەیەندراوێکی هاوبەشدا وێڕای پشتیوانی دەربڕینی خۆیان لە هاوپێوەندیی خەڵکی کوردستانی ئێران لەگەڵ خوشك‌و براکانیان لە کوردستانی عێراق، داوایان کردوە گیراوەکانی خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایی‌یانە لە کوردستانی ئێران دەستبەجێ‌و بەبێ هیچ مەرجێك ئازاد بکرێن.

٨


عێراقێکی نوێ، ئەزموونێکی گرنگ بۆ داهاتوویەکی نزیك ٣
خوێندنەوەی دوو دیمەن ٣
لە ٥٨ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتدا ٥
کوردو نەورۆز ٩
ئاوڕدانەوەیەك لە کێشەی ژنان‌و هۆکارەکانی ٩
وڵامێك بە بابەتێکی سایتی "بازتاب" ١٠
لە پێوەندی لەگەڵ مانگرتنەکانی ئەم دوایانەی مامۆستایاندا ١١


دنیای منداڵان ژمارە ٢١





# پەیامی نەورۆزیی سكرتێری گشتیی حیزب

**هاونیشتمانە بەڕێزەكان!**
**خەڵكی تێكۆشەری كوردستان!**
**گەلانی بەشخوراو و تینووی ئازادیو بەرابەری لە ئێراندا!**
**ژنانو لاوانی خەباتگێڕ!**
**مامۆستایان، كارمەندان، كرێكاران، جووتیارانو چینو توێژە تێكۆشەرو ئازادیخوازەكانی كۆمەڵی ئێران!**

دیسان ساڵێكی دیكە بەسەر ژیانی خەڵكی ئێران لە سێبەری دەسەڵاتی شوومی كۆماری ئیسلامیدا كۆتایی هاتو بە پێشوازی ساڵێكی تازەوە چووین. ساڵی ١٣٨٢ بۆ گەلانی ئێران ساڵێكی پڕ رەنجو كوێرەوەری، پڕ هەوڵو تێكۆشان، پڕ لە هەورازو نشێو پڕ لە ئەزموونو تاقیكردنەوە بوو. كۆماری ئیسلامی لەم ساڵەشدا وەك ساڵانی رابردووو زیاتریش زەبرو زەنگی نواند، جینایەتی خولڵقاندو زیانی رووحیو رەوانیی بە خەڵكی وڵاتەكەمان گەیاند. هەر لەو رێگایەشەوە چەندی بمانەوێ باشتر نێوەرۆكی كۆنەپەرستانەو ئازادیكوژانەی خۆی بە دنیا ناساند. ئێوە لە ساڵی رابردوودا، لە بواری لێكدانەوەی سیاسیدا پلەیەكی بەرزی ئاگاییو لە مەیدانی خەباتو بەربەرەكانیدا ئەوپەڕی ئازاییو نەترسیتان لە خۆتان نیشان دا. بە ئاگاییەوە هەموو گومانێكتان لەبارەی گونجانی ریفۆرم لە چوارچێوەی كۆماری ئیسلامیدا لە خۆتان دوور خستەوەو بە ئازاییەوە ریزی خۆتان لە ریزی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە تەواوەتی خۆیدا جیا كردەوە.

لە رەوتی وەڕێخستنی شانۆسازیی هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەمدا دەستەو تاقمە جیاوازەكانی نێودەسەڵات وادەو بەڵێنو هەڕەشەو گوڕەشەو زێرو زۆرو ریاو تەزویرو هەموو ئامرازێكیان بەكار هێنا تا ئێوە خەڵكی وشیارو بێداری ئێران بە لاڕێدا بەرنو بەرەو سندووقەكانی هەڵبژاردن پەلكێشتان بكەن. بەڵام ئێوە بەوانو بە دنیاتان نیشان دا كە ئاگاتر لەوەن بە فریو بچنو ئازاتر لەوەن بەچۆكدا بێن. ئاكام ئەوە بوو كە شانۆسازیی هەڵبژاردن بە كەسادیو بێبرەوی دەستی پێكردو بە ریسوایی كۆتایی هات. دواكەوتووترین توێژەكانی نێو دەسەڵات خۆیان لە هەڵبژاردنی دەورەی حەوتەمدا بە سەركەوتوو دەزانن. لە حاڵێكدا دنیا شاهیدی دەدا كە خەڵكی ئێران بە جیاكردنەوەی ریزی خۆیان لە تەواوەتی تاقمەكانی نێودەسەڵات گەورەترینو بەژانترین زەبریان لە پەیكەری كۆماری ئیسلامی داوەو هەموو پەردەیەكی ریاو تەزویریان لەسەر روخساری دزێوو دژی ئینسانیی ئەو رێژیمە وەلا داوە. هەزاران سڵاوو ئافەرین بۆ ئەو ئاگاییو وشیارییە.

**خەڵكی ئێران بە جیاكردنەوەی ریزی خۆیان لە تەواوەتی تاقمەكانی نێودەسەڵات گەورەترین و بەژانترین زەبریان لە پەیكەری كۆماری ئیسلامی داوەو هەموو پەردەیەكی ریا و تەزویریان لەسەر روخساری دزێو دژی ئینسانیی ئەو رێژیمە وەلا داوە**

لە سایەی ئەم هەڵوێستە بێدارانەو یەكپارچەیەدا ئەمڕۆ كۆماری ئیسلامی لە رادەی جیهانیدا وەك هەیە ناسراوەو خەڵكی دنیا وەك رێژیمێكی رووەو نەمان سەیری دەكەن. هەربۆیەش جیهانییان چاو بۆ ئاڵترناتیوی كۆماری ئیسلامی دەگێڕنو كەوتوونەتە بیری رێكخستنی پێوەندییەكانیان لەگەڵ نوێنەرانی راستەقینەی خەڵكی ئێرانو دوارۆژی ئەو پێوەندییانە لە بوارەكانی سیاسی، دیپلۆماسی، ئابووریو بوارەكانی دیكەدا. ئێستا ئیدی كەس هەوڵ نادا لە نێو سەرانی كۆماری ئیسلامیدا كەسی پراگماتیكو واقیعبینو ریفۆرمخواز! وەبینێ. هەموو تێگەیشتوون ئەم نیزامە لە تەواوەتی خۆیدا نیزامێكی دواكەوتووی دژ بە پێوانەكانی ئەم دەورو زەمانەیەو لە مێژە هەروەك لاوانی پێگەیشتووی وڵاتەكەمان دەڵێن: "تاریخی مەسرەفی بەسەر چووە".

لە دوارۆژی ساڵی ١٣٨٢ داینو رۆژی شەممە پێ دەنێینە ساڵێكی نوێ لە ژیانی سروشتیو سیاسیو كۆمەڵایەتیو خەباتگێڕانەمان. بەو بۆنە پیرۆزەوە ئیزن دەخوازم لەلایەن خۆمو ئەندامانی دەفتەری سیاسیو كۆمیتەی ناوەندیو تێكڕای تێكۆشەرانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانەوە گەرمترین پیرۆزبایی پێشكێشی هەموو ئێرانییەكان لە ژوورەوەو دەرەوەی ئێران، كۆمەڵانی نەتەوەی كورد لە هەموو بەشەكانی كوردستانو هەموو ئۆگرانی نەورۆزو بەهارو نوێبوونەوە لە سەرانسەری جیهاندا بكەمو بۆ هەمووان لە ژیانی ئاساییدا بەختەوەریو لە ژیانی خەباتكارانەدا سەركەوتن بەئاوات بخوازم. هیوای منو هاوسەنگەرانمو هەموو ئاشقانی ئازادیو دێموكراسی ئەوەیە كە نوێبوونەوەی ساڵی كۆچیی هەتاویو داهاتنی نەورۆزی پیرۆز سەرەتای خەزانو گەڵاڕێزانی تەمەنی دیكتاتۆریو كۆنەپەرستی لە وڵاتە خۆشەویستەكەمانو لە هەموو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو لە سەرانسەری جیهاندا بێ.

**گەلانی بەشەرەفی ئێران!**

ئێمە لەگەڵ یەكەمین تیشكی هەتاوی نەورۆزیدا پرشنگی هیوا بەدی دەكەین، لە یەكەمین چریكەكانی بولبولی بەهارانو خوڕەی ئاوی رووبارو جۆبارەكاندا سروودی ئازادیمان بەرگوێ دەكەوێو لەگەڵ بۆنی سوێسنەو هەڵاڵەی بەهاری ئەمساڵدا، بۆنی سەربەستیو كەمەرانی دەكەین. خەباتی خەڵكی ئێمە بۆ ئازادی كەوتۆتە قۆناخێكی نوێوە، قوناخی وشیاریو بەرچاوروونی، قۆناخی رەوینەوەی تەمومژو گومان، قوناخی لێك جیاكردنەوەی دۆستو دوژمنو قوناخی یەكگرتنو پاڵوێكدان. ئەم قۆناخە لە هەوڵو تێكۆشانی ئازادیخوازانەمان سەرنجی هەموو كۆڕو كۆمەڵە جیهانییەكانی بۆلای خۆی راكێشاوەو تێكڕای ئۆگرانی ئازادیو دێموكراسی بە چاوی هیواو رێزو ئافەرینەوە لێی دەڕوانن. ئازایەتیو شێلگیریو هەر لەو كاتەدا پشوودرێژیی رێبوارانی رێگای رزگاری لە ئێراندا بۆتە جێگای پشتیوانیی هەموو ئەو هێزو دەستەو لایەنانەی دڵیان بۆ ئازادی لێدەدا. ئێمە دوارۆژێكی روون لەبەر پێو لەسەر رێی ئازادیخوازانی وڵاتەكەمان دەبینین.

**ئەمساڵ لە هەلومەرجێكدا بە پیلی نەورۆزو ساڵی تازەوە دەچین كە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست كەوتۆتە بەردەم ئاڵوگۆڕێكی تازەوە، رەوتی رووخانی دیكتاتۆرییەكانو شلبوونی كۆتو زنجیری دیلی لە دەستو پێی گەلانی ئەم ناوچەیە هەر ساڵەو هەر مانگە هەنگاوێكی تازە بەرەوپێش هەڵدێنێتەوەو هەر رۆژە تیشكێكی تازەی هیوا بە سەركەوتن بەرچاوی رێبوارانی رێی ئازادی رووناك دەكاتەوە.**

ئەمساڵ لە هەلومەرجێكدا بە پیلی نەورۆزو ساڵی تازەوە دەچین كە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست كەوتۆتە بەردەم ئاڵوگۆڕێكی تازەوە، رەوتی رووخانی دیكتاتۆرییەكانو شلبوونی كۆتو زنجیری دیلی لە دەستو پێی گەلانی ئەم ناوچەیە هەر ساڵەو هەر مانگە هەنگاوێكی تازە بەرەوپێش هەڵدێنێتەوەو هەر رۆژە تیشكێكی تازەی هیوا بە سەركەوتن بەرچاوی رێبوارانی رێی ئازادی رووناك دەكاتەوە. شنەبای ئازادی لە ناوچەكەماندا هەڵی كردوەو ئەوانەی دەرگاو پەنجەرەكانیان لەسەر ئەم شنەبایە دادەخەن (كە بێگومان كۆماری ئیسلامی یەكێك لەوانە) یان لە نێو بۆگەنی كۆنیو كۆنەپەرستیدا دەخنكێن یان شنەبای ئازادی لێیان دەبێ بە گەردەلوولو كۆشكی دیكتاتۆرییان بەسەردا دەڕووخێنێ. ئازادیخوازانی ئێران هەر ئەوەندەیان ماوە هەنگاوەكانیان رێك خەن، لەسەر ئامانجە هاوبەشەكان پێك بگەنو خۆیان لەگەڵ هەلومەرجی تازەدا بگونجێنن.

**خەڵكی خەباتگێڕی كوردستان!**

خەباتی وشیارانەی ئێوەو چاونەترسیو كۆڵنەدانی رۆڵەكانتان لە پێش چاوی خەڵكی ئێرانو ناوچەو تەنانەت گەلانی ئازادیخوازی دنیاش شاراوە نیە. ئەم شێلگیریو بەردەوامییە سەرەڕای ئەو هەموو دڵڕەشیو سەركوتەی لەدژی ئێوە بەكار دەبرێ، رێزی جیهانییانی بۆ لای خۆی راكێشاوە. بیروڕای گشتیی جیهانیو كۆڕوكۆمەڵە سیاسییەكانو تەنانەت ناوەندەكانی بڕیاردانیش ئەمڕۆ لە هەموو كاتێك زیاتر بە سەرنجەوەو بەچاوی پشتیوانییەوە دەڕواننە خەباتی نەتەوەی كورد لە پێناوی داخوازە رەواكانیدا. ئەگەر تا چەند ساڵ لەمەوبەر مەسەلەی كورد تەنیا لەم یان لەو پارچەیەی كوردستاندا، ئەویش وەك پاشكۆی هێندێ مەسەلەی گەورەتر دەكەوتە بەر سەرنجی كۆڕوكۆمەڵە جیهانییەكان، ئەمڕۆ ئەم مەسەلەیە وەك یەكێك لە گرنگترین مەسەلەكانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ هەمووان ناسراوو ئاشنایەو هەموو لایەك تێگەیشتوون كە بەبێ چارەسەری مەسەلەی كورد كە پێوەندیی بە چارەنووسی دەیان میلیۆن كەس لە خەڵكی ئەم ناوچەیەوە هەیە، رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناتوانێ ئاشتیو ئاسوودەییو بەرقەراری بە خۆیەوە ببینێ. جێی خۆشحاڵییە كە هەر ئێستا دەبینین خەڵكی كوردستانی عێراق لە ئاكامی هەوڵو تێكۆشانی دەیان ساڵەی خۆیانو بە پشتیوانیی هێزە واقیعبینو ئازادبیرە عێراقییەكانو دەسەڵاتی كاتیی هاوپەیمانان بە بەشێكی گرنگ لە مافو ئازادییە رەواكانی خۆیان گەیشتوون.

"قانوونی بەڕێوەبەریی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناخی گوازتنەوە" كە رۆژی هەشتی مارسی ٢٠٠٤، رێكەوتی ١٨ی رەشەمەی ١٣٨٢ لەلایەن ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی عێراقەوە مۆر كراو بەحەق بوو بە مایەی خۆشیو شادمانیی هەموو كوردێكو بەتایبەتی لە كوردستانی ئێراندا بەشێوەیەكی ئەوەندە كەموێنە پێشوازیی لێكرا كە پشتی دوژمنانی بەختەوەریی گەلی كوردی لەرزاند، دەبێ وەك دەسكەوتێكی گرنگ نەك هەر بۆ كوردی عێراق، بەڵكوو بۆ هەموو عێراقییەكانو بۆ كوردی هەموو بەشەكانی كوردستانو بۆ هەموو گەلانی بەشخوراوی ناوچەكە سەیری بكرێ. ئەم قانوونە كە نوێنەرانی كورد لە ئەنجومەنی فەرمانڕەواییدا نەخشی بەرچاویان لە داڕشتنو پەسندكردنیدا هەبوو، بناخەیەكی پتەوی بۆ ژیانی برایانەو مافی بەرامبەریی هەموو نەتەوەو كەمایەتییە نەتەوەییەكانو دەستەو گرووپە جیاجیاكانی پێكهێنەری كۆمەڵی عێراق دامەزراندو نموونەیەكی باشی بۆ چارەسەری مەسەلەی میللیو یەكیەتیی دڵخوازانەی خەڵكی وڵاتانی فرەنەتەوەی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە دەستەوە دا.

دوژمنانی ئازادیو بەختیاریو پێكەوەژیانی دۆستانەو برایانەی گەلان لە ناوچەداو لە ریزی پێشەوەیان كۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵێكی زۆریان دا كەندو كۆسپ لەسەر رێی پەسندكرانی ئەم قانوونە دروست بكەن. بەڵام بە خۆشییەوە تێگەیشتنی قووڵی بەرپرسان لە ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی عێراقداو هەڵوێستی یەكپارچەو هەوڵی چالاكانەی ئەندامانی كوردی ئەنجومەنو پاڵپشتیی دەسەڵاتی كاتیی هاوپەیمانان هەموو ئەو هەوڵانەیان پووچەڵ كردەوەو قانوونەكە پەسند كرا. ناحەزانی ئەم قانوونە وا دەنوێنن كە گۆیا ئەم قانوونە كۆمەڵی عێراقی پارچە پارچە كردوە. لە كاتێكدا راست بە پێچەوانە، پەسندكرانی ئەم قانوونە یەكیەتیی عێراقییەكانی زۆر لە جاران مكومتر كردوەو ئەوەی دابەش بووە، دەسەڵاتی عێراقییەكانە كە هەقی هەموو عێراقییەكانەو هەر دەبێ بەسەر هەموو عێراقییەكاندا دابەش بكرێ. ئەمە زەمانەتێكە بۆ ئەوەی هیچ دەستەو تاقمێك لەو وڵاتەدا خۆی بە بێگانەو بە هاونیشتمانی پلەدووەم دانەنێو هەموو پێكەوە بۆ پێشخستنی وڵاتەكەیان بكەونە كار.

ئێمە لە كاتێكدا پیرۆزبایی ئەو سەركەوتنە لە هەموو عێراقییەكانو بەتایبەتی خۆشكو برا كوردەكانمان دەكەینو لە حاڵێكدا ئافەرین بۆ وشیاریو هاوپێوەندیی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانی ئێران دەنێرین، ئاواتەخوازین نێوەرۆكی ئەم قانوونە لە عێراقدا بە زوویيو بە وردی پیادە بكرێ، لە دوارۆژدا كەموكوڕییەكانی لەنێو ببرێنو بۆ هەتا هەتایە نابەرابەریو زوڵمو زۆر لەم وڵاتەدا بنەبڕ بكرێ. هەر لەو كاتەدا هیوادارین فیدرالیزەبوونی عێراق ببێتە نموونەیەك بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتی فرەنەتەوەی ئێمەشداو بە بەڕەسمی ناسرانی مافی بەرابەری هەموو گەلانی ئێران، هەم بێبەشیی زۆربەی دانیشتوانی ئێران، ئازەربایجانیو كوردو بەلووچو توركمەنو عەرەبەكان كۆتایی پێ بێو هەم دەنگی ناسازی تۆمەتی جیاوازیخوازی بۆ هەمیشە لە گەرووی شۆڤێنیستەكاندا كپ بكرێ.

**ئێرانییە بە شەرەفو ئازادیخوازەكان، كوردە تێكۆشەرو وڵاتپارێزەكان!**

لە بەرەبەری جەژنی نەورۆزدا سڵاو لە گیانی پاكی شەهیدانی دەستی زۆرداریو لە خەباتو بەربەرەكانیی هەموو رێبوارانی رێگای ئازادیو دێموكراسی دەكەم، دەستی شێرەژنانو گەورەپیاوانی تێكۆشەری ئەم رێگا پیرۆزە دەگوشم، سڵاو لە خۆڕاگریی زیندانییە سیاسییەكان دەكەمو لە دوورەوە قەڵافەتی كچانو كوڕانی خەباتگێڕی كورد لە باوەش دەگرم.

**جارێكی دیكە جەژنی نەورۆزتان پیرۆزو**
**هەموو رۆژێكتان نەورۆز**
**هەنگاوەكانتان پتەوتر، ئیرادەتان قایمترو**
**پشووی خەباتگێڕانەتان درێژتر،**
**بە ئومێدی نەورۆزی رزگاریو جەژنی**
**سەركەوتنو بەختیاری**
**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**
**٢٩ی رەشەمەی ١٣٨٢**
*******

## بەیاننامە بە بۆنەی مۆركرانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی كاتیی عێراق

درێژەی لاپەڕەی ١

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی كاتیی عێراق هەرچەند هەموو ویستو داخوازەكانی خەڵكی عێراق بە گشتیو گەلی كورد لە كوردستانی عێراقی بە تایبەتی لەخۆ نەگرتوە، بەم حاڵەش، رەسمییەت دان بە حكوومەتێكی كۆماری، فیدرالیو فرەییو لەبەرچاوگرتنی ئازادییە تاكەكەسییەكان، بەرەسمی ناسینی دوو زمانی عەرەبیو كوردی لە عێراقدا، هەروەها دابەش كردنی دەسەڵات لە نێو هەرێمو پارێزگاكانداو رێز دانان بۆ پێكهاتە نەتەوەیی، ئایینیو مەزهەبییەكانو دابین كردنی بەشێكی بەرچاو لە ئازادییە دێموكراتییەكانو لەنێوبردنی جیاوازیدانان لە نێوان دانیشتوانی وڵاتداو دانی نەخشی بەرچاو بە ژنان لە بنیات نانەوەی عێراقی نوێدا، بۆ گەلانی عێراقو كۆمەڵانی خەڵكی ئەو وڵاتە ئاڵوگۆڕێكی پیرۆزو هیوابەخشە. بەم بۆنەیەوە وێڕای پیرۆزبایی لە خەڵكی عێراق بەگشتیو گەلی ستەم لێكراو ئازار چێشتووی كورد بە تایبەتی، كە رۆڵێكی كاریگەری لە خەباتی دژی دیكتاتۆریدا گێڕاو نوێنەرانیشی لە مەجلیسی حوكمی عێراقدا هەوڵێكی كارسازیان بۆ چەسپاندنو سەرخستنی ئەم یاسایە لە خۆیان نیشان دا، ئاواتە خوازین كە ئەو یاسایە ببێتە بەردی بناغەی عێراقێكی دێموكراتیكو سارێژكەری زامەكانی گەلی كوردو هەموو خەڵكی عێراق. بێگومان هەموو ئازادیخوازانی جیهان بەگشتیو گەلی كورد لە پارچەكانی دیكەی كوردستان بە تایبەتی بە سەركەوتنی خەڵكی عێراقو بە ماف گەیشتنی گەلی كورد لە عێراق خۆشحاڵنو ئەو دەسكەوتە مێژووییە بە سەركەوتنی دێموكراسیو مافی گەلان بەسەر دیكتاتۆریو سەرەڕۆییدا دەزاننو هەر بەو پێیەش گەلی كورد لە ئێرانو حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە شادیو خۆشیی خوشكو برا كوردەكانیان لە كوردستانی عێراقدا بەشدارنو ئەو دەسكەوتە بە دەسكەوتی هەموو ئازادیخوازانو بە تایبەتی ئازادیخوازانی كورد دادەنێن.

مۆركردنی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی كاتیی عێراقو یاسایی بوونی بەشێكی بەرچاو لە مافو ئازادییەكانی خەڵكی عێراقو گەلی كورد لەو وڵاتە، لە هەموو خەڵكی عێراقو گەلی كورد بە تایبەتی پیرۆز بێ.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران**
**١٩ی رەشەمەی ١٣٨٢ی هەتاوی**
**٩ی مارسی ٢٠٠٤ی زایینی**

**بڕووخێ رێژیمی كۆنەپەرستی كۆماری ئیسلامیی ئێران**

# عێراقی نوێ، ئەزموونێکی گرنگ بۆ داهاتوویەکی نزیك

**قادر وریا**

٥٨ ساڵ لەمەوبەر کاتێك ژمارەیەك لە کەسایەتییە کوردەکانی کوردستانی تورکیە بەدوای راگەیەندرانی "جمهوری کوردستان"دا، بۆ پیرۆزبایی گوتنو خۆشحاڵی دەربڕین، چووبوونە خزمەت پێشەوا قازی محەممەد، پێشەوا لە پێشوازیی ئەواندا لەسەر پارچەیەك نووسیبووی "رووناکایی ئێرە لە دوارۆژدا بۆ ئێوەش تیشك دەداتەوە"[1] ئەگەرچی دوژمنانی ئازادیی گەلی کورد ـ رێژیمی پاشایەتی، ئاغاکانیو کۆنەپەرستیی نێوخۆ ـ ئەم کۆمارەیان جوانەمەرگ کردو نەیانهێشت پێشبینییەکەی پێشەوا وەڕاست گەڕێ، بەو حاڵەش پرشنگدانی کورتخایەنی ئەم ئەستێرە گەشە لە ئاسمانی مێژووی کورددا، شوێنەواری قووڵی لەسەر هەستو بیری نەتەوەیی رۆڵەکانی گەلی کورد، تەنانەت لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بەجێ هێشت. بە جۆرێك کە هەتا ئێستاش ئیلهامی لێ وەردەگرنو کردوویانە بە رەمزێکی پیرۆزی مێژووی خۆیانو، گیانی نەتەوەیییانی پێ بەهێز دەکەن.

ئەوەی لە ٨ی مارسی ئەمساڵ لە بەغدای پیتەختی عێراق روویدا، تەنیا بە وتەیەکی جوانی لە چەشنی ئەو وتەیەی پێشەوا قازی محەممەد دەتوانین گەورەییو گرنگییەکەی دەرببڕین. مۆرکرانی "قانوونی بەڕێوەبردی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا" ئەو بناغەیەیە کە عێراقی داهاتووی لەسەر بنیات دەنرێ: عێراقێکی کۆماری، فیدراڵی، دێمۆکراتیو فرەیی کە ئازادییە گشتیو تاکەکەسییەکانو مافە جۆراوجۆرەکانی عێراقییەکانو یەکسانیی ئەوان سەرەڕای جیاوازیی نەتەوەو ئایین، دابینو دەستەبەر دەکا.

ئەگەر بە ناخی شوێنەوارو دەرئەنجامو ئاکامەکانی ئەم دەسکەوتو سەرکەوتنەی عێراقییەکاندا شۆڕ بینەوەو، قۆناغو هەنگاوەکانی دوای ئەم رووداوە سیاسییە گرنگە بخوێنینەوە، قبووڵ دەکەین کە ئەمجارەیان خۆری ئازادی لە رۆژئاوای ئێرانەوە هەڵاتوە. تیشکی ئەو خۆرەش بە هیچ کەس لە سنوورە سیاسییەکانی عێراقدا بەربەست ناکرێو، وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەراستو یەك لەوان ئێرانیش دەگرێتەوە.

**یەکگرتوویی دوو ئیرادەو خۆنواندنی لە پێکهێنانی گۆڕانکارییەکی مێژووییدا**

مۆرکردنی "قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا"، ئەگەر لە لایەکەوە هەنگاو هەڵگرتنێکی گرنگە بۆ گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ عێراقییەکانو، رێگا بۆ کۆتاییهێنان بە داگیرکردنی ئەو وڵاتە لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانییەوە خۆش دەکا، لە سەرێکی دیکەوە، بەرهەمی ئەو ئاڵوگۆڕانەیە کە لە ئاکامی هێرشی ئەمریکاو هاوپەیمانان بۆ سەر رێژیمی پێشووی ئەو وڵاتەدا، پێك هاتن. لەم قسەیەڕا دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە: ١ـ بەبێ هێرشی ئەمریکاو هاوپەیمانانی بۆ سەر حکوومەتی عێراق، رێژیمی پێشووی ئەو وڵاتە نەدەڕووخاو، بەبێ رووخانی ئەو حکوومەتەش رێگا بۆ پێکهێنانی عێراقێکی نوێ ـ بەراستی ـ کۆماری، فیدراڵی، دێموکراتی وفرەیی خۆش نەدەبوو. ٢ـ ئەمریکاو هاوپەیمانانی کە تا ئێستاش دەسەڵاتو بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی عێراقیان بە دەستەوەیە، بەرژەوەندیان لە پێکهێنانی عێراقێکی نوێدایە کە سیماکەی لەم قانوونە تازە مۆرکراوەدا بەدی دەکرێ. هەر بۆیەش ئامادەن بە دوای پێکهاتنی دەوڵەتی کاتیو هەڵگیرانی هەنگاوە پێشبینیکراوەکانی دیکە، کۆتایی بە داگیرکردنی عێراق بێننو دەسەڵات بدەنە دەست نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەو وڵاتە.

هەر دووی ئەم ئاکامە وەرگرتنانە راستنو لەگەڵ راستییەکاندا هیچ ناتەباییەکیان نیە. بەڵام هەڵەیەکی زۆر گەورەیە ئەگەر لەو ئاکام وەرگرتنانە، بگەینە ئەو ئاکامە کە عێراقێکی نوێ کە خەریکە لەم رۆژانەدا لەدایك دەبێ، بەرهەمی ویستو ئیرادەی عێراقییەکان نیەو لەگەڵ داوا لە مێژینەکانی ئەوانو تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەیاندا، ناتەبایی هەیە. ئەم قانوونەی لە ٨ی مارسی ئەمساڵدا لە لایەن "ئەنجومەنی حوکم"ەوە پەسند کرا، "راستە هەر لایەنێك هەموو ئەوەی بەدەست نەهێنا کە دەیەویست، بەڵام عێراقییەکان هەموو پێکەوە ئەوەیان وەدەست هێنا کە چەندان ساڵ بوو، لە پێناویاندا خەباتیان دەکرد."[2] ئەگەر عێراقی پێشوو بە هۆی سیستەمێکی دیموکراتیك، فیدراڵیو پلۆرالیستیو بەپێی قانوونێك بەڕێوەچووبا کە داننان بە جۆراوجۆریی خەڵکی عێراقو دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەو ئایینە جۆراوجۆرەکانو، ئازادییە تاکەکەسیو کۆمەڵایەتییەکانی تێدابا، تووشی ئەو چارەنووسە نەدەبوو. عێراقی پێشوو، ئەو وڵاتە بوو کە بۆ ماوەی چەند دەیە، شاهیدی سەرکوتو قەڵاچۆی دانیشتوانی بە هۆی حکوومەتی دیکتاتوری ئەو



وڵاتەوە بوو. زۆر جاریش رۆڵەکانی دەبوونە قوربانیی فراوانخوازیو سیاسەتە شەڕخوازانەکانی دیکتاتوری وڵاتو، لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا بە کوشت دەدران. عێراقی پێشوو وڵاتی پێکەوە هێشتنەوەی گەلو نەتەوەو ئایینی جۆراوجۆر بەڵام بە زەبری سەرکوتو ژنۆساید بوو. عێراقی تازە عێراقی پێکەوە مانەوەی کوردو عەرەب، شیعەو سوننی، کلدانیو ئاشوریو تورکمەنو هتد، لەسەر بنەمای هەستکردن بە یەکسانیو رێزگیران لە مافو ئازادییەکانیان دەبێ. خەبات لە پێناوی گەیشتنی بە عێراقێکی ئەوتۆدا زۆر پێش ئەوەی ئەمریکاو حکوومەتی عێراق بکەونە دوژمنایەتیی یەکتر، لە نێو عێراقییەکان بە تایبەتی لە نێو گەلی خەباتگێڕو ئازادیخوازی کورددا هەبوو. کەوابوو ئەو دەسکەوتەی عێراقییەکان ئەمڕۆ پێی گەیشتوون، بەر لەوەی ئاکامو دەرئەنجامی شەڕی ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەگەڵ حکوومەتیعێراقدا بێ، بەرهەمی خەباتی خوێناویو چەندین ساڵەی عێرقییەکانو لە پێشەوەی هەمووشیانەوە، کوردەکانی ئەو وڵاتەیە. جا ئەگەر لایەنێك بەبێ خەباتو تێکۆشانێکی زۆر لە رابردوودا، ئەمڕۆ دەبێتە خاوەنی ئەو مافانەی کە لەو قانوونە تازەیەدا هاتوون، هیچ لەو راستییەی سەرەوە ناگۆڕێ.

**شوێنەوارەکانی پێکهاتنی گۆڕانکاری لە عێراقدا، هەر بەو وڵاتەوە ناوەستێ**

لە دراوسێیەتیی عێراقو لە رۆژهەڵاتی نێوەراستدا کە عێراقی لێ هەڵکەوتوە، کۆمەڵێك وڵاتی دیکە هەن کە دانیشتوانیان وەك عێراقییەکان ساڵانێکی زۆر بە هۆی سیستەمێکی دیکتاتۆرو دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆوە، لە سەرەتاییترین مافو ئازادییەکانیان بێبەش کراون. هێندێك لەو وڵاتانەش لە باری جۆراوجۆربوونی دانیشتوانیانەوە، لە عێراق دەچن. یانی دانیشتوانیان سەر بە نەتەوەو ئایینی جۆراوجۆرن. بێبەشیی ئەندامانو پەیرەوانی ئەو نەتەوەو ئایینە جۆراوجۆرانە لە مافەکانی خۆیان، هەمیشە هۆیەك بووە بۆ سەقامگرتوویيو بەردەوامی شەڕو نائارامی. ئەگەر نێوە نێوەش، کێشەی نەتەوایەتیو ناکۆکییە قەومیو ئایینییەکان دامرکاون، هی ئەوە نەبووە کە لەسەر بناغەی دادپەروەرانە چارەسەر کراون، بەڵکوو بە زۆرو سەرکوت، بۆ ماوەیەك بێدەنگ کراون. گومانی تێدا نیە کە دانیشتوانی هەر کام لە وڵاتانی دراوسێی عێراقو رۆژهەڵاتی نێوەراست کە چەندین ساڵە ئارەزوو و مەراقی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد، دابین بوونی مافەکانی ژنان، هەبوونی ئازادیی بیروڕا دەربڕینو چاپەمەنیی ئازادو دیتنی بناغەکانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنییان، لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتوە، دەکەونە ژێر شوێنەواری ئەزموونی عێراقی نوێ. بۆ وێنە کوردەکان لە تورکیە، ئێرانو سوریە ناتوانن لەو دەسکەوتانە کە کوردەکان لە عێراق وەدەستیان هێناون خۆشحاڵ نەبنو ئیلهامی لێ وەرنەگرن. یا ژنانی ئێران ناکرێ بەرەوسەر چوونی مەوقیعییەتی ژنانی عێراق لە دراوسێیەتیی وڵاتی خۆیاندا نەبینو ئاستی داواو چاوەڕوانییەکانی خۆیان لە ژێر کاریگەریی ئەو ئاڵوگۆڕەدا، نەبەنە سەر.

بەڵام ئەگەر هەلومەرجی وڵاتانی دەوروبەری عێراقو رۆژهەڵاتی نێوەراست بە گشتی، وەك هۆکارێکی نێوخۆیی ئەوان دابنێین کە هیچ رێگایەکی دیکەی غەیری ملدانی حکوومەتەکانیان بۆ ئاڵوگۆر، یا رووخان ناهێڵێتەوە، هۆکاری دەرەکییش لە خزمەت پێکهاتنی گۆڕانکاری لەو وڵاتانە دایە. ئەمریکا لە یەك دوو ساڵی رابردوودا نەیشاردۆتەوە کە بنبڕبوونی تیرۆریزمو توندڕۆیی ـ دوو مەترسیو هەڕەشەی گەورە بۆ سەر بەرژەوەندەکانی خۆی، وڵاتانی گەورەی سنعەتیو جیهانی پێشکەوتنخواز ـ لە گرەوی پێکهاتنی ئاڵوگۆری بەرین لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دایە. بەبێ پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بە قازانجی دێموکراسی، پەرەگرتوویی سیاسیو ئابووریو پێکهاتنی کۆمەڵگەی مەدەنی، تیرۆریزمو توندرەوی کە ئەم ناوچەیە زێدو لانکەی سەرەکییانە، درێژە بە مانەوەی خۆیان دەدەن. ناشکرێ پشتیوانیی رێژیمی ئێران لە دەستەو تاقمی تیرۆریستو بنیاتگەراکان ـ راستییەکی کە بۆ هەموو دنیا دەرکەوتوە ـ لە ئەمریکا شاراوە مابێتەوە. لەوەشدا هیچ گومانێك نیە کە گۆڕانکاری لە نێوخۆی ئەو وڵاتانەدا، دەبێ بە هۆی خودی خەڵکی ئەوانەوە پێك بێن، ئەگینا سەرکەوتوو نابن. بۆیە مەنتیقییە کە لەمەودوا هەم هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆر لە لایەن خەڵکی ئەو وڵاتانە پەرەبستێنێ، هەم پشتیوانیی دنیای دەرەوەو لە سەرووی ئەو دنیایەوە، ئەمریکا لەو هەوڵانە، راشکاوانەترو بە شێوەیەکی کاریگەرتر خۆی دەرخا. بە زۆر هۆو نیشانەش حکوومەتەکانی ئێرانو سوریە کە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی وەك یەکیان، چ لە سیاسەتی نێوخۆیی، چ لە سیاسەتی دەرەوەیاندا، هەیەو هەر دووشیان دراوسێی عێراقن، زووتر لە وڵاتانی دیکە دەکەونە سەر دوو رێیانی ملدان بۆ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی، یا وەستان بە دژیو، لە ئاکامدا رووخان.

***

٥٨ ساڵ لەمەوبەر، کاتێك پێشەوا قازی محەممەد پێشبینیی دەکرد تیشکی ئەو خۆرەی لە مەهاباد هەڵاتبوو، بەزوویی بەشەکانی دیکەی کوردستان بگرێتەوە، ئەمریکاو هاوپەیمانانی پشتی رێژیمی شاو کۆنەپەرستیی نێوخۆیان گرت تا بتوانن کۆماری کوردستان جوانەمەرگ بکەنو نەهێڵن ئەو خۆرە پرشنگی خۆی بڵاو بکاتەوە. بەڵام، ئەمریکای ئەمڕۆو هاوپەیمانەکانی ئێستای، نەك هەر لە پرشنگدانەوەی ئەو خۆرەناترسن کە لە بەغداوە هەڵاتوە، بەڵکوو بەرژەوەندیان لەوە دایە تیشکەکانی ئەم خۆرە هەموو رۆژهەڵاتی نێوەراست دابگرێ. ئەم راستییەش هومیدی ئێمە بەبێ ئاکامیی پەلەقاژەی شەمشەمە کوێرەکانی ناوچە کە چاویان بە تیشکی ئەو خۆرە هەڵنایە، زیاتر دەکا.

**سەرچاوە:**

١) چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، بەرگی یەکەم، عەبدولڕەحمان قاسملوو، چاپی دووهەم، لاپەڕەی ٨٠، ،

٢) وەرگیراو لە دەقی قسەکانی بەڕێز مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستانو ئەندامی ئەنجومەنی حوکم لە رێورەسمی ئیمزاکردنی "قانوونی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا". رۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٣٨١، ٩ی ئاداری ٢٠٠٤

❊ ❊ ❊

# خوێندنەوەی دوو دیمەن

**ئامانج**

ئەو دوو دیمەنە دیارو درەشاوەیە لە هاوپێوەندیی نەتەوەیی کە لە ماوەی چڵ رۆژدا، لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی ئێرانو بە بۆنەی هاوپێوەندی نیشاندان لەگەڵ رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق، کەوتنە بەرچاوان جیا لەوەی دوو دیمەنی درەوشاوەنو درێژکراوەو هاوشێوەی ئەو دیمەنانەشن کە پێشتریش بەرچاوکەوتوون، لانیکەم مێژوویەکی بە قەت مێژووی خەباتی مافخوازانەو رزگاریخوازانەی هاوچەرخی کورد لە پارچەکانی کوردستانیان هەیە. رەنگە سۆزدەربڕینی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ قوربانیانی کارەساتی هەڵەبجە (١٩٨٨)و ئاوارەکانی کۆڕەوە میلیۆنییەکەی خەڵکی کوردستانی عێراق(١٩٩١)و نارەزایەتی نیشاندان دەرهەق بە کردەوەی دزێوی رفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان (١٩٩٩)، نزیکترینی ئەو دیمەنانە بن. سەرجەمی ئەو دیمەنانە وێڕای ئەوەی گوزارە لە راستیی حاشاهەڵنەگری هاوپێوەندیو هاوسۆزی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەکەن، لە هەمان کاتیشدا نیشانەی دیاری گەشەی هەستو هۆشیاری نەتەوەییو ناسنامەخوازیشن. لەم چەند دێڕەدا هەوڵ دەدەین بە خوێندنەوەیەکی کورتی ئەو دوو دیمەنە تیشك بخەینە سەر سەرجەم ئەم دیمەنانە:

**دیمەنی یەکەم: هاوخەمی نیشاندان لەگەڵ کەسوکاری قوربانیانی کارەساتی تیرۆریستیی رۆژی ١ی فێوریەی شاری هەولێرو خەڵکی کوردستانی عێراق“**

لەم دیمەنەدا ئەگەرچی بەرچاوترین دیمەن بریتییە لە هاوخەمی نیشاندانو هاودەردیکردن لەگەڵ کەسوکاری قوربانیانو خەڵکی کوردستانی عێراق، بەڵام هەر لە هەمان حاڵیشدا هەڵگری نیوەڕۆکگەلێکی دیکەشە. ١ـ لێرەدا خەڵکی کوردستانی ئێران هاوکات بێزاریی خۆیان لە تیرۆرو بەتایبەت تیرۆری روو لە کورد دەدەبڕنو لە بەرەی دژە تیرۆدا خۆیان دەبیننەوەو بەو مێژووەدا دەچنەوە کە لە درێژایی ئەودا ناحەزانو دژمنانی کورد بە بەکارهێنانی میتۆدە تیرۆریستییەکان لە پەنا میتۆدەکانی سەرکوتکردندا، هەوڵیان داوە کورد بێدەنگ بکەن. ٢ـ هەر لە رێگای ناسینی ئامانجەکانی ئەم کردەوە تیرۆریستییانەشەوە دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە، بێجگە لە نەیارە سوننەتییەکانی کوردو مافەکانی، دەستەو لایەنێکی دیکەش وەك نەیاری ئەوو نەیاری بەرژەوەندییەکانی بە بەرەی نەیارانی کوردو ئامانجەکانی کوردایەتی زیاد بوون، کە ئەوانیش دەستەو تاقمە بناژۆ ئیسلامییەکانن. ٣ـ ئەگەر ناحەزانو نەیاران، دەسکەوتەکانی کوردیان کردۆتە ئامانجو دەستیان لێوەشاندوەو بەشێك لە رۆڵەکانی کوردیان ماتەمبار کردوە، ئەوە سروشتییە ئەوان (خەڵکی کوردستانی ئێران) بە هاوخەمی نیشاندان لەگەڵ خەڵکی کوردستانی عێراقی پەرۆشیی خۆیان بۆ زیان دیتنی دەسکەوتەکانی کورد کە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا رەنگیان داوەتەوە، نیشان بدەن.

لەم دیمەنەدا کورد لە کوردستانی ئێران جیا لەوەی لە زامهەڵگرتنی بەشێك کە جەستە یەکگرتووەکەی ئازار دەچێژێ، لە بەرانبەر ئەو زەبرەی لە دەسکەوتە نەتەوەییەکانی کەوتووە بە پەرۆشەو بەرانبەر بە دژمنانی کوردو بەرژەوەندییەکانی هەڵوێست دەگرێو بە راشکاوی بێزاری دەردەبڕێ.

**دیمەنی دووهەم، شادیکردنی خەڵکی کوردستانی ئێران بە بۆنەی چەسپانو زامنکرانی بەشێك لە مافەکانی خەڵکی کوردستانی عێراق لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کاتیی عێراقدا“**

شادیکردن بە بۆنەی بە ماف گەیشتنی بەشێك لە رۆڵەکانی کورد، جیا لە لایەنی هاوپێوەندی (کە لە دیمەنی یەکەمدا باسمان لێوەکرد)، شێوەیەکە لە شێوەکانی گوزارەکردن لە بێمافیو چەوساوەیی. دیارە ئەو حاڵەتی گوزارەکردنەش کاتێك باشتر دروست دەبێ کە پێشتر بە شێوەیەکی قووڵ هەست بە بێمافیو چەوساوەیی کرابێو هۆشیاری سەبارەت بە خودی نەتەوەیی دروست بووبێ. کەواتە لێرەداو بە سەرنجدان بەم خاڵەی باسی لێوەکرا دەتوانین بڵێین ئەم دیمەنەو دەرکەوتنی خەڵکی کوردستانی ئێران لە ئاستێکی بەریندا لە دیمەنێکی ئەوتۆدا خۆی لە خۆیدا کردەوەیەکی هاوهەنگاوی خەڵکیانەو مافخوازانەیە کە راست رووی لە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێرانە. بە دەرك کردنی ئەم راستییەیە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر زوو زەنگی مەترسی بۆ هێزە سەرکوتکەرەکانی لێدەداو ئەو هێزانەش بە هەموو توانای خۆیانەوە دەکەونە سەرکوتکردنی خەڵکی بەشدار لەو دیمەنەدا. لێرەدا بۆ دۆزینەوەی راستیی ئەم گوتەیە دوو نموونە دێنینەوە. یەکەم: خەڵکی شاری مەهاباد بەدوای ئیمزاکرانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کاتیی عێراق وێڕای ئەوەی دەڕژێنە شەقامەکانو شادی دەکەن، بە کۆمەڵو لە رێپێوانێکی چەند هەزار کەسیدا دەچنە سەر گڵکۆی شەهید پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم رێبەری بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستانی ئێران لە مێژووی هاوچەرخداو دامەزرێنەرو سەرکۆماری کۆماری کوردستانو، بە نیشانەی وەدیهاتنی بەشێك لە ئاواتەکانی پێشەوا، دەستەگوڵ دەخەنە سەر گڵکۆکەیو رێز لە یادی دەگرن.

دووهەم: هەر لە جەریانی شادی دەربڕینێکی هاوشێوە لە شاری مەریوان خەڵك وێڕای چڕینەوەی دروشمی نەتەوایەتی، پەیکەری حوسێن فەهمیدە، یەکێك لە سومبولەکانی دەسەڵاتی نامۆو دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامی دێننە خوارێو ئەو پەیامە بە گوێی کاربەدەستانی رێژیمی ئیسلامیدا دەدەن کە لە خۆتو لە هیماکانی دەسەڵاتدارەتیت بێزارین، دەمانەوێ خۆمانەو کوردانەو سەربەستانە بژین.

جگە لەوانەی گوترا، دیمەنی دووهەم خاوەنی تایبەتمەندییەکی دیکەشە کە دەکرێ بەم شێوەیە باسی لێوە بکەن. دیمەنی دووهەم چونکە بەدوای دیمەنی یەکەم کە دیمەنێکی خەمئامێز بوو دادێ، ئەم سروشت یان تایبەتمەنییانەشی هەبوو کە لەودا، بە هەلتوانی سەرکەوتنێك کە راستەوخۆ پێوەندیی بە کوردستانی عێراقەوە هەیە، ناسۆرو برینەکانی کارەساتێك کە پێوەندیی بە هەمان بەشی کوردستانەوە هەیە سارێژ بکرێنەوە.

**دەرەنجام:**

هەردووکی ئەم دیمەنانە دوو دیمەنن لە هاوپێوەندیی نەتەوەیی کە هاوپێوەندیو هاوخەمیو هۆشیاریی نەتەوەییو مافخوازیی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران باکگراوەندەکانی پێك دێنن.

ئەمجۆرە دیمەنانە، دیمەنگەلێکن لە هاتنە مەیدانی نەتەوەیی کە بەردەوام لە زیادبووندان. کردەوەی کوردێکی خەڵکی شاری مەهاباد (سەید رەحمان سەیدغەفووری) بۆ بڕینی مەودای نێوان شاری مەهاباد تا هەڵەبجە بە پیادەو هەڵگرتنی ٥هەزار لقە گوڵو هەروەها کردەوەی چەند دووچەرخەسواری سەردەشتی بۆ ئامادەبوون لە ساڵوەگەڕی کارەساتی هەڵەبجەدا نوێترین نموونەن لە دیمەنگەلی لەو بابەتەو بە نێوەرۆکی نەتەوەییەوە، کە دەکرێ لە دەرەتانێکی دیکەدا باسیان لێوە بکرێ.

❊ ❊ ❊

# ڕێوڕەسمێك بەبۆنەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

لــە پەنجاوهەشــتەمین ســاڵرۆژی دامەزرانی یەکیـەتیی ژنـانی دێـموکراتی کوردســـتانی ئێـــراندا، کۆمیتـــەی بەڕێوەبەریی ئەو یەکیەتی‌یە، ڕێورەسمێکی بەرینی سیاسی‌و هونەری لـە یـەکێك لـە بنکـەکانی دەفتـەری سیاسـیی حیزبـی دیموکرات بەڕێوە برد. لەو ڕێورەسمەدا کـە سەدان ژن‌و پیاوی دیموکرات بەشدار بوون، کۆمەڵێك وتارو پەیامی سیاسـی‌و چـەند بەرنامــەی هونــەری (ســروود، گــۆرانی‌و شانۆ) پێشکێش کران.

ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایـەتیی "ئـەی ڕەقیـب" دەسـتی پـێ‌کرد. دواتـر پێشکەشــکەری بەرنامــەکان، خــاتوو سوهەیلا قـادری ئەنـدامی بەڕێوەبـەریی یەکیەتیی ژنان، داوای لە بەڕێز کاك بابـا عەلی مێهرپـەروەر، ئەنـدامی دەفتـەری سیاسیی حیزبی دیموکرات کرد کە وتـاری دەفتەری سیاسی بەم بۆنەیەوە پێشـکێش بکا.

هاوڕێ مێهرپەروەر لە وتارەکـەی‌دا، بـــەڕێزەوەو وەك بایەخـــدانی حیزبـــی دیمـــوکرات‌و کۆمـــاری کوردســـتان بـــە مەســـەلەی ژنـــان، یـــادی بیرەوەریـــی دامــەزرانی یەکیــەتیی ژنــانی دیمــوکراتی کوردستانی کردەوەو بەم بۆنەوە پیرۆزبایی لە یەکیـەتیی ژنـان کـرد. ڕاشـی‌گەیاند، حیزبی دیموکرات هەروا کـە لـە درێـژایی تەمــەنی‌دا پشــتیوانی ویســت‌و داخــوازە ڕەواکــانی ژنــان بــووەو پشــتی خــەبات‌و تێکۆشــانی ژنــانی گرتــوەو لــە هــیچ هاوکاری‌یەك لەگەڵ یەکیەتیی ژنان درێغی نــەکردوە، لــە داهــاتووش‌دا لەســەر ئــەو ڕێبازە بەردەوام دەمێنێتەوە.

بەدوای پەیامی بەڕێز کاك باباعـەلی مێهرپەروەر، خـاتوو کوێسـتان فتـووحی ئەنـدامی هەیئـەتی ئیجرایـی کومیتـەی بەڕێوەبەریی یەکیـەتیی ژنـانی دیمـوکراتی کوردســتانی ئێــران، پــەیامی کومیتــەی بەڕێوەبەریی بـە بـۆنـەی پەنجاوهەشـتەمین سـاڵرۆژی دامـەزرانی ئـەو یەکیەتی‌یـە، پێشکێش کـرد. کومیتـەی بەڕێوەبـەریی یەکیـــەتیی ژنـــان، دامـــەزرانی ئـــەو یەکیەتی‌یەی لە ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤دا وەك نیشـــانەیەك لـــە دیموکراتبـــوون، دووربینـــی، پێشـــکەوتوویی حیزبـــی دیمـــوکرات‌و کۆمـــاری کوردســـتان ئامـــاژە پـێ‌کردبووو، بـە بیرەوەری‌یـەکی شـایانی ڕێزلێگرتن‌و شانازی پێوەکردن بۆ هـەموو ژنانی کوردو خەڵکی کوردستان بە گشتی ناوبردبوو.

پـــەیامی کومیتـــەی بەڕێوەبـــەری ئاوڕێکیشی لە ژیان‌و خەبات‌و تێکۆشانی ژنان لە ئێران‌و کوردستانی ئێران دابـۆوەو خۆشحاڵی لەوە دەربڕیبوو کە ژنانی ئێران، گەیشـتن بـە مـاف‌و ئازادی‌یـەکانیان لـە گـرەوی نـەمانی کۆمـاری ئیسـلامی‌و، سەرکەوتنی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی دا دەبینن‌و بۆخۆشیان بـە ویسـت‌و داوای ڕوونەوە لەو بزووتنەوەیەدا بەشدارن.

لــە درێــژەی ڕێوڕەسمەکــەدا هــاوڕێی بــەڕێز کــاك جــەلیل گــادانی ئەنــدامی کومیتــەی ناوەنــدیی حیزبــی دیمــوکرات‌و بەرپرسی بنیاتی پشتیوانی لە ڕێکخـراوە دیمۆکرات‌و سـینفی‌یەکان، پـەیامی ئـەو بنیاتەی بـە بۆنـەی ٢٤ی ڕەشـەمە ڕۆژی دامــەزرانی یەکیــەتیی ژنــانی دیمــوکرات پێشکێش کـرد. بـەڕێز کـاك جـەلیل لـە بەشێکی پەیامەکەی‌دا وێـڕای خۆشـحاڵی دەربڕین لە دەسکەوتەکانی گەلی کورد بە شوێن پەسندکرانی قـانوونی بـەڕێوەبردنی دەوڵەتی کاتی لە عێراق‌دا، ئامـاژەی بـە هەڵوەشـــاندنەوەی بڕیـــاری ١٣٧ی ئەنجومـەنی حـوکم کـرد کـە بەرهـەمی وشیاری‌و نارەزایـەتی دەربڕینـی بـەرینی ژنان بە تایبەتی ژنانی هەرێمی کوردستان بوو.



بەدوای پەیامی بـەڕێز کـاك جـەلیل گــادانی پــەیامی یەکیــەتیی لاوانــی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران لـە لایـەن بەڕێز کـاك سـۆران عـەلیپوور بەرپرسـی یەکیەتیی لاوان بەم بۆنەیـەوە پێشـکێش کرا.

لە بەشی دووهەمی ڕێورەسمەکەدا کە تایبەت بـوو بـە بەرنامـە هونەری‌یـەکان چەند شێعر، سروود گۆرانی‌و شانۆیەك، لە لایەن ژنان، کچانی‌و کـوڕانی بەهەسـت‌و هونەرمەند بە هاوکـاری کـۆڕی هونـەری پێشکێش کران.

ڕێورەسمەکــە کــە ســەعات ٢/٥ی دوانیوەڕۆ دەستی پێ‌کردبوو، کاتژمێر ٥ی دوانیــوەڕۆ لــە نێــو هەڵپــەرکێ‌و خۆشــی نواندنی بەشداران‌دا کۆتایی هات.

❊ ❊ ❊

# دەقی وتەکانی بەڕێز عەلی مێهرپەروەر ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێورەسمی ٢٤ی ڕەشەمە ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان‌دا

**ژنانی دیموکراتی کوردستان‌دا**

**خوشك‌و برایانی خۆشەویست!**

**دانیشتوانی بەڕێز!**


زۆر خۆشحاڵم لەوەی کە لە ڕێوڕەسمی یادکردنــەوەی دامەزرانــدنی یەکیــەتیی ژنــانی دیــموکراتی کوردســتانی ئێــران‌دا بەشداری دەکەم. لە لایەن خۆم‌و لە لایـەن دەفتەری سیاسی‌یەوە گەرمترین پیرۆزبایی بــە ژنــانی کوردســتان بەگشــتی‌و بــە ئەندامان‌و لایەنگران‌و دۆستانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێم. هیوای سەرکەوتنی ڕۆژ بـە ڕۆژو گەیشـتن بە ئاواتــە دیموکراتی‌یــەکانیان بــە ئــاوات دەخوازم.

یەکیـــــەتیی ژنـــــانی دیـــــموکراتی کوردستانی ئێران، لەهەلومەرجێك‌دا پێك هات کە کۆمــەڵگای ئێــران بــە گشــتی‌و کۆمەڵگای کوردســتان بــە تایبــەتی، لــە بــاری سیاســی، ئــابووری، فەرهــەنگی‌و کۆمەڵایــەتی لــە دواکــەوتوویی دا بــوو. دیکتاتوری بەسەر وڵاتەکەمان‌دا زاڵ بووو ژنان هەر وەکوو بـاقیی چین‌و توێـژەکانی دیکە بەدەست نەداری‌و فەقرو ئیستبدادو دیکتاتۆری‌یـــەوە دیـــانناڵانـــدو لـــە کۆمــەڵگاش دا بــە هــۆی داب‌ونــەریتی دواکەوتووانەو بەهۆی ئەوە کـە ژن بـوون زیاتر دەچەوسـانەوە، بـەڵام دامەزرانـدنی کۆماری کوردستان، هەلومــەرجێکی وای خولقاند، ئازادی‌یـەکی وای خولقانـد کـە ژنانیش بتوانن لەو هەلومەرجە ئیستفادە بکــەن‌و داخــوازە مــەنتیقی‌و ڕەواکــانی خۆیــان بێننــە گــۆڕو بتــوانن تەشــەکولی تایبەتی خۆیان پێك بێنن‌و لە پەنای ئـەو تەشــەکولە بتــوانن باشــتر ئامانجــەکانی خۆیان دونبال بکەن. ئەو هەلومەرجەی لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا پێك هات پــێش هــەموو شــتێك دەگەڕێتــەوە بــۆ: ئاگاهیی سیاسی، دەرکی مەسـئولییەت، ناســـینی هەلومـــــەرجی نالـــــەباری کۆمەڵایەتی بـە تایبـەتی وەزعـی ژنـان، دەرك‌و ئیقدامی پێویست لەو مەوریدەدا، لە لایەن ڕێبەرانی کۆماری کوردستان لەو ســەردەمە لــە ســەرووی هەموویانــەوە پێشەوا قازی محەممەدو حیزبـی دیـموکراتی کوردستانی ئێران.

ژنان بۆخۆشیان توانییـان ئـەو هەلـە بقۆزنــەوەو بێنــە مەیــدان، زانایانــەو ئاگاهانە بۆ بەرگری لـە مافـەکانیان، بـۆ دابینکردنی مافەکانیان قـۆڵی هیممـەت هــەڵماڵن‌و ئیقــدامی بــەکردەوە بکــەن. ئەگــەر تەماشــای مێــژوو بکــەین، پێشــکەوتنی ژنــان وەکــوو بــاقیی پێشــکەوتنەکانی کۆمــەڵی کــوردەواری تووشــی هــەوارازو نشــێو بــووە. لــەو سەردەمانە کە بە هۆی خەباتی جەماوەری ئازادی‌یــەکی نیســبی لــە وڵات‌دا پێــك هاتووە، ژنانیش توانیویانــە بــە ئازادانــە داواکانی خۆیان مەترەح بکەن، تەشەکولی خۆیــان پێــك بێــنن، مەســائیلی خۆیــان بێننــەگۆڕو لــە واقیــع‌دا لــە بــورای جۆراوجۆردا پێشکەوتنیش بەدەست بێنن. بەڵام لەو سەردەمانەدا کە دیکتاتۆری زاڵ بووە ـ بەداخەوە ئەو ماوانە زیاتر بوون لە ئێــران‌دا ـ ژنــانیش وەکــوو بــاقیی چین‌و توێــژەکانی کۆمــەڵ کــە خەفــەقان‌و دیکتــاتۆری بەســەریان‌دا زاڵ بــووەو لەواقیع‌دا زۆرجاریش ئەو دەسکەوتانە کە بوویانە بەداخەوە لێیان زەوت کراوە.

حیزبی دیموکراتی کوردســتانی ئێــران وەك باوەڕی قووڵی بە ئازادی بە گشــتی‌و بە ئازادی بۆ ژنــان هەیــە، پێــی وابــووەو موعتەقیــدە کــە هــەر کۆمەڵگەیــەکی دیموکراتیك ناتوانێ نیســبەت بــەو زوڵــم‌و زۆرانە کە لە ژنان دەکـرێ بـێ تـەفاوەت بـێ‌و بـێ ئـەوەی ژنـان بەشـدار بـن لــە چارەنووسی گەلەکەیاندا، بەشدار بـن لــە ئیـــدارەی وڵاتەکـــەیاندا، لـــە مـــاف‌و بەرابەریی یەکسان ئیسـتفادە بکـەن ئـەو کۆمەڵگایە پێش بکەوێ. هەر بۆیە بڕوای قــووڵی بــەوە هەیــەو لــە بەرنامەکــەی‌دا هــاتوە کــە: ژن‌و پیــاو لــە کۆمــەڵ‌و لــە خێزان‌دا مـافی وەك یـەکیان هەیـەو لـە بەرابەر کاری وەك یـەك‌دا مووچـەی وەك یــەك وەردەگــرن. لــەو بوارانــەش‌دا چــی لەدەســت هاتبــێ درێغــی نــەکردوەو تەبیعەتەن درێغی ناکا.

بەخۆشی‌یەوە ژنان بە گشتی‌و ژنانی کوردیش کە هەر جزوی ژنانی کۆمەڵگای ئێـــرانن توانیویانـــە ســـەرکەوتن‌و موەفەقییەتی زۆر وەدەست بێنن‌و ئەگـەر موقایسەی بکەین ژنانی ئـەم سـەردەمە لەگەڵ ژنانی ئـەو کاتە کـە یەکیـەتیی ژنانیان دامەزراند تـەفاوەتێکی یـەکجار زۆری هەیـە. ئێسـتا ژنـان لـە بـواری زانستدا، لـە بـواری فەرهـەنگی‌دا، لـە



بواری وەرزشی‌دا، لە بواری هونەری‌داو لە بواری موختەلیف‌دا شان لە شانی پیاوان دەدەن‌و بەلێهاتوویی خۆیـان کارامـەیی‌و ئەسالەتی خۆیان ئیسپات کـردوەو هیچ کەس ناتوانێ حاشا لەو ڕاستیيانە بکـا. هەروەك باسیشم کـرد حیزبـی دیـموکراتی کوردســـــتان هــــەروەك پێشــــتریش لەبەرنامەکەشی‌دا هاتوە داکۆکی لە مافی ژنـان دەکـا، ڕادەگەیـەنین کـە لـە هـیچ یارمەتی‌یەك، لە هیچ کۆمەکێك، لە هیچ هەنگاوێك بـۆ بـەرەوپێش بردنـی مـاف‌و ئازادی‌یەکانی ژنان درێغ ناکـا‌و هەمیشـە ئامادەیە بۆ ئەوە کە بتوانێ قەدەمێك لەو بـوارە هـەڵبگرێ. جارێکی دیکـە ئـەو ڕۆژەتان لـێ‌پیرۆز بێ‌و هـەموو کاتێکتـان جێژن‌و شادی‌و خۆشی بێ.

سوپاستان دەکەم

❊ ❊ ❊

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە ٨ی مارس

## کۆڕێکی شێعر خوێندنەوە

بەبۆنــەی ڕۆژی مێــژوویی ٨ی مــارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن، لەلایەن یەکیـەتیی ژنـانی دێـموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە یەکێك لە بنکەکانی دەفتـەری سیاسیی حیزبـی دێـموکراتی کوردسـتانی ئێـران، بـە بەشداریی سـکرتێری حیـزب‌و بەشـێك لـە ئەنـدامانی دەفتــەری سیاســی‌و کۆمیتــەی ناوەنــدی‌و کــادرو پێشــمەرگەو ژنــانی نیشــتەجێ لــە کەمپــەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی، پێك هات.

سەرەتای ڕێوڕەسمی ٨ی مارس لەلایەن بەڕێوەبەری بەرنامە بەخێرهاتنی بەشـداران کـراو پاشـان لەلایـەن ژمارەیەك لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بـە هاوکــاریی کــۆڕی هونــەریی حیــزب، "ســروودی سەربەستی" پێشـکەش کـرا. بـەدوای ئـەم سرووددەدا پەیامی ٨ی مارس، ڕۆژی ژنان لەلایەن هاوڕێ خەدیجە مەعزوور، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتەوە پێشکەش بە بەشداربووان کرا.

لــە کۆتــایی ئــەم ڕێوڕەســمەدا کــۆڕێکی شێعرخوێندنەوە لەلایـەن ژنـانی شـاعیرو لاوەوە پێـك هــات کــە لــەو کــۆڕەدا هاوڕێیــان ســوهەیلا قــادری، ســوهەیلا قەوی‌پەنجــە، ئــارەزوو نســتانی، حەلیمــە ڕەســووڵی‌و فاتمــە عوســمانی، چــەند پارچــە شــێعریان پێشکەش بــە بەشــداران کــرد. دوابــەدوای ئــەو کــۆڕە شێعرە، گۆرانی‌یەك لەلایەن هاوڕێ‌یـەکی پێشـمەرگە بەناوی فەرهاد ساڵحی‌یەوە پێشکەش کرا.

پێویســتە بگــوترێ ئــەم ڕێوڕەســمە پــاش دوو سەعات، کۆتایی پێ‌هات.

❊ ❊ ❊

**بەبۆنەی ٨ی مــارس، ڕۆژی جیهــانیی ژنــەوە، کوردەکانی دانیشتوی سوئێدو بەتایبەت ئەندامانی یەکیــەتیی ژنــانی دێــموکرات ڕیــزە بەرنامەیــەکی جۆراوجۆریان پێشکەش کرد. ئەو شارانەی کە جێژنی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی نێونەتەوەیی ژنی لەلایەن ژنانی دێموکراتەوە تێ‌دا بەڕێوەچووو، ڕاپۆرتەکەیان بە ڕۆژنامەی "کوردستان" گەیشتووە، بریتین لە:**

**لینشۆپینگ:**

یەکیــەتیی ژنــانی دێــموکرات بــە هاوکــاریی کۆمەڵــەی کــوردی، کۆمەڵــەی کــەلتووری کــوردی‌و کۆمەڵەی کەم‌ئەنــدامان‌و بەساڵداچــووان‌و یەکیــەتیی کوردان لە شاری لینشۆپینگ، ڕێوڕەسمی ٨ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی "ژن"یان بەڕێوەبردو بەبۆنەی ئــەم ڕۆژەوە لەلایەن ئەم کۆمەڵانەوە پەیام پێشکەش کـرا. نێوئاخنی بەرنامەکان شیعرو گۆرانی بوو کە لەلایــەن هونەرمەنــــدانی وەك قـــادر قوربـــانی‌و جـــەماڵ ئەلیاسی‌یەوە پێشکەش کران.

**ئۆرەبروو:**

بەبۆنــەی ٨ی مــارس ڕۆژی نێونەتــەوەیی ژن، یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لەو شارە، ڕێـوڕەسمێکی تایبەتیی پێك هێنا کە زیاتر لە ١٠٠ کەس بەشدار بوون. سەرەتای بەرنامەکە بە سروودی نەتەوایـەتیی "ئەی ڕەقیـب" دەسـتی پـێ‌کردو پاشـان پـەیامی یەکیەتیی ژنان‌و پەیامی کۆمیتەی حیزب لەو شارە خوێندرانـــەوە. خـــانمی "کارگارێتـــا"ش لەســـەر کارەکانی (A.B.F) ئەو پرۆژانەی کە ژنان دەتـوانن کەڵکی لـێ‌وەرگرن، قسـەی کـرد. نێوئـاخنی ئـەم جێژنە خوێندنەوەی شیعرو پەخشان‌و گۆرانی بوو.

**نوروێژ ـ هاوگسوند**

یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنەوە، ڕێوڕەسمێکی شایانی لـەو شارە پێك هێنا. لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی یەکیـەتیی ژنان‌و کۆمیتەی حیزب‌و کۆمەڵەی کەلتووری کوردی پێشکەش کراو نێوئاخنی بەرنامەکەش خوێندنەوەی شیعرو بــەڕێوەبردنی چــەند بەرنامەیــەکی هونــەری بوو.

❊ ❊ ❊

## بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ٨ی مارس

ڕۆژی ١٨ی ڕەشـــەمە لەلایـــەن ژمارەیـــەك ڕێکخراوی نادەوڵەتیی ژنانەوە ڕێورەسمی ٨ی مارس بەڕێوە چوو کە ڕێورەسمی سالۆنی ئـازادی‌و تـالاری خومەینی بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان‌و کچـان‌و هـەروەها کـوڕانی لاو بـەڕێوە چـوو. لـەو ڕێوڕەسمانەدا سەبارەت بـە گیروگرفـت‌و کێشـەکانی ژنان لە کۆمەڵگـەی ئێسـتادا قسـەکراو هـەروەها ژمارەیــەکی بەرچــاو شــێعرو بابــەتی جۆراوجــۆری پێوەندیدار بە مافی ژنەوە خوێندرانەوە.

❊ ❊ ❊

## درێژەی وتاری (وەڵامێك بە بابەتێکی ئەم دواییانەی. . .)

سەر داوای خۆیان هاتوونەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبەوەو تەنانەت هێندێکیان دواتر شـەهید بـوون. ئەمە لە حاڵێك دایە کە دەتوانین دەیان‌و بگرە سەدان نموونە لە کوشتارو قەڵاچۆی ژن‌و منـداڵ‌و پـیرو، ئیعـدامی بەکۆمــەڵ‌و ئێعـدامی دیلـە بریـندارەکان‌و کوشـتاری خـەڵکی گونـدەکانی کوردسـتان‌و جینایەتەکانی دیکەی لەم چەشنە بە دەست بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە کوردستان بە نموونە بێنینەوە.

نووسەری بابەتی ئاماژە پێکراوی "بازتاب" وەك ڕێبەرانی دیکەی نیزام ئیددیعا دەکا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچ نفووزێکی لە نێـو خـەڵکی کوردسـتان‌دا نیـە. ئەگـەر وایـە بۆچـی وەڕێ‌خستنی خۆپێشاندانی سەدان هەزار کەسیی خەڵکی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەدەنەوە پاڵ ئەم حیزبە؟ ئایا ئەمە بۆخۆی نیشانەی هەڵسەنگاندنی نادروست‌و باشتر بڵێین چەواشە کردنی ڕاستەیەکان نیە؟ نووسەری ئەم بابەتەی سایتی ئاغای "محسن رضایی" کە ڕەنگە بۆخۆی بێ خۆزگـە بە ڕابردوو دەخوازێ‌و ئاواتی ئەوەیە کە باروەدۆخەکە بگەڕێتەوە بۆ ڕابردووو لـە کۆتـایی‌دا دەنووسێ: "ئەمە ئاگادار کردنەوەیەکی جیددی‌یە، ئەگەر هێزە ئیتلاعاتی، ئەمنییەتی‌و ئەگەریش پێویست بێ نیزامی‌یەکان وەڵامێکی توندو تیژ، بەم ئاژاوەیە ـ کە جارێکی دیکـە لـە حاڵی بووژانـەوە دایـە ـ نەدرێتەوە، بێجگە لە نیزام زەربەیەکی گەورە لە وڵات دەدا". ئینجا لە درێژەدا هەڕەشەو گوڕەشەکانی بۆ دەست پێکردنەوەی سەرلەنوێی سەرکوت‌و خەفەقان بە هۆی هێزە سـەرکوتکەرەکانەوە دەست پێ دەکا.

ئەو شتەی کە نووسەری ئاماژە پێکراو بە ئاژاوە نـاوی دەبـا، هـەر ئـەو یەکیەتی‌یـە میللی‌یـەی ئازادیخوازانی ئێران بە گشتی‌و بە تایبەتی ئازادیخوازانی کوردستانە کە لە دوارۆژدا زەبرێکـی قـورس‌و گران لە پەیکەری نیزام دەدا.

لە کۆتـایی‌دا دەبـێ بڵـێین کـە، هوشـیاری‌و ئاگـایی خـەڵکی وڵاتەکـەمان‌و خـەباتی بێوچـانی سەرانسەریی ئەوان لە چوارچێوەی جووڵانەوەیـەکی ئازادیخوازانـەداو هـەروەها جووڵانـەوەی میللـی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران وەك بەشێك لەم جووڵانەوە سەرتاسەری‌یە گەیشتۆتە ئەو ئاستە بەربڵاوە کە هیچ پیلانێك لەلایەن ڕێژیمەوەو لەوانە بە کارهێنانی هەموو هێزە سـەرکوتکەرەکان ناتوانێ پێشی پێ بگرێ.

❊ ❊ ❊

# هەواڵەکان

## جەژنو شادیی خەڵکی کوردستان بەبۆنەی چەسپاندنی مافی فیدارلیزم

**پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٨ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی، بە بۆنەی مۆرکرانی قانوونی بنەڕەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کاتیی عێراق، لە زۆربەی شارو شوێنەکانی کوردستانی ئێراندا، کۆمەڵانی خەڵك ڕژانە سەر شەقامەکانو شوێنە گشتییەکانو خۆشیی خۆیان لە دەستەبەربوونی بەشێك لە مافەکانیگەلی کورد لە کوردستانی عێراق دەربڕی. ئەمەی خوارەوە بەشێك لەو خۆپیشاندانو شادیو دەربڕینانەیە کە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە شارو شوێنەکانی کوردسانی ئێران لە خۆیان نیشاندا:**

### مەریوان:

**خۆپیشاندانێکی بەشکۆی خەڵکی مەریوان**

ڕۆژی دووشەممە ٨ی مارسی ٢٠٠٤ (١٨ی ڕەشەمەی ٢٧٠٣)، خەڵکی شاری مەریوان، بەبۆنەی پەسندکردنی قانوونی بنەڕەتیی عێراقو سەلماندنی فیدرالیو مافەکانی گەلی کورد لەو ولاتە، ڕژانە سەر شەقامەکانی شارو بە بەرزکردنەوەی ئالای کوردستانو چەندین دروشمو هوتاقی نیشتمانی، ئەم بۆنە پڕبایەخەی مێژووی کوردستانیان پیرۆز کرد.

خەکی مەریوان هەر لە نیوەڕۆوەو دوابەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە کەوتبوونە بڵاوکردنەوەی شیرینیو پیرۆزبابییکردن لە یەکتر، لە نزیکەی عەسر لە مەیدانی شەبڕەنگدا ـ ناوەندی شاری مەریوان ـ کۆبوونەوەو هەڵپەرکێو سەما دەستی پێکرد. دەسپێکی ئەم شایییانە، سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" بوو، دواتر جێژنەکە بوو بە ڕێپێوانێکی سەرتاسەری لەناو شەقامەکانداو زیاتر لە ١٠٠٠٠ کەس بەشداری ئەم ڕێپێوانە بوون. پاش گەڕان بەنێو هەموو شەقامەکانی شاردا، خەڵکی دیسان لە مەیدانی شەبڕەنگدا کۆبوونەوەو دوای هەوڵو خۆماندووکردنێکی زۆر پەیکەری "حسێنی فەهمیدە"یان داگرتو ژێر پێیان خست، شایانی باسە کە کارێکی لەم چەشنە (واتە داگرتنی پەیکەرێك کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دایناوە) لە کوردستانی ئێراندا بێوێنەیەو ئەمە یەکەم جارە کارێکی ئاوەها بکرێت.

هێزەکانی ڕژیم کە لە مەترسی جەماوەری فراوانی خەڵکیدا نەیانوێرا بێنە دەرەوە، وردە وردە کەوتنەخۆو دەستیان کرد بە پەلاماردانی خەڵك کە لە ئاکامی ئەمەشدا چەند کەسێك گیرانو تا ئێستا هیچ زانیارییەك دەربارەیان ئاشکرا نەکراوە.

ڕێپێوانەکە کە زیاتر لە ٥ کاتژمێر درێژەی کێشا بە بەرزکردنەوەی دروشمی جۆراوجۆرو لە ژێر



هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵك

زەختی هێزەکانی ڕێژیمدا وردە وردە بڵاوەیان لێکرد، بەڵام بۆقی ئۆتۆمبێلەکان تا درەنگانێکی شەو هەر بەردەوام بوو و لەمەبەدواوە خەڵك بەم شێوەیە سەرکەوتنی کوردیان لە عێراق پیرۆز دەکرد.

هەر ئێستا ئەم ڕاپۆرتە ئامادە دەکرێت شار حاڵەتی حکوومەتی نیزامی بەخۆیەوە گرتوەو هەر کەس کە بکەوێتە دەست هێزە سەرکوتکەرەکان، ڕەوانەی زیندانی تاکەکەسی دەکرێ. هەروەها هەموو تەلەفۆنەکانی مەریوانیش تێك چوونەو زۆر بە زەحمەت ژمارە وەرئەگرێ، ئەمەش پیلانێکی دیکەی ڕێژیمە بۆ بەرگریکردن لە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی ئەم ڕێپێوانە.

شایانی باسە کە لەم مانگەی ڕابردوودا، ئەمە دووهەمین جارە خەڵکی مەریوان ئەڕژێنە سەر شەقامەکانو نارەزایەتی دەردەبڕن، جاری پێشوو لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی پارلمانداو ئەمجارەش بە بۆنەی پیرۆزکردنی چەسپاندنی مافەکانی کورد لە کوردستانی عێراقدا.

***

✽بە پێی هەواڵی گەیشتوو، ماوەیەك لەمەوبەر ڕێژیم لە ناوچەکانی سەرشیو، کۆماسی، بەرپلەی سارالو زۆربەی ئاواییەکانی ناوچەی مەریوان، بەهۆی ڕاپۆرتدانی بەکرێگیراوان لەسەر خەڵك کە گویا تفەنگیان هەیە، خەڵکی خستۆتە ژێر ئازارو ئەشکەنجەو داوای چەکیان لێدەکا. خەڵکیش بۆ ئەوەی نەکەونە بەرئازار، بەناچار چەك دەکڕنو یا پووڵی چەك دەدەنە بەکرێگیراوانی ڕێژیم.

### مەهاباد:

لە شاری مەهاباد بە بۆنەی مۆرکرانی قانونی بنەڕەتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کاتیی عێراقو دەستەبەربوونی بەشێك لە مافەکانی گەلی کورد لەو ولاتە، لە سێ شوێنی ئەو شارە گرووپەکانی موسیقی پێش مۆرکرانی قانوونەکە جێگیربوونو بە مۆرکرانی ئەو قانوونە دەستیان بە گێڕانی ئاهەنگ کرد. نزیك بە ٥٠ هەزار کەس لە خەڵکی شار لە گەورەو بچووك، ژنو پیاو ڕژانە شەقامەکان، شادییان گێڕاو خوشحاڵیی خۆیان دەربڕی. بەشێك لە حەشیمەتەکە بە ڕێپێوان چوونە سەر گڵکۆی پێشەوای نەمرو موژدەی سەرکەوتنی کورد لەو پارچەیە لە کوردستانیان بۆ بردو هەروەها شایانی باسە کە لە هەموو شەقامەکانی شاردا شیرینی بەسەر خەڵكدا دابەش کراو پیرۆزبایی بە یەکتر دەگوترا.

### سنە:

ڕۆژەکانی ١٨و ١٩ی ڕەشەمە، خەڵکی شار سنە بە بۆنەی ئیمزاکرانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کاتیی عێراق لە کۆڵانو شەقامەکانی شار دەستیان کرد بە شادیکردنو بڵاوکردنەوەی نوقڵو شیرینیو پیرۆزباییگوتن بە یەکدیو هاوکاتیش لە بەرزاییەکانی شار بە نیشانەی سەرکەوتن، ئاگریان کردەوە.

ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیم فەزایەکی تەواو پۆلیسی بەسەر شاردا زاڵ کا، بە چەشنێك کە هێزەکانی بەناو دژی شۆڕش لە تەواوی چوارڕێیانو شەقامە سەرەکییەکانی شار بەرچاو دەکەون.

### پیرانشار:

خەڵکی شاری پیرانشار هەر بەم بۆنەوە ڕژانە سەر شەقامەکانو بە هەڵکردنی چرای ماشینەکانو بەدانی دروشم لە نێو شارو کۆڵانەکاندا هەڵپەڕکێو شادیو خۆشیی خۆیان بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنەی خەڵكو گەلی کورد لە عێراقدا دەربڕی.

### بۆکان:

سەعات ٤ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ١٩ی ڕەشەمە، ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی شاری بۆکان بە نیشانەی خوشحاڵی لە چەسپاندنی بەشێك لە مافی خوشكو برا کوردەکانیان لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کاتیی عێراقدا، لە دەوری مەیدانی فەرمانداریی شار کۆبوونەوەو وێڕای بەخشینەوەی شیرینی، دەستیان کرد بە شاییو هەڵپەڕکێ. لە درێژەی ئەم خۆپیشاندانەدا گاردی تایبەتی بە ناوی دژی شۆڕش جێگیر لە فەرمانداریی شار بە دەستووری فەرماندار (ڕەحمان ئەبازەری) وێڕای تەقەی هەوایی، هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەرانو لە بەرابەریشدا خۆپیشاندەران بەدارو بەردو دروشمدان کەوتنە بەرەنگاری لەگەڵ هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمو نەك ئەم شوێنەیان چۆڵ نەکرد، بەڵکوو خۆپیشاندانەکەیان گواستەوە بۆ شەقامەکانی کوردستانو کەمەربەندیی، حاجی شەهاب، چوارڕێیانی سەقزو. . .

بە پێی دوازانیارییەکان لە جەرەیانی ئەم خۆپیشاندانەدا خەڵکی شاری بۆکان کە تا سەعات ٨,٥ی دوانیوەڕۆ درێژەی هەبوو، موتۆرسیکلێتێکی هێزەکانی ڕێژیم ئاگر تێبەردراوەو شووشەو پەنجەرەی ژمارەیەك لە دامودەزگا دەوڵەتییەکان شکاونو ژمارەیەکی بەرچاویش لە خۆپیشاندەران لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە گیراون کە تا ئێستا هەواڵێك لە چارەنووسیان لە دەستدا نیە.

### بانە:

سەعات ٥ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٩ی ڕەشەمە، هەزاران کەس لە خەڵکی شاری بانە بە مەبەستی بەشداری لە شادیو خۆشیی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق لە پێوەندی لەگەڵ مۆرکرانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کاتیی ئەو ولاتە، ڕژانە شەقامەکانو بە دانی دروشمی جۆراوجۆر هەستی ئازادیخوازانەی خۆیان لەو پێوەندییەدا دەربڕی. هێزەکانی ڕێژیم بە دەزگای فیلم هەڵگرتن کەوتنە وێنەگرتنی خەڵکەکە بۆ ئەوەی دواتر شناساییان بکەن کە لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە دووربینەکانیان شکێندرانو دوو مەئموری دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمیش کەوتنە بەرهێرشی خەڵکی وەزاڵەهاتوو.

### سەردەشتو ڕەبەت:

ڕۆژی ١٨ی ڕەشەمە لە شارەکانی سەردەشتو ڕەبەتیش ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی ئەم شارانە بە بیستنی هەواڵی ئیمزاکرانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کاتیی عێراق، بە نیشانەی هاوسۆزییو شادییان بە داننران بە بەشێك لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کورد لە کوردستانی عێراق، ڕژانە شەقامەکانو بە شاییو هەڵپەڕکێو بڵاوکردنەوەی شیرینی،پشتیوانیو پشتگیری خۆیان بۆ دەستەبەربوونی بۆ بەشێك لە مافەکانی نەتەوەی کورد دەربڕی.

### نەغەدە:

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٨٢/١٢/١٩، دەستەیەك لەلاوانی شاری نەغەدە بەبۆنەی پەسندکرانی فیدرالیزم لە باشووری کوردستان، کاتژمێر ٨ی شەو لە پارکی "معلم" دەستیان کرد بە ئاگرکردنەوەو دانی دروشمی وەك "بژی کوردو کوردستان"، "ئافەرین قازی محەممەد"، "ئافەرین قاسملوو"، قاسملوو قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە". پاشان هێزەکانی ڕێژیم خۆیان گەیاندە پاركو تێکهەڵچوون لە نێوان لاوەکانو هێزەکانی ڕێژیمدا دەستی پێکرد.

✽ڕۆژی چوارشەمە کاتژمێر ٨ی بەیانی، قوتابیانی دواناوەندیی "ئازادگان" پاش مانگرتنی مامۆستایان بە دروشمدان (دروشمی وەك) "بژی کوردو کوردستان"، "کوردستان، ئازادی" بەرەو شەقامی باڵەخچی وەڕێکەوتنو چوون بۆ شەقامی "ئیسماعیلئاباد"و کاتژمێر ٩ی بەیانی بڵاوەیان کرد.

✽ هەر ئەو شەوە هێزەکانی ڕێژیم کە لە پارك خۆیان مەڵاس دابوو، بەم حاڵەش لاوەکان خۆیان خزاندە ناو پاركو دروشمەکانی پێشوویان گوتەوە کە لیباس شەخسییەکان بە بەسیجییە خۆفرۆشەکان (یکورد) بە بەباتومو گۆپاڵ کەوتنە گیانیانو هەر کەسێکیان وەدەست کەوتبا، دەیانکوتاو دەیانگرت. تا ناردنی ئەم هەواڵەش لە گیراوەکان هیچ خەبەرێك نیە. تەنانەت لە شەقامو کۆڵانەکانی باشووری شار (کە کوردنشینە) هەر کەسیان وەبەرچاو هاتبێ، دەیانکوتاو دەیانگرت. وێڕای ئەو هەموو زەبرو زەنگە، ڕۆژی دواتر قوتابییەکان ڕژانە شەقامەکانو دروشمەکانی ڕۆژی پێشوویان دەگوتەوە.

✽✽✽

---

**ڕاگەیەندراو:**

## درێژەی خۆپیشاندان لە شارەکانی کوردستانی ئێران

### بە پشتیوانی لە بەڕەسمی ناسرانی مافەکانی گەلی کورد لە عێراقدا

ئەو هەواڵانەی بە دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات گەیشتوون، دەربڕی ئەوەن کە دوێنێ ٢٠٠٤/٣/٩، خۆپیشاندان لە شارەکانی کوردستانی ئێران درێژەیان هەبووەو تەنانەت لەو شارانەی خوارەوە تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم پێك هاتووە:

### مەهاباد:

بەدوای خۆپیشاندانی ڕۆژی ٨ی مارس، کە بەهۆی دەخاڵەتی هێزەکانی ڕێژیم تێکهەڵچوون لەگەڵ ئەو هێزانەی لێکەوتەوە، دەیان کەس لە خۆپیشاندەران گیرانو دوو کەسیش بەهۆی تەقەی هێزەکانی ڕێژیم بریندار بوون. ڕۆژی ٩ی مارسیش، سەعات ٥ی ئێوارە هەزاران کەس لە خەڵکی شاری مەهاباد لە مەیدانی "ئازادی"ی ئەو شارە کۆبوونەوەو وێڕای دانی دروشمی دژی ڕێژیم، داوای ئازادبوونی گیراوەکانی ڕۆژی پێشتریان کرد کە دیسان هێزەکانی ڕێژیم هەڵیان کوتایە سەر خەڵكو تێکهەڵپرژانی لێ کەوتەوەو خەڵك بە بەردە بارانکردنی ئەو هێزانە، ناچار بە پاشەکشەیان کردن. ئەو حەرەکەتە تا سەعات ٨ی ئێوارە درێژەی هەبووو ژمارەیەکی دیکە لە خەڵك گیراون.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو، یەکێك لە بریندارەکانی ڕۆژی پێشتر لە نەخۆشخانە گیانی لە دەست داوە.

### بۆکان:

لەم شارە، خۆپیشاندان لە سەعاتی ٣ی دوانیوەڕۆ دەستی پێکرد. هەزاران کەس لە خەڵکی شار وێڕای کۆبوونەوە لە شەقامەکانو دەربڕینی هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ کوردەکانی عێراق، بەدانی دروشمی دژی ڕێژیم، پشتیوانیی خۆیان لە بزووتنەوەی کورد دەربڕی.

خۆپیشاندان بەتایبەتی لە مەسیری فەلەکەی فەرمانداری بۆ نەخۆشخانەی کۆنی شار لەگەڵ هێرشی هێزەکانی ڕێژیمو دەرگیری لەگەڵ ئەو هێزانە بەرەوڕوو بوو. لە ڕەوتی ئەو پێکهەڵبژرانەدا چەند دامەزراوی دەوڵەتیو بانکەکانی "میللەتو میللی"و ئیدارەی پۆست زیانیان پێگەیشت.

لەو خۆپیشاندانەدا زیاتر لە ٨٠ کەس لە خۆپیشاندەران گیرانو زیندانی کران.

### بانە:

لەو شارە، خۆپیشاندان سەعات ٦ی ئێوارە بە کۆبوونەوەی لاوان لە مەیدانی ئەسڵیی شار دەستی پێکرد. دواتر هەزاران کەس لە خەڵکی شار بەو لاوانەوە پەیوەست بوونو خۆپیشاندانێکی بەرینی لێکەوتەوە کە دروشمی دژی ڕێژیمی تێدا دەدرا. دەخالەتی هێزەکانی ڕێژیمو هێزەکانی تایبەتیی دژی شۆڕشو لیباس شەخسییەکان بوونە هۆی دەرگیری لە نێوان خەڵكو ئەو هێزانەدا. ئەو خۆپیشاندانە تا سەعات ٩ی شەو درێژەی هەبووو لەودا زیاتر لە ٣٠ کەس لەلاوان دەستگیرو زیندانی کران.

پێویستە بگوترێ کە ڕێژیم لە شارەکانی کوردستان بەتایبەت لە مەهاباد، سنە، بۆکان، بانەو مەریوان هێزی تایبەتیی دژی شۆڕشی جێگیر کردوەو شوێنە حەساسەکانی شاری لەژێر کۆنتڕۆڵ ناوە تا بەر بە هەر جۆرە کۆبوونەوەیەکی خەڵك بگرنو جۆرێك حکوومەتی نیزامی ڕاگەیاندوە.

**دەفتەری نوێنەرایەتیی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات ـ پاریس**

**٢٠٠٤/٣/١٠**

✽✽✽

---

## چەند هەواڵ لە شارەکانی کوردستانەوە

### سەقز:

ڕۆژی ١٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٢، ژمارەیەك لە لاوانی شاری سەقز مەراسمی پرسەو سەرخۆشیی چلەی شەهیدانی کارەساتی تیرۆریستی شاری هەولێریان لە مزگەوتی حەزرەتی عومەر بەڕێوە برد.

لەو مەراسمەدا زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس بەشدارییان کرد. مەراسمەکە بە چەند ئایەت لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکردو پاشان بەخێرهاتنی میوانەکان کرا. دواتر چەند کەس لەسەر تیرۆرو تیرۆریستپەروەری بە تەسەلی قسەیان کرد. لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا دوکتور پیرۆت ئەحمەد نوێنەری پارتی دیموکرات لەسەر فیدرالیزمو کوردستان دوا. پاشان پەیامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی لەلایەن دیاری گەلاڵی خوێندرایەوە. هەر لەو مەراسیمەدا پەیامی مامۆستایانی شاری سەقز خوێندرایەوە.

شایانی باسە کە ئیتلاعاتو هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم بەجلوبەرگی شەخسی لە ژوورو دەری مزگەوت، ئامادەی هێرش بردن بۆ سەر هەرچەشنە جووڵانەوەیەك بوون کە لە لایەن بەشدارانەوە بەڕێوە بچێ.

✽ پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٨٢، شارەداری شاری سەقز لە گەڕەکی بەهارستاندا چوار ماڵی خەڵکی هەژارو بێدەرەتانی رووخاندوە، هەروەها لە تەپەی ماڵانیشدا دەستی بە وێران کردنی ماڵی خەڵك کردوە کە تائێستا دوو ماڵی رووخاندوونو خەڵکەکەی بێسەرپەنا هێشتونەوە.

### کرماشان:

ڕۆژی ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٨٢ی هەتاوی نزیکەی ٥٠٠٠ کەس لە فەرهەنگییانی شاری کرماشان لە بەردەرگای ئیدارەی ئامووزشو پەروەرشی گشتیی ئوستان هەڵکەوتوو لە فەرهەنگییانی ١، سەبارەت بە بارودۆخی نالەباری ژیانیان کۆبوونەوەو ئیعترازیان کرد. مامۆستایانی قوتابخانە گوتوویانە ئەگەر تا ٣ ڕۆژی دیکە کاربەدەستانی بەرپرس گیروگرفتەکانیان چارەسەر نەکەن لە چوونەسەرکلاس خۆدەبوێرن.

### پیرانشار:

ڕۆژی ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ تەقینەوەی گوللە خومپارەیەك لە ماڵی مارف موریك ناسراو بە مارفی گردە گۆران ڕوویدا کە بوو بە هۆی بریندار بوونی سێکەس بە ناوەکانی تاهیر موریك، سیامەند موریك، سەمەد دوشابی. بەداخەوە لە ڕێگای نەخۆشخانەو ڕاگواستن بۆ شاری ورمێ، سیامەند گیانی لەدەست دا.

### کامیاران:

شاری کامیاران لە ڕۆژەکانی تاسوعاو عاشووڕادا بوو بە مەیدانی هێندێك تێکهەڵچوون لە نێوان سوننیو شیعەکاندا، کە بوو بە هۆی پێکهاتنی ڕێپێوانو شڵەژانی بارودۆخی شاز. کە ئەم ڕێپێوانە ڕەنگی دژایەتی لەگەڵ ڕێژیمی بەخۆوە گرتو پاش شکاندنی شووشەو پەنجەرەی بانكو ئیدارە دەوڵەتییەکان، ژمارەیەك لە خەڵك لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە گیرانو ڕەپێچەکی زیندان کرانو چەند ڕۆژێك لەم شارەدا حکوومەت نیزامی بەرقەرار بووو تاكو تەرا خەڵك دەسگیر دەکران. شایانی باسە کە ڕێژیم هەوڵ دەدا لە نێوان براکوردە سوننیو شیعەکاندا دووبەرەکی ساز بکا، بەڵام بە دڵنیاییەوە بە ئاواتە گڵاوەکانی ناگا.

### سنە:

**مانگرتنی مامۆستایانی قوتابخانەکان**

لە ڕۆژی ١٧ی ڕەشەمەوە تا ئامادەکرانی ئەم هەواڵە مامۆستایانی قوتابخانەکان لە شاری سنە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ مامۆستایانی باقیی شوێنەکانی دیکەی وڵات بە مەبەستی بردنەسەری مووچەکانیانو باشترکردنی گوزەرانیان لە قوتابخانەکان مانیان گرتوەو لە وانە گوتنەوە خۆدەبوێرن.


✽✽✽

# چەند برەوێی خەڵاتەکان لە فستیڤاڵ دەدوێن

سەرنج: پاش تەواو بوونی یەکەم فستیڤالی ئەدەبیی رۆژهەڵاتی کوردستان (تاراوگە) لە رۆژی ٢٩ی رێبەندانی ئەمساڵ، ئەدەب و هونەری "کوردستان" لە چەند پرسیارێکی کورت دا ئەو بەرێزانەی دواند کە خەلاتەکانی فستیڤالیان لە بوارەکانی شێعر و چیرۆک بردەوە. بە هۆی ئەوەی کە هێندێك لە وەلامەکان لە کاتی خۆی دا بە دەستمان نەگەیشتن. لەم ژمارەیەدا سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی دیدگاکانی بەرێزان فەرەیدوون ئەرشەدی (خەلاتی یەکەمی شێعر)، سوهەیلا قەوی پەنجە (خەلاتی سێهەمی چیرۆك) و محەممەد رەسوول حەسەنپوور (خەلاتی یەکەمی چیرۆك) رادەکێشین:

خالید محەممەد زادی

## فەرەیدوون ئەرشەدی:
## سەری رێز بۆ ئەو پێشمەرگانە دادەنوێنم کە شێعرەکانم لە سایەی خۆراگری ئەوان دا ورەیان بەرزترە



سەری رێزو سوپاسگوزاری بۆ ئەو پێشمەرگانە دادەنوێنم کە شێعرەکانم لە سایەی سەنگەر و باڵای خۆراگری ئەوان دا ورەیان بەرزترە. هەر لە ریزی پێشمەرگەش دا بوو کە شێعرم خەلات کرا، بۆیە وەرگرتنی خەلاتی یەکەمی شێعر، ئەو پەڕی شانازیمە. مەمنوونی وشەی کوردیشم کە تا ئەو ئاستەی گەیاندوم.

بێگومان شێعری روژهەلاتی کوردستان خاوەنی هەندێ تایبەتمەنی‌یە کە دەگەڵ شێعری ناو شورش و تاراوگەدا جیاوازە.

ئەوانەی کە دەڵێن بەرهەمەکانی پێشکەش کراو لە فستیڤاڵدا بەرهەمی "رۆژ هەلاتی" نەبوون، دەبێ ئەو راستی یە وەبەرچاو بگرن کە هەر بەرهەمێ لەسەر بناغەی شوێن و کاتی ئەو کومەڵگایە دەخولقێ کە شاعیرەکە تێیدا دەژی.

شێعری "شار" لەگەڵ شێعری "شاخ" و "تاراوگە" دا لەباری نێوەرۆك و دارشتنەوە جیاوازی بابەتی و سیاسی هەیە. بەرجەستە کردن و پێشاندانی لایەنەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی کەرەستەی خۆی هەیە. دەربڕین، خەیاڵ، وێنە و دارشتنی ئەم بەرهەمانە هەمان شێوەی بەکارهێنانی زمان و کەڵك وەرگرتن لە کەرەستە شێعری‌یەکان، دەربڕینی بەرهەمی خولقاو لە ژیانی شاردا نیە. لەم قۆناخەی مێژووی ئێمەدا تاراوگە و تاراوگە نشینی جۆرێکە لە حەقیقەتی ژیان. پێوەندی و مامەڵە کردنی مرۆڤی تاراوگەنشین لەگەڵ کومەڵگای ئەو شوێنەی تێ‌دا دەژی، هەمان پێوەندی مرۆڤی ناو سیستەمی ژیانی ئاسایی نیە. بیر و هەست و خەیاڵ و مامەڵە کردنمان لەگەڵ شێوازی نووسین دا گۆڕدراون. کەوابوو لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی مرۆڤی تاراوگەنشین دا نابێ ئەم ڕاستی‌یانە فەرامۆش بکرێن.

زۆر ئاسایی‌یە کە بەرهەمی ئێمە کاریگەریی شێوازی باوی شێعر و چیرۆکی باشووری کوردستانی بەسەرەوە بێت. گرینگ ئەوەیە توانیبێتمان بە شێوەیەکی داهێنەرانە لە ئەزموونە ئەدەبی‌یەکانی ئێرە کەڵك وەربگرین. ئەوانەی بە حوکمێکی گشتی و نازانستی‌یانە دەڵێن بەرهەمە پێشکەش کراوەکانی فستیڤاڵ لە ژێر سێبەری ئەدەبیات و شێعری باشووردا قەتیس ماون، دەبێ هەر بەو ئازایەتی‌یەو لە ڕێی زانستی ڕەخنەوە کەشف بکەن کە ئاخۆ ئێمە دەقاودەق شێعر و چیرۆکی ئەمدیومان "کۆپی" کردوە یان شتێکیان پێوە زیاد کراوە؟ یان هەوڵ بدەن تایبەتمەندی شێوازی بەرهەمەکان بە پێی بنەماکانی هەڵسەنگاندن دیاری بکەن.

هەر شاعیرێکی جیددی ناچارە شێوازە جۆراوجۆرەکانی دەربڕین تاقی بکاتەوە. دژوارترین کار ئەوەیە شێوازێك دابین بکا کە لە هەموو شێوازەکان دەچێ و لە هیچیان ناچێ.

ئەوانەی دەڵێن شێعری "رۆژهەڵاتی" ! و پاشان حوکم دەدەن کە بەرهەمەکانی فستیڤاڵ هیچیان "رۆژهەڵاتی" نەبوون دەبێ شێعری بەوتەی ئەوان "رۆژهەڵاتی" پێناسە بکەن. قەرار نیە بەرهەمی ناو شۆرش و تاراوگە پێوەندی تایبەتمەندی شێعر و چیرۆکی کوردستانی ئێران بێ. فستیڤاڵی ئەدەبیی تاراوگە بۆ ئەوە بەڕێوە دەچێ کە بەرهەمی تاراوگە پێشکەش بکرێ.

نازانم بۆ چی دەبێ کاریگەریی شێعر و ئەدەبی باشوور بەسەر ئێمەوە خراپ بێ بەڵام کاریگەریی شێعر ئەدەبی "فارسی" بەسەر ئەدەبی نووسەرانی کوردی ئێرانەوە "باش" بێ !؟ کاروانی ئەدەبی کوردی خەریکە سنوورە دەستکردەکان دەبەزێنی، نووسەر و هونەرمەندی کورد بەرەو پێکهێنانی فەزایەکی هاوبەشی میتولۆژیایی و خەیاڵ هەنگاو دەنێ، گێرسانەوەی نووسەرانی کوردی باشوور لە شارەکانی ئێران دا پاش کارەساتی هەڵەبجە و بوونی ئێمە لە کوردستانی عێراق هەندێ لە نووسەران لە ئورووپا زەمینەیەکی پێك هێناوە تا دەردە هاوبەشەکان و خولیا و ئامانجە هاوبەشەکان لە خەیاڵێکی هاوبەش دا یەك بگرنەوە میتولۆژیا و خەیاڵ و دەربڕینی نەتەوەیەکی لەت لەت کراو، وردە وردە یەك بگرێتەوە. ئەم ڕاستی‌یە بنەما و بەستنی پێکهاتنی زمانی ئیستانداردی کوردی و پاشان خەیاڵی‌یە گرتووی نەتەوەکەمان فەراهەم دەکا.


کلتووری ئێمە لە لایەن چوار کلتووری دەوڵەمەندەوە لەت لەت کراوە. چ ڕێگایەك دەمانهێنێتەوە سەر چەقی شاڕێیانی یەکگرتنەوە؟ کام یەك لە شێوازە ئەدەبی‌یەکان نوێنەری راستەقینەی شێعر و ئەدەبی نەتەوەی ئێمەن !؟

**ئایا ئەو خەلاتە هانتان نادا بۆ کاری جوانتر و زیاتر؟**

وەرگرتنی خەڵات بەرپرسیارەتی قورستر دەکا. دەبێ لە جاران بۆ نووسینی بەرهەمی شیاوتر هەوڵ بدەم. کاری شاعیر ئەوەیە کە بەردەوام دیواری بەردینی "زمان" بکۆڵێ تا مەگەر تاڵە تیشکێکی جوانی و حەقیقەت کەشف بکا. تۆ تەماشای جادەی دڵ بکە سەرانسەر خوێنی دڵ و دیدە و رۆحە. هەر شێعرێ کە تەواو دەبێ، بەرگێك لە گیانی شاعیر دادەکەنرێ. لەم "دۆنادۆن" ە دا چ ئازارێ دەچێژێ ئەو شاعیرەی تەنیا خولیای وەدەست هێنانی پەلکەیەك لە پەلکە زێڕینەکانی حەقیقەتە. جا چ لە ڕێگەی "زمان"وە بێ و چ لە ڕێگەی "فۆرم"ەوە. بۆیە وەرگرتنی ئەم خەلاتە بۆ من وەکو گەیشتنی پۆلە پێشمەرگەیەکی ماندوو پاش شەڕێکی قورسە بە کانی ئاوێك، دەست و لاق شوردنێك و چاو لێنانێك و جگەرەکێشانێکە و پاشان هەڵگرتنی دووبارەی چەك و ڕەختە بەرەو ئامانجی پیرۆزی گەیشتن بە تروپکی ڕزگاری.

سوپاس بۆ ئەو کانیاوەی لەم قاقڕستانەدا بە شێعری تینووی منتان بەخشی.

## محەممەد رەسووڵ حەسەنپوور:
## لاوە شۆرشگێرەکان دەبێ خۆیان بە بیری نوێ تەیار بکەن



پێکهێنانی فستیڤالی ئەدەبیی رۆژهەڵات یەکێك لە شانازی‌یەکانی حیزبی دێموکراتە. فستیڤال لەسەر یەك باشبوو، کەموو کوریش شتێکی سرووشتی‌یە و هەموو شتێکی نوێ لە سەرەتادا بێ کەموکوڕی نابێ. لە وانەیە هێندێك کەس پێیان سەیر بێ و ناحەزانیش خەونی ناخۆشیان بۆ فستیڤاڵ دیبێ، هەر بۆیە لەوانەیە بە تەواو بوونی فستیڤاڵ دوچاری "توهم" بووبن. هەموومان دەزانین زەمان گۆڕاوە. ئەو ناوچەیەش کە ئێمە تێی دا دەژین گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بۆیە بە گشتی پێویستە ئەدیبان و بە تایبەتی قەڵەم بە دەستە شورشگێرەکان خۆیان بە بیری نوێ تەیار بکەن. بە تایبەتی لاوەکان دەبێ نووکی خامەکانیان ئاراستەی شەمشەمەکوێرانی تاریکی و نەیارانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بکەن و ئەسپی خۆیان لەو بوارەدا تاو بدەن. لە کۆتایی دا دەستخۆشیتان پێ دەڵێم و زۆر خۆشحاڵم و خۆم بە بەختەوەر دەزانم و سوپاسی هەموو لایەك دەکەم.

**دوا وتەتان؟**


ماندوو نەبن. سەرکەوتنی پێکهێنەران و بەرێوەبەرانی فستیڤاڵ چقڵی چاوی دوژمنە. ئەو دوژمنەی دوژمنی شێعری و چیرۆك و داهێنان و وشەی کوردی‌یە.

خۆزگەم ئەو فستیڤاڵە ببواتە هەوێنی پێکهێنانی "یەکیەتی نووسەرانی ڕۆژهەڵات".

ئەگەر فستیڤاڵی داهاتوو جگە لە بەرهەمی تاك، کتێبی نووسەران لە بواری (شێعر، چیرۆك، وەرگێڕان، بیرەوەری، مێژوو، لێکۆڵینەوەو ڕەخنە)دا بەشدار بکا، بە ئامانجەگانی دەگات. بۆ ئەم مەبەستە هەر لە ئێستاوە دەبێ کار بکرێ. هیوادارم "کۆمیسیونی فێرکردن" ی حیزب هەوڵ بدا بەرهەمی نووسەران و شاعیران، بە تایبەت گەنجەکان و ئەو پێشمەرگە دێرینانەی خەریکی نووسینەوەی بیرەوەری‌یەکانی خۆیانن چاپ بکا. بەم کارە لاپەڕەیەکی زێڕینی تر دەخرێتە سەر مێژووی پرشانازیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

هەر بژین بە شادی و سەرفرازی.

## سوهەیلا قەوی پەنجە:
## هیچ کەس ناتوانێ حاشا لە فەزای ئازادی فستیڤاڵ بکا



وێرای دەست خوشی و ماندوو نەبوونی دووبارە لە هەیئەتی بەرێوەبەریی فستیڤاڵی ئەدەبیی رۆژهەڵات (تاراوگە)، پێم خۆشە پێشەکی ئەوەتان عەرز بکەم کە ئەگەر هاورێیە خۆشەویستەکەم هانی نەدابام هیچ کات ئەو باوەڕەم بە خۆم نەبوو کە بە بەرهەمەوە لەرۆژانەی فستیڤال دا بەشدار بم. هەر بۆیە کاتێك بۆ خەڵاتی سێهەمی فستیڤاڵ ناوی چیرۆکەکەم بیست، وێرای سەرسووڕمان لەوە کە ئەو چیرۆکە لاوازە (چونکە جوانکاریی ئەدەبی و تکنیکی تێدا بەدی نەدەکراو تەنیا گوزارشتێك لە مەینەتی‌یەکانی گەلەکەم بوو). خەڵاتی وەرگرتووە پێم وابوو لەسەر دوو دەست، موحتەڕەمانە دەبێ خەڵاتەکە پێشکەش بەو زاتە گەورەیە بکەم کە بەداخەوە لەوێ نەبوو. من بەو پەڕی دڵشادی هەستم بە بوونی خۆم کرد و مایەی بەختەوەریی لەرادەبەدەرم بوو کە لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو سەرفرازی و سەرکەوتنەم بە نەسیب بووە. بە بڕوای من بەرێوە چوونی فستیڤاڵی لەو چەشنە لە داهاتوودا جگە لە کۆ کردنەوە وەدەرخستنی هزر و خامە بەتواناکان و رەنگ دانەوەو کاریگەرییان لە رەوتی بەرەو پێش چوونی فەرهەنگی نوێی گەڵی کورد لە کوردستانی ئێران دا، دەتوانێ ئەزموونێکی باش و سەرکەوتووبێ بۆ یەکگرتوویی، هاوئاهەنگی، تێروانینی قووڵ و هەڵسەنگاندنی زانستییانە لە دەرەوەی وڵات و فۆرم پێدان و کاناڵیزە کردنی هزرە جیاوازەکان. هیچ کەس ناتوانێ حاشا لە فەزای ئازادی فستیڤاڵی تاراوگە بکا کەواتە با هەموومان بە یەکەوە خاڵە بە هێزەکانی بکەینە هەوێنی کارە ئەدەبی و هونەری‌یە نوێ‌یەکانمان لە داهاتوودا و خاڵە لاوازەکانی بە دڵێکی فراوان لە بیر بکەین، بەو هیوایە لە پرۆژەی هاوبەشی داهاتوو، فستیڤاڵ رەوتێکی ئەدەبیی بەربلاوتر لە خۆ بگرێ.

***



# شەقامێکی چۆڵ

ئەردەڵان فەرەجی



**وا دێت هەموو شتێکی مرۆڤ پێکدا دەدا. "ئەوین" دەڵێم،!! ئەوەی خەڵك پێی دەڵێن خۆشەویستی.**

**لەو کاتانەی کە شار سرێوەی لێوە نایا، کۆڵی شەکەتی‌و ماندوویی رۆژێکی یەڵدایی بە کۆڵەوە بەرەو ماڵ ڕێگە دەبڕم، کە لە دووررا دەنگی هۆرە هۆری ماشێنێك لێوم دەلەرزێنێ.**

**ماشێنێك شەقامەکە بە کۆڵ راکێش دەکا، دەنگێکی بەرزی لێوە دێ: "حاڵی دەردی منی خەمبار بپرسە/ ناڵەی شەوی گیانی بیمار بپرسە/ هەموو دێن‌و لە ئەحواڵم دەپرسن/ دڵ‌و گیانم دەتۆش یەکجار بپرسە ... .**

**شۆفیرەکە پیاوێکی تەمەن ٧٢ ـ ٢٦ ساڵەیە. روانینی مات‌و مەلوولە، بەچاوە خەواڵوەکانی شۆستەکە دەکێڵێ‌و دووکەڵی جگەرەکەی روخساری لە نێوان مژێکی شین دا نوقم کردوە، دەنگی ڕێکۆردێرەکە کز دەکا. شێعری گۆرانی‌یەکەی "عەدنان" دەکاتە پێشەکی‌و وەك وتە بێژێکی لێهاتوو کە دیارە زۆر لەسەر ئەم بابەتە دواوە هاتە گوفتار:**

**"سێ‌ساڵ لە من بە تەمەنتر بوو، لە ناوەندێکی چاپەمەنی دا یەکترمان ناسی. "قەت سوپاسی ئەو شەقام‌و کات‌و ڕێکەوتە ناکەم کە ئێمەی پێك ناساند". سەرەتا بیرم نەکردەوە کە رۆژێك گیرۆدەی بم، بەڵام یادی بوو بە کڵاورۆژنەی روو بە ئاسمانی خۆشەویستی‌و ژووری تەنیایی من‌و عەشقی بە برشتی، سێبەری یادێکی شیرینی بۆ کردم‌و وای لێهات ئەگەر رۆژێك نەم دیبا دڵم بۆی دەبوو بە چنگێك. هەموو رۆژێ "هەردی" ئاسا لە سەر رێگەی رادەوەستام تاکوو ئاوی پێم دادەهات. ئەویش وەك منی لێ هاتبوو. دەی‌گوت: "تاکوو ئێستا لەگەڵ کەس وەك تۆ دانەهاتووم".**

**"بڕیاری دا کوێرە رێگای شەکەتی‌و ماندوویی ژیانێك پێکەوە ببڕین."**

**ماشێنەکە، لەو شوێنەی کە دەبێ، دابەزم تێ دەپەڕێ، بە رووی خۆم ناهێنم.**

**شۆفیرەکە کوڵی هەڵ دەستێ‌و درێژە دەدا ـ هەموو شتێك بۆ ژووانی هەمیشەییمان ئامادە بوو، تا دەم دیت هەستم دەکرد زۆرتر ئاوێتەی دەبم، بەڵام ئەو، ئەو بەو دێرە نفریناوی‌یەیە تەمتومانی لە دڵم دا هەڵ واسی‌و هەزار ئاوازی دڵشکاویی ئاوێتەو ئاوێزانی گوێم کرد. هەموو شتێك ژێرەوژوور بوو.**

**ڕای‌سپارد: "دەترسم، ڕاڕام، دوو دڵم، ناوێرم".**

**وەك جاری جاران مەوعیدی ژوانێکی سەر شۆستەم لەگەڵ دانا. گوتی لە مێژە لە بیری وتنی وەڵامی رەفزی دیاری دڵمە، قەڵاچۆ بووم تاجە گوڵینەی لەسەر گۆڕی دڵم دانا. هێندەم بارانی پرسیار بەسەری دا باراند تا لە کۆتایی‌دا هاتە قسەو گوتی: "ئەویندارى کۆنەمێردەکەیەتی، هێشتاش بۆی دەمرێ‌و، من تەنیا شێوەی ئەوم داوە"!!**

**ئەو هەموو هەستی‌و ئاخاوتنی لەگەڵ منا دەست ئاژۆی فڕو فێڵ بوو، خۆشەویستی‌و سەر بە سینگەوەنان هەمووی لا، یارییەکی منداڵانە بوو بۆ خۆ ژیر کردنەوەی‌و بەس.**

**"دەزانی بۆ پیاوێك گەورەترین شکست چیە؟! ئەوەیە کە کەس هێندەی ئاسمانی تەنیایی ژوورێکی پیاوێکی بەردین خۆش بوێ‌و ئەویش رۆژێك بەرانبەری راوەستێ‌و بڵێ: "لەو کاتەوەی کە لەگەڵ تۆ رێکەوتووم زانیومە کەسێکی ترم خۆش دەوێ." رەنگە شێت بێ، رەنگە عاشق بووبێ وەك من، بەڵام بەرانبەر کەسێکی‌تر،و بۆیەش منی بەجێی خۆشەویستەکەی دانابێ‌و لە ئاکامیش دا پەی بەوەی بردبێ کە ئەم کارانە دەردێك دەوا ناکن‌و ...**

**منگە منگێك دەکەم‌و دەڵێم: "ببوورە من لێرەدا دادەبەزم ...، فەرموو".**

**سەیرێکم ئەکاو ئەڵێ:**

**نا، پارەی ناوێ، من مسافیرکێش نیم، من هەموو شەوێ ڕێبوارێکی ئەم شەقامە کە گەرای یادگاری منیان تێدا ترووکاوە سوار دەکەم تاکوو ئەم چیرۆکەی بۆ بگێرمەوەو، دەڕوا ...**

***

## ئەدەبیات چیە؟

# "پانتایییەك بۆ رزگارکردنی زمان لە ژێر تەوژمی وتاری باو


بەشی یەکەم

و: کاروان کوردستانی

کاتێك باس لە تیوریی ئەدەبی دێتە گۆڕێ، بێگومان چەمکێك وەك ئەدەبیات هەیە کە باس لە تیئورییەکەی دەکرێ. کە واتە ئەم بابەتە بەم پرسیارە درێژە دەدەین کە ئەدەبیات چیە؟

بۆ پێناسە کردنی ئەدەبیات هەوڵێکی زۆردراوە. وەك نموونە: دەتوانرێ ئەدەبیات بە نووسینێکی خەیاڵی وەك چیرۆك یا نووسینێك کە حەقیقەتی نیە پێناسە بکرێ. بەڵام تەنانەت رامانێکی خێراش بە نیسبەت ئەو تێگەیشتنەی کە بەگشتی خەڵك لە ئەدەبیات هەیانە، دەربڕی ئەو راستییەیە کە ئەم تێگەیشتنە لە ئەدەبیات تێگەیشتنێکی ناتەواوە. ئەدەبیاتی سەدەی حەڤدەهەمی ئینگلیسی تەنیا بەرهەمەکانی شکسپیر، وبستر، مارڵو میلتۆن ناگرێتەوە، بەڵکوو لە چوارچێوەیەکی بەربلاوتردا نووسینەکانی فرانس بیکین، وانەکانی جان دان، ژیاننامەی مەعنەوی بوونیانو نووسینەکانی سەر توماس براونیش دەگرێتەوە. تەنانەت لویاتان، هانبر، یا "مێژووی راپەڕین"ی کلارندینش دەکەونە ئەم قۆناغەوە. سەدەی حەڤدە لە فەرانسەدا بە بوونی کورنیو راسین، بەرهەمگەلێك وەك: لاروشفوکو، غەزەلەکانی بوسوئە، ریسالەی بوالو سەبارەت بە شێعر، نامەکانی مادام دوسوینیە بۆ کچەکەیو فەلسەفەی دیکارتو پاسکالیش دەگرێتەخۆ. ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەهەمی ئینگلیس بەرهەمەکانی لومبو مکولیو میلش دەگرێتەخۆ. (هەرچەند بنتام، مارکس، داروینو هیربرت ئیسپێنر لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیەن).

کەواتە لێکدابڕانی "چیرۆك"و "واقیعییەت" چارەسەر نیە. بۆ؟ چونکە خودی ئەم جیاوازی دانانە پرسیار خولقێنە. بۆ نموونە زۆرجار دەگوترێ پێوەندییەك کە ئێمە لە نێوان حەقیقەتێکی "مێژوویی"و "هونەری"دا پێك دێنن. بە هیچ جۆرێك لە پێوەندی لەگەڵ چیرۆکە حەماسییەکانی باستانیی ئیسلەندیدا نایەتە دی. لە کۆتایی سەدەی شازدەهەمو سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەهەمدا، لە زمانی ئینگلیسیدا واژەی "رۆمان" لە پێوەندی لەگەڵ رووداوە واقیعیی و خەیاڵییەکان، بۆ هەردووکیان بەکار دەبرا. تەنانەت هەواڵەکان بە کەمی وەك واقیعییەت چاو لێدەکران. راپۆرتە خەبەریو رۆمانەکان نە بە واقیعی دەبینرانو نە بە خەیاڵی. ئەم پێناسە تایبەتییانەی کە ئێستا ئێمە بۆ ئەم چەمکانە بەکاری دێنین ئەو کاتە نەبوون. هەرچەند گیبوون لەو بڕوایەدابوو کە حەقیقەتی مێژوویی هەڵ دەداتەوە، هەروەك چۆن نووسەرانی پێشووش ئەم تێگەیشتنەیان بوو. بەڵام نووسینەکانی ئەوان ئەورۆ هێندێك بە "واقعییەت" وەری دەگرنو هێندێکی دیکەش بە "داستان". نیومین لەو بڕوایە دابوو کە "تأملات الهی"یەکەی واقعییەتی هەیە. ئەوە لە حاڵێك دایە کە ئەورۆکە زۆربەی خوێنەران تەنیا وەك چیرۆك چاوی لێدەکەن. جگە لەوە ئەگەر ئەدەبیات زۆرتر هەڵگری نووسینە واقعییەکان بێ، ئەوکات زۆربەی چیرۆکەکان بە




ناچاری دەکەونە دەرەوەی ئەم بازنەیەوە. چیرۆکی سوپیرمەنو رۆمانەکانی میلنروبوون (Boo) خەیاڵین. هەرچەند ئەدەبین بەڵام لە هەنگاوی یەکەم لە ریزی ئەدەبیاتدا نایەنە ئەژمار. ئەگەر ئەدەبیات بەرهەمگەلی "داهێنەرانە"و "فەنتازی"یانە بێ ئایا ئەم تێگەیشتنە دروستە بڵێین کە مێژوو، فەلسەفە، زانستی سروشتی غەیرە داهێنەرانەو غەیرە خەیاڵین؟

رەنگە بۆ تاوتوێکردنی ئەم باسە پێویستمان بە رێگایەکی دیکە هەبێ.

رەنگە بتوانین بڵێین ئەدەبیات نە لە سەر بناغەی "داستانی" یا "خەیاڵی" بوون پێناسە بکەین، بەڵکوو لەسەر ئەم بناغەیە کە زمان بە شێوەیەکی تایبەت بەکار دەبا پێناسە بکەین. بە پێی ئەم تئورییە شێوازێکی نووسینە کە بە وتەی رەخنەگری رووس رومین یاکوبسێن (Rommanjakobson) دەربڕی "لێك هەڵوەشانەوەی زمانی باوە". ئەدەبیات زمانی باو لەبەریەك هەڵدەوەشێنێتەوە. بە توانای دەکاو بە شێوەیەکی سازمان دراو زمان لە ژێر تەوژمی وتاری باو رزگار دەکا. ئەگەر تۆ لە ویستگەی ئوتوبووسدا بەرەو رووم بێیو لەبەر خۆتەوە بڵێی: "ئەی بووکی هێمنو کچی بێدەنگی" من دەستبەجێ هەست بە بوون لە پانتایی ئەدەبیاتدا دەکەم. بەو رستەیە تێدەگەم، دارشتنو وەزنو وشەکانی تۆ دەرۆن کە مانای واقعیی خۆیان بدۆزنەوە. بە دەربڕینێکی زماننناسانە لە نێوان دالو مەدلوول پێوەندییەکی راستەوخۆ بوونیان نیە. دەربڕینی تۆ سەرنجی مرۆڤ بۆ لای خۆی رادەکێشێو بوونی ماددیی خۆی وەها پێشان دەدا کە رستەیەکی وەك: "ئەرێ شوفیرەکان ئێستاش لە حاڵی مانگرتن دان یان نا؟" ئەو تواناییەی نیە.

ئەم پێناسە لە ئەدەبی بوون لە راستیدا فورمالیستەکانی رووس هێنایانە گۆڕێ کە ویکتۆر شکلوفسکی (Viktorsnǩlovsky)، رومێن یاکوسبون، ئوسیپ بریك (Osipbrik) یوری تیتیانۆف (yuryTynyanov)، بوریس ئیچن باومو بوریس توماشفسکی لەو کەسانە بوون. فۆرمالیستەکان لە ساڵەکانی پێش لە شۆڕشی بلشویکیی ١٩١٧ی رووسیە هاتنە گۆڕەپانەکەوەو دەیەی ١٩٢٠یش بوو بە دەیەی گەشە سەندنی هەوڵەکانیان تا ئێستاش زۆر بە توندی دەستی کرد بە سەرکوت کردنیان. فورمالیستەکان کە رەخنەگری



شۆڕشگێڕو باس خولقێن بوون رەوتی راز ئامێز هێماگەری کە پێشتر هاتبووە نێو رەخنەی ئەدەبییەوە رەت کردەوەو بە شێوەیەکی پراکتیکیو زانستی سەرنجیان خستەسەر واقعییەتی مادیی خودی بەرهەمی ئەدەبی. رەخنە دەبوا هونەری لەفزو ئیماژ، پاك بکردایەتەوەو نێوەرۆکی حەقیقەتی بەرهەمێکی ئەدەبی بخستایەتە ژێر تیشکی راڤەو خوێندنەوە. لە روانگەی ئەوانەوە، ئەدەبیات نیزامێکی تایبەت بە زمان بوو نەك شتێکی هاوشێوەی فەرهەنگ یا دەروونناسی یا کومەڵناسی. نیزامێك کە یاسا، پێکهاتەو ئامرازی تایبەت بە خۆی هەبوو کە دەبوا خوێندنەوەیەکی جیددی بۆ بکردایە، نەك ئەوەی کە ئاستی بەرهەمی دابەزاندیایە. بەرهەمی ئەدەبی، ئامرازێك بۆ دەربڕینی بیروباوەڕ، رەنگدانەوەی واقعییەتی کۆمەڵایەتی، یا دۆزینەوەی حەقیقەتێکی بەرز نەبوو. بەڵکوو واقعییەتێکی ماددیی بوو کە

**ئەدەبیات زمانی باو لەبەریەك هەڵدەوەشێنێتەوە. بە توانای دەکا و بە شێوەیەکی سازمان دراو زمان لە ژێر تەوژمی وتاری باو رزگار دەکا.**

کارکردەکەی وەك کارکردی ماشێنێك شایانی راڤە کردن بوو. لە روانگەی ئەوانەوە بەرهەمێکی ئەدەبی لە کۆمەڵێك وشە پێك دەهات، نەك ئامانج یان هەستو سۆزو هەڵەش دەبوو ئەگەر ئەویان بەبەرهەمی بیرەکی (زەینی) نووسەر، دەهێنایە ئەژمار، ئوسیپ بریك بە جوانی دەڵێ: "تەنانەت ئەگەر پوشکینیش نەبوایە کتێبی ئوژن ئەنگین یش دەنووسر"ا.

فورمالیسم لە بنەرەتدا کارکردی زماننناسی لە بواری ئەدەبیاتدا بووو بەو هۆیە کە زماننناسی ئاماژە پێکراو جۆرێك زماننناسی فورمێك بوو کە زیاتر لەگەڵ ساختاری زماندا سەروکاری هەبوو تا وتاری باو، فورمالیستەکان لەو بڕوایەدا بوون کە لە باتی راڤەی نێوەرۆك (بوارێك کە هەمیشە مەترسیی چوونە نێو حەوزەی دەروونناسیو کۆمەڵناسیی بەدواوە هەبوو). دەبێ بایەخ بە فۆرم بدەن. ئەوان فورمیان وەك ئامرازێك بۆ گەیاندنی پەیام بە حیساب نەدەهێنا، بەڵکوو پێچەوانەی ئەم پێوەندییەیان قبووڵ بوو. نێوەرۆك تەنیا هۆکارێك بوو بۆ فۆرم، واتە بوارێك لەباربوو بۆ بەکارهێنانی فۆرمێکی تایبەت [لە روانگەی ئەوانە ] "دون کیشوەت" بەرهەمێك لە بارەی کەسیەتییەك بەم ناوەوە نیە بەڵکوو ئەم کەسایەتییە تەنیا ئامرازێکە بۆ کۆکردنەوەی جۆرەها فەننی چیرۆکنووسی. لەروانگەی فورمالیستەکانەوەدا "قەڵای حەیوانات" هێمایەك نیە لە ئیستالینیسم، بەڵکوو بە پێچەوانە ئەمە ئیستالینیسم بوو کە بارودۆخێکی گونجاوی بۆ سەرهەڵدانی ئەم بەرهەمە خولقاند. پێداگرتن لەسەر ئەم بۆچوونانە بوون کە نەیاران ناوی فورمالیستیان لەسەردانان. هەرچەند ئەوان قبووڵیان نەدەکرد کە هونەر لەگەڵ واقعییەتی کۆمەڵگادا پێوەندی هەیە.

لە راستیدا هێندێك لەوان لەگەڵ بلشویکەکاندا پێوەندیی دۆستانەیان هەبوو. بەردەوام ئیددیعایان دەکرد کە کارکردن لەسەر ئەم پێوەندییە (واتە هونەرو کۆمەڵگا) لە دەرەوەی کاری رەخنەگرانە.

فورمالیستەکان لەسەرەتادا بەرهەمێکی ئەدەبییان بە هەڵبژاردەیەك لە جیاوازییەکان دەزانیو دواتر بوو کە وەك یەکە جیاوازانەیان وەك یەکەیەکی یەکگرتوو پێوەندیدار بە یەکتر. بوونی رۆڵی هەرکامەیان لە نێو دەق دا لێك دایەوە. ئەم یەکانە بریتیی بوون لە: دەنگ، فورمێك، موسیقی، کێش، قافیەو فەننی چیرۆکنووسیو لە راستیدا کۆی پێکهاتەیەکی ئەدەبی فورمێك. خاڵی هاوبەشی هەموو ئەم یەکانە رۆڵی نامۆکردنەوەو ئاشنایی سڕینەوەی ئەوان بوو. ئەو تایبەتمەندییەی زمانی ئەدەبی کە ئەوی لە فورمەکانی دیکەی نووسین جیادەکردەوە ئەمە بوو کە زمانی باو شێوازی جۆراوجۆر گۆڕانی تێدا پێك دەهاتو زمانی باو لە ژێر رەختی "تمهیدات"، درۆ، شیعا، فشارو . . . تێك دەدرا. کەواتە زمان نامۆ دەبوو ولە ژێر ئەم کارتێکردەش فەزای نووسەر نامۆ دەبوو. لە وتاری رۆژانەدا تێگەیشتنەکانی ئێمە لە واقعییەتو وەڵامدانەوە پێیان بێنێوەرۆكو ماندووکەر یا بە وتەی فورمالیستەکان خودکار ئاسا دەبوو.

***

## غوربەت، خۆشەویستیو دایك

هیوا میرزایی

پێش ئەوەی مەرگ.
بەلارە، لار
بترفێنێ.
بەڵێنت لێ وەردەگرم
بۆ کارنەڤالی تاراوگەی
شێعرەکانم میوانی!
*   *   *
هەنووکە، من
پەیڤ بە پەیڤ
تۆ لە تۆی شێعرێکا
دەنووسمەوەو
لە بەرزایی ئەم شایی
غوربەتەدا
لە نێو خۆم دا،
بزرت دەکەم!
تۆ ئێستا
شێعرێکی موو سپیو
هەموو بەیانێك دەبی بە
پەرەسێلکەو
دێیتە ژوورمەوەو
لەسەر شانی تەنیایم
دەنیشیتەوەو
گۆرانییەکانی منداڵیم بۆ
دەڵێیت
ئێستا، تۆ
دوو دڵیو
هەموو رۆژ دڵێکت لێرەیە
ژوور بە ژوور
غوربەت دەپشکێنیو
بەدوای منداڵیم دا دەگەڕێی!
ئازیزەکەم
پەرژین، پەرژین.
شێعرێك دەکەم بە دارو بەرد
هەتاو، هەتاو
شێعرێك دەکەم بە ئاسمان
زەوی، زەوی
شێعرێك دەکەم بە بای شەماڵ
تا باسی غوربەتت بۆ بێنێ.
غوربەت.
دەستی کردۆتە سێبەربۆ
چاوەکانیو
چاوەڕێی هاتنت دەکا.
غوربەت.
گۆرانییەکی خەمناکەو
رێبوارێك بەدەم رێگاوە
دەیڵێتەوە
"هەی سەوزە، سەوزە، سەوزە
ماڵەکەم"
بێ تۆ وێرانە ماڵو حاڵەکەم"
غوربەت منداڵێکی چاوگەشی
برسییەو
تامەزرۆیی بابۆڵێك نانو
ماست
دەکا!
پێش ئەوەی مەرگ بە
لارە، لار
بترفێنێ
بەڵێنت لێوەردەگرم
لە پرسەی خۆرنینی شێعرم
میوانی!
*   *   *
منیش بەڵێنت پێدەدەم
بەجێی باران
پێکەنین، پێکەنین
بگۆزمەوە چاوتەوەو
لە خەنەبەندانی شێعریش دا
نۆت بە نۆت
موسیقا بدەم بە بەرۆکی
شێعرت دا!
*   *   *
تابلۆ ـ تابلۆ
شێعرێکی لاسووتاوی غەریب
وێنە، وێنە
تۆی لە خوی دا نووسییەوە،

تابلۆی یەکەم:
شێعرێك لاپەڕە، لاپەڕە.
ئێوارەی هەڵ ئەدایەوە
چاوەڕێی پێکەنین بوو.
بەدیی نەکرد،
ئیدی وەڕەس بوو،
ئێوارەی جمۆڵە کردو،
تووری دا!

تابلۆی دووهەم:
پێنووسێکی عاشق ویستی
لە پێدەشتی چاوی دا، گوڵێ
بروێنێ،
گوڵ ڕوا،
بەڵام، سیس!

تابلۆی سێهەم:
کامێرایەکی شاراوە، دوای
چەند ساڵ
لە ئەرشیڤی چاویا،
تۆی دۆزییەوە،
بەدەم وەنەوزەوە
شێعرت دەکرد بە سەرینو
دیوانە شێعرێکی یاخیت ژێر
دەکردەوە!؟
*   *   *
قەسیدەیەك بۆ
خۆشەویستێك
پێش ئەوەی مەرگ بیگاتێ!
من نیگام دەکەم بە فەرشی
سوورو
لە بەر دەمتا رای دەخەم
تا، هەنگاو، هەنگاو
پێلەسەر چاوم بنێیو
لەم غوربەتە رزگارم کەی،
ئازیزەکەم!
قۆزە، قۆزی تەنیایم
بۆنی، نیکۆتینو ئەلکوڵو ئاخی
لێ دێ،
تۆ...
بەس تەنیا تۆ دەتوانی
دیسانەوە سەوزم کەی
تۆ شێعرێکی باڵابەرزی موو
درێژی
پێش من سەوز بووی
پێش من گەڵات کرد
پێش منیش ...!
*   *   *
ئاوێنە، ئاوێنە
لەبەر دەمتا رادەوەستم،
تۆ رۆحم دەبینی
ناوچاوانت تاڵ ئەکەیو
بە تووڕەیی پێم ئەڵێی:
رۆڵە چەند جار پێم وتی:
لە نێو خۆڵەکەوە خۆت
مەگەوزێنە
منیش سەردەکەمە سەر
ڕانتو
چاوم، چاوەڕێی پێکەنینو
دەستم چاوەڕێی، نازکێشانو
گوێم، چاوەڕێی، دەنگتو
دڵیشم بە تەمایە
لە ئامێزی گریو
سەر گۆنای غوربەتم ماچ کەی،
بەڵام
لە ناکاو، دیسان
لێم بزر دەبیو
منیش بەدیار
بیرەوەرییەکانتەوە
جگەرەیەك دادەگرسێنمو
زەبتەکەی تەنیشتم لێ
دەدەمو
"عەدنان" دەمبا!
"دەستت بێنە ئەم جیهانە
جەنگەڵستانێکی چرە،
خوا نەکردە، نەك لە غەریبی
دا بمرێ
با گوێ لە خەمی یەك بگرین"
من خەمێکی هێند قورسم
بە تەرازووی هیچ دوکانێکی
ئاوارەیی ناکێشرێم.
تۆیش وێرەگای ئەم خەمە
گەورەیتو
ساڵێ جارێ،
مەگەر بە رێکەوت
دەلاقەت بۆ پاڕانەوەم
بکەیتەوە
من لە باران عاشق ترم!
هەنووکە تۆ
دەنگی پیاسەی چاوەڕێتو
گوێت، زرە زرەی دەنگی
دەرگایەو
دڵیشت،
ئا...خ، دڵت
دەشتێکی کاکی بە کاکییەو،
خەفەت لە نێوی دا
کەروێشکەی دێ.
تۆ لە باران عاشق تری!
بەس بەڵێنم پێ بدە،
نەنوی تا دێمەوە،
بەڵێنم پێ بدە،
بەڵێن

# تێکۆشانی کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات

**نورویژ:**

## کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی مافی مرۆڤدا

رۆژی سێشەممە ٢٠٠٤/٢/٢٤ کاتژمێر ١٥:٣٠، کۆبوونەوەیەك بۆ پشتیوانی لە داوای بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ کۆفی عەنان سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ بەرپرسانی مافی مرۆڤی نورویژ پێك هات. لەو کۆبوونەوەیەدا باسی ناروونیی چارەنووسی ٦ تێکۆشەری دێموکرات کە بەهۆی بزووتنەوەی ئیسلامی تەسلیمی ئێران کرانەوە، کرا.

لەو کۆبوونەویەدا بەڕێز "Gunner M.Karlsen" بەرپرسی مافی مرۆڤی نورویژو خاتوو "بیاتە شلیدال" بەشدار بوون. جگە لە باس لەسەر داوای سکرتێری حیزب، لەلایەن ئەندامێکی پێوەندیی دەرەوەی نورویژی حیزب، کاك کەریمی ئەڵڵاوەیسی، باسێکی کورت لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دوایانەی ئێران و ئاکامی هەڵبژاردن و هەڵوێستی ناوەندەکانی بڕیاردانی جیهانی سەبارەت بە هەڵبژاردن کرا. ئەمجار کاك عارف باوەجانی باسێکی تێروتەسەلی لەسەر وەزعی پەنابەرانی ئەڵتاش پێشکەش کرد. لەم کۆبوونەوەیەدا کاك کەریم، باسێکی کورتیشی لەسەر پەنابەرانی کورد لە تورکیە بەتایبەت شاری وان پێشکەش کرد.

خاتوو "بیاتە شلیدال" لەمەڕ پەنابەرانی کورد لە تورکیە گوتی: بەداخەوە بەرپرسانی Un ی ئانکارا خەڵکی تورکیەن و ئەوان بە جێگەی چارەسەری گیروگرفتی پەنابەران، هەوڵ بۆ قازانجی سیاسیی تورکیە لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا دەدەن.

لە کۆتاییدا نوێنەرانی مافی مرۆڤ بەڵێنیان دا کە هەموو هەوڵی خۆیان بدەن بۆ مەسەلەی ٦ پێشمەرگەی دێموکرات و چارەسەرێکی گونجاو بۆ گیروگرفتی پەنابەرانی باسکراو، ببیننەوە.

## بەشداری کۆمیتەی نورویژی یەکیەتیی ژنان لە رێورەسمی ٨ی مارسدا

رۆژی دووشەممە ٢٠٠٤/٣/٨ی زایینی، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نورویژ، لە ئاهەنگی ٨ی مارس، رۆژی جیهانیی ژندا کە لە شاری ئوسلۆ پێتەختی ئەو وڵاتەو لەلایەن پارتی کرێکاران و سەندیکا کرێکارییەکانی نورویژەوە بەڕێوەچوو، بەشداریی کرد و پەیامی ئەو یەکیەتییەی پێشکێش کرد. هەروەها گرووپی یەکیەتیی لاوان بە چەند گۆرانیی کوردی لەو رێورەسمەدا بەشداریی کرد کە سەرنجی بەشدارانی بۆ کارە هونەرییەکە راکێشا.

❊❊❊

## پێکهێنانی سمینارێکی ئەدەبی - سیاسی

رۆژی ٢٠٠٤/٢/٢٩ی زایینی، لە وڵاتی نورویژ لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی کۆمۆنی "رلینگین" سمینارێکی ئەدەبی - سیاسی، بە بەشداریی زیاتر لە ١٠٠ ئەندامی حیزب، لە دوو بەشدا بەڕێوەچوو. سمینارەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" لەلایەن لاوانی ناوچەی "لیکسترۆم"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ناوچەی لیکسترۆم، هاوڕێ هاشمی رۆستەمی بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و چەند قسەیەکی سەبارەت بەهۆی پێکهاتنی سمینارو دووبەشبوونی سمینارەکە کرد. بەدوای ئەودا هاوڕێ جەعفەر حامیدی، بەرپرسی کۆمیتەی پشتیوانی لە فەرهەنگ، زمان و ئەدەبی کوردی سەبارەت بە کارو ئەرکەکانی کۆمیتە، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. دواتر سروودی "خوایە وەتەن ئاواکەی" لەلایەن لاوانی دێموکراتەوە پێشکەش کرا.

لەم سمینارەدا ئەم هاوڕێیانە بە خوێندنەوەی شێعرو پەخشان بەشدارییان کرد: هاوڕێیان ئەنوەر سوڵتانپەنا، جەعفەر حامیدی، هاشم رۆستەمی، ئارەزوو عومەرزادەو ئازاد رۆستەمی.

لە بەشی دووهەمی ئەم سمینارەدا، هاوڕێ برایم لاجانی، ئەندامی کۆمیتەی حیزب لە نورویژ، باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە مافی نەتەوەکان و مافی چارەنووس لە شکڵی فیدراڵیدا پێشکەش بە بەشداران کرد. بەدوای ویدا کاك حەسەن رەستگار، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، باسێکی پوختی سەبارەت بە هەلومەرجی ئێستاو بۆچوونەکانی حیزبی دێموکرات پێشکەش کرد. لە کۆتایی سمینارەکەدا کۆمەڵێك پرسیار لەلایەن بەشدارانەوە هاتنە گۆڕێ کە بەڕێز کاك حەسەن بە تێروتەسەلی وەڵامی دانەوە.

**ئاڵمان:**

## کۆبوونەوەیەك بەبۆنەی ساڵڤەڕی "سیاهکل"

رۆژی ٢٨ی فێوریە، کۆبوونەوەیەك بەبۆنەی ساڵڤەگەڕی "سیاهکل" لەلایەن رێکخراوی فیدائییانی ئەکسەریەتەوە بۆ باس لەسەر یەکیەتی و یەکگرتنی هێزە سیاسییەکانی ئێران پێك هات. لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی بەشێك لە رێکخراوە ئێرانییەکان و کەسایەتییە سیاسییە ئێرانییەکان بەشدار بوون. لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، هاوڕێ عەبدولڕەزا کەریمی لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بووو بۆچوون و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلە جۆراوجۆرەکانی ئێران و پێویستیی یەکڕیزی و یەکدەنگیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی شی کردەوەو لە کۆتایی دانیشتنەکەشدا، وتووێژێکی ئینتێرنێتیی هەر لەو پێوەندییەدا ئەنجام دا.

**ئامریکا:**

## "بەربەستەکانی گەشەکردنی دێموکراسی و یەکیەتیی میللی لە ئێران" لە کۆنفرانسێکدا

رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٠٠٤/٢/٢٩ی زایینی، کۆنفرانسێك لەلایەن (شوورای پشتیوانی لە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی لە ئێران)و لە ژێر ناوی "بەربەستەکانی گەشەکردنی دێموکراسی و یەکیەتیی میللی لە ئێران" لە شاری لۆس ئانجلێسدا پێك هات. لەو کۆنفرانسەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتیی ئێران بەشدار بوون و باس و وتارەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا پێشکەش کرد. لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوەش، هاوڕێ ئەردەڵانی بێهرووزی لەو کۆنفرانسەدا بەشداریی کرد و روانگەو بۆچوونەکانی حیزبی لە پێوەندی لەگەل دێموکراسی لە ئێراندا و خەباتی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی بۆ بەشداران، شیکردەوەو پاشان وەڵامی پرسیارەکانی بەشدارانی دایەوە.

❊❊❊

### راگەیەندراوی هاوبەشی ٦ حیزب و رێکخراوی سیاسی سەبارەت بە

# خۆپیشاندانی خەڵك لە شارەکانی کوردستانی ئێران

چەند شاری کوردستان لەم رۆژانەی دواییدا شایەدی کۆبوونەوەی بەرینی خەڵك و تێکهەڵچوونی مەئموورانی حکوومەتی لەگەڵ دانیشتووانی ئەو شارانە بوون. بەپێی ئەو راپۆرتانەی گەیشتوون، بەدوای پەسندکرانی قانوونی ئەساسیی کاتیی عێراق لە لایەن ئەنجومەنی حوکمی ئەو وڵاتەوە کە لەودا مافەکانی خەڵکی کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا بە رەسمی ناسراون، هاونیشتمانانی کوردی ئێمە بە مەبەستی پێشوازی و نیشاندانی خۆشحاڵیی خۆیان لەو رووداوە، لە سنە، بانە، سەقز، مەریوان و پیرانشار کۆبوونەوەو پشتیوانیی خۆیان لەو بڕیارە راگەیاند. بەڵام، ئەو جۆرە کۆبوونەوانە لە هەموو ئەو شارانەو بە شێوەی جۆراوجۆر لەگەڵ خۆتێهەڵقوتاندن و دژکردەوەی هێزە نیزامی و ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی و سەرئەنجام پەلاماری هێزەکانی حکوومەت بۆ سەر خەڵك بەرەوڕوو بوون. لە ئاکامی ئەو پەلامارو تێکهەڵچوونانەدا تا ئێستا دەیان کەس لە دانیشتووانی کوردستان بریندار بوون و، خەبەری ئەوە هەیە کە یەکێك لە خۆپیشاندەرە بریندارەکان لە نەخۆشخانە گیانی لەدەست داوە. سەدان کەس لە لاوانی سنە، مەریوان، سەقز، بانە، مەهاباد، بۆکان و پیرانشار بە هۆی مەئموورانی رێژیمەوە گیراون و بە دەیان ساختومانی دەوڵەتی و نیزامی لەو شارانەدا زیانیان پێگەیشتوە. بە گوێرەی دوایین هەواڵەکان لەو شارانەدا حکوومەتی نیزامییەکی رانەگەیەندراو هەیەو هێزەکانی رێژیم لەشەقامەکان و مەیدانەکانی ئەو شارانەدا جێگیر بوون.

ئێمە کە ئەو راگەیەندراوەمان ئیمزا کردوە، هاوپێوەندیی خەڵکی کوردستانی ئێران لەگەڵ خەڵکی کوردستانی عێراق بە مافی سروشتیی ئەوان دەزانین و پشتیوانیی لێدەکەین. هەروەها خۆتێهەڵقوتاندنی دنەدەرانەی مەئموورانی کۆماری ئیسلامی مەحکووم دەکەین و داواکارین هەموو ئەو کەسانەی لە پێوەندی لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی کوردستاندا گیراون، بەبێ هیچ چەشنە مەرجێك ئازاد بکرێن. حکوومەتی کۆماری ئیسلامی کە تا ئێستا بە سەرکوتی بەربڵاو بەردەوامی خەڵکی کوردستان و حاشالێکردنی تێکەڵ بە توندوتیژیی داخوازە نەتەوەیییەکانیان، هەوڵێکی بێ ئاکامی بۆ زاڵکردنی بێدەنگیی گۆڕستان لەو ناوچەیەی نیشتمانەکەمان دا، بەڕێوەبردوە، نایەوێ بزانێ کە داخوازە نەتەوەیییەکانی خەڵکی کوردستان و دەسمایەی خەباتگێڕانەی ئەو داوایانە، لەنێو ئەو خەڵکەدا بە جۆرێك ریشەیان داکوتاوە کە هەر هەواڵێك و هەر رووداوێك لە هەر جێیەك کە پێوەندی بەو داوایانەوە هەبێ، دژکردەوە نیشاندانی ئەوانی بەدواوە دەبێ. سەرکوتکەران چاوی دیتنی هۆیەکانیان نیە، بەڵام ئامادەن هۆکارەکان سەرکوت بکەن.

ئێمە هەمیشە گوتومانەو دیسان دەیڵێینەوە کە چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لەکوردستان و سەرانسەری ئێران، تەنیا لە رێگای سیاسی و تەنیا بە دوای قبووڵکردنی مافە دێموکراتیکەکانی کوردەکان و گەلانی دیکەی ئێران مسۆگەر دەبێ. خەڵکی کوردستان مافی خۆیانە کە هاوپێوەندی و پشتیوانیی خۆیان لەگەڵ کوردەکانی عێراق و تورکیە رابگەیەنن. لەوەش زیاتر مافی خۆیانە کە لە ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیکدا شاهیدی وەدیهاتنی داخوازە میللی و دێموکراتیکەکانی خۆیان بن. هەتا ئەو مافانە دابین نەکرێن، خۆڕاگریی خەڵك و رەفتارو سیاسەتی سەرکوتکەرانە لەلایەن حکوومەتەوە هەروا درێژەی دەبێ و لە ئاکامدا ئەوەی سەرئەنجام سەردەکەوێ خەڵکی کوردستانی ئێرانن.

ئێمە داوا لە هەموو ئازادیخوازان دەکەین کە پشتیوانی لە داخوازە رەواکانی خەڵکی کوردستان بکەن.

**یەکیەتیی شۆڕشگێرانی کوردستان**
**رێکخراوی یەکیەتیی فیداییەکانی گەلی ئێران**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**شوورای ناوەندیی رێکخراوی فیداییەکانی گەلی ئێران (اکثریت)**
**کومیتەی ناوەندیی رێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێری ئێران (راه کارگر)**
**کۆمەڵە - رێکخراوی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان**

❊❊❊

# کۆچی دوایی ئەندامێکی لەمێژینەی حیزب



ئێوارەی رۆژی هەینی ١٥ی رەشەمەی ١٣٨٢ی هەتاوی، دڵی گەورەی پڕ لە ئاوات و ئارەزووی حاجی محەممەد ئەمینی حەسەنپوور، ئەندامی لەمێژینەو بەوەفای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لێدان کەوت و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە دۆستان و ئاشنایان، خزمان و خەڵکی کوردستان بەگشتی و تێکۆشەرانی دێموکرات بەتایبەتی کرد.

حاجی محەممەد ئەمین حەسەنپوور، ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە شاری سەردەشت لە دایك بوو. خوێندن و نووسینی لە رەوتی ژیان و بەدوور لە قوتابخانە فێر بوو. تێکۆشانی سیاسیی لە تەمەنی لاوەتی و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دەست پێکرد و لە ریزی پێشمەرگەی کۆماردا خزمەتی کرد. پاش جوانەمەرگبوونی کۆمار، لە برگە جۆراوجۆرەکانی خەباتی ئاشکراو نهێنیی حیزبی دێموکراتدا، چالاکانە بەشدار بووو چەند جاریش رێگای بەندیخانەی کەوتەبەرو ئازارو ئەشکەنجەی زۆری چێشت. لە کۆنگرەی دووی حیزبدا بەشداریی کرد و وەك بەرپرسی کۆمیتەی شاری سەردەشت لە هەلومەرجێکی زۆر ئاستەم و دژواردا کاری رێکخستنەوەو پەرەپێدانی تەشکیلاتی گرتە ئەستۆ.

تێکۆشانی سیاسی و ئەخلاقی ئینسانی، کەسایەتییەکی باوەڕپێکراوی خەڵکییان بۆ حاجی محەممەد ئەمین پێك هێنابوو، راپەڕێنەری کاروباری کۆمەڵایەتیی خەڵك و ئەرکە پێئەسپێردراوەکانی حیزب بوو، هەربۆیەش خۆشەویستی خەڵکی ناوچەو تێکۆشەرانی دێموکرات بوو. ماڵی بنکەی حیزب بوو. رۆڵەیەکی بەناوی محەممەد ساڵحی حەسەنپوور کە کادرێکی کارامەی حیزبی بوو، لە رەوتی خەبات و بەربەرەکانێ لەگەڵ دیکتاتۆریدا شەهید بووو باقیی جگەرگۆشەو خزمانی نزیکی بەردەوام لە ریزی تێکۆشەرانی دێموکراتدا بوون و ئێستاش هەر درێژە بە رێگای حاجی محەممەد ئەمین دەدەن.

پاش هێرشی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆسەر ناوچەکانی کوردستان، حاجی محەممەد ئەمین وەك زۆر تێکۆشەری دیکە ئاوارەو پەڕیوەی هەندەران بووو پاش چەند ساڵ لە تەمەنی پیری و بە نەخۆشی گەڕایەوە سەر ژیانی ئاسایی، بەو حاڵەش هەر وەفادار بە کورد و حیزب مایەوەو پاڵپشتێکی پتەو بوو بۆ رۆڵەکان و خزمەکانی لە ریزی تێکۆشەرانی حیزبدا.

بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەو خەباتگێڕە خۆڕاگرەو رۆڵە وەفادارەی حیزب، پرسەو سەرەخۆشیی خۆمان پێشکەش بە بنەماڵەی بەڕێزی حاجی محەممەد ئەمین و هەموو دۆست و خزم و ئاشنایان و خەڵکی شاری سەردەشت دەکەین و لە خەم و پەژارەی لەدەستچوونیدا خۆمان بە شەریك و بەشدار دەزانین.

**رۆحی شاد بێ و جێگای بەهەشتی بەرین بێ**

**بەڕێوەبەران، کادرو کارگێڕانی "کوردستان"**

❊❊❊

# کوردو نەورۆز

## دابەشبوونی سروشتی کوردستان بەسەر مرۆڤی کورددا

مەحموود شێرزاد

پێوەنـدیی نێـوان کـوردو نـەورۆز، پێوەندییەکی فرەلایەنە، واتە لە روانگـەی مێژووییـەوە، پێوەنـدی بـە کۆمـەڵێك لایـەنی دیـاری سیاسـی‌و نەتـەوەیی‌و کـەلتووری‌و لـە روانگـەی "دەروونناسـی"یشـەوە پێوەنـدی بـە کۆمـەڵێك لایـەنی نادیـاری دیکـەی دەروونی‌یەوە هەیە. ئەو پێوەندییانە بۆچـی دەگەڕێنەوە؟ لە کەلتووری کورددا نـەورۆز چ واتایەك دەبەخشـێ؟ بۆچـی کـورد بـە تایبەت لە نەورۆزدا بەرچاوتر دەگەڕێتـەوە لای سروشت؟ یا بە واتایەکی دیکە بۆچـی لـەو رۆژەدا زۆربـەی تایبەتمەندی‌یـەکانی سروشتی تێدا دەبیندرێن‌و ...؟ هتد؟

رەنگە پێوەندیی دەروونیی کـورد بـە نەورۆزەوە یا مێژووی ئـەو پێوەندی‌یـە بـە شێوەیەکی جیـاوازتر بگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو نەورۆزەی کـە کـورد بـۆ یەکـەم جـار لـە مێـژووی خـۆیدا، لـە سروشـتێکی سەربەستەوە گوازراوەتەوە بـۆ سروشـتێکی دیل، واتە بۆ ئەو نەورۆزەی کە بـۆ یەکـەم جار ناچارکروە وەك نەتەوەیەکی دیل خۆی‌و نیشتمانەکەی لـەژێر هـەژموونیی ئیرادەو ویستی نەتەوەیـەکی دیکـەو چەوسێنەردا ساڵ نوێ بکاتەوەو درێژە بە ژیان بدا. هەر بۆیەش نەورۆز وەك هێمای ئـازادی، کـورد وەك سروشێکی دیل، نـەورۆز وەك رەمـزی بووژانـەوە، کـورد لـە چـاوەڕوانیی بووژانـەوەدا، نـەورۆز وەك دەسـتێکی سارێژکەر، کورد وەك جەستەیەکی شـەقار شەقارو. . .هتد دەکرێ چاویان لـێبکرێ‌و کاریگەری‌یەکانی نەورۆز لەسەر کـورد یـا ئـەو پەیامانـەی کـە کـورد بـە مانـای وەرزێکی دیل لە نەورۆز بە مانای ئـازادی وەریـان دەگـرێ لەخوێندنەوەیـەکی فەلسەفی‌دا تاوتوێ بکرێن.

کاتێـك زسـتان کۆتـایی دێ نـەورۆز دەست پێدەکا. بەڵام هاتنی خـودی وەرزی زستان لە واقیعدا بەرهەمی دابەش‌کردنـی وەرزەکانی سروشتە بەسەر سروشتدا، کـە ئەو دابەش کردنەش لە خزمەت کۆی ئـەو خالانە دایە کە لە ئاکامدا ژیانێکی نـوێ‌و دووبـارە خولقانـدووەو لاوکردنـەوەی پێکهاتـەی دەرەکیـی سروشـت‌و ناسیاوی سڕینەوەی سروشت بەرهـەم دێـنن. لێـرەدا ئەوەش دەبێتـە هـۆی ئـەوە کـە سروشت تایبەتمەندیە ئیسـتاتیکی‌یەکانی وەرزیـی خۆی لە دەسـت نـەداو مـرۆڤیش هـەرگیز هەست بەوە نەکاکـە سروشـت لـە بازنـەی دووپاتەبوونەوەیـەکی جارسـکەردایە، کـەوابوو زسـتانی سروشـتی لـە واقیـعدا داگیرکـەری سروشـت نیـە، بـەڵکوو بـە پێچـەوانەوە. هـەر کـاتێکیش ئـەو وەرزە سروشـتی‌یە کۆتـایی پـێدێ، کـورد بـۆ ماوەیـەك لـە هیواداری‌یـەکی سروشتی‌دا دەژی، واتە بە جورێك دێتە سەر ئەو باوەڕە کە رۆژێ ئەویش لەژێر هـەژموونیی یاسـا وەیشوومەیی‌و سەهۆڵینەیی‌یەکانی زستانی داگیرکەر دێتە دەروو نەورۆزی ئـازادی بـە خـۆوە دەبینـێ. بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەشدا دەزانێ کە ئەو زستانەی سروشـتی کـوردی ژێر پێ ناوە تەواو بە پێچـەوانەی زسـتانی سروشتی‌یەو نەتەنیا هاتنەکەی کاتی‌و لـە خزمـەت ژیـان‌و دووبـارە خولقانـدنـەوەو لاوکردنەوەی سروشتی کورددا نیە، بەڵکوو لەسـەر بنـەمای کوشـتن‌و وێـرانکـردن‌و دەستبەسـەرداگرتنێکی هەمیشـەیی هەڵگری ستراتیژییکی تایبەتـە لـە پێنـاو گەیشتن بە ئامانجەکانی لـەو نیشـتمانەدا، هەر بۆیەش ئـەوەیان نـەهاتوە رۆژێـك لـە رۆژان بە ئاوەدانی بەجێی بێڵـێ، بۆیە هەر کاتێکیش ناچار کرابـێ جێـی بێڵـێ، بـە پێچەوانەی زستانی سروشتی سەر لە نـوێ بەربـەرەکانی کـردووەو بـە جـۆرێکی‌تر هێرشـی کردۆتـە سـەر خـاك‌و خـەڵك‌و تالانچیانە نیشـمانێکی وێرانـی بەجـێ هێشتوە. ئەو بەشـەیان دەگەڕێتـەوە سـەر لایـەنی سیاسـی ـ نەتـەوەیی ئـەو پێوەندییانە، کە ئەوەش دەگەڕێتـەوە سـەر کۆمـەڵێك هۆکاری دیـارو بەرچـاو لەسـەر بنەمای جیاوازیی نەتـەوەیی، کـەلتووری، هەسـتی شـومی باڵادەسـتی شـۆڤێنی‌و فـەرمانڕەوایی‌کردنی نەتەوەیـەك بەسـەر نەتەوەیەکی دیکـەدا. لـەو پێوەندی‌یـەدا، مێـژووی سیاسـی ـ نەتـەوەیی، کـورد هـەڵگری کۆمـەڵێك دیکـۆمێنتی حاشاهەڵنەگرە کە تەعبیر لە جۆری روانین‌و تێگەیشـتن‌و هەڵسـوکەوتی نەتـەوەکانی دراوسێی کورد بە نیسبەت کوردەوە دەکەن کە مێژووی کوردیان لێوانلێـو کـردوە لـە کارەسات‌و تراژێدی. بەڵام کورد بـەردەوام لـە قۆنـاغی جیـا جیـادا هەڵوێسـتی نەورۆزانەی جۆراوجۆری تـاقی کردۆتـەوە. بە واتایەکی دیکە بەردەوام بـە رۆحێکـی سـرکەوە ئامـادەگیی ئـەوەی هـەبووە تـا وەڵامـی پرۆسـەی بـەڕام‌کردنـی ئـەو هێرشهێنە باڵادەستانە بداتەوە کە بەردەوام گەڵاڵەی شوومیان لە بواری جۆراوجۆردا بە مەبەستی بەدەستهێنان‌و دەستەمۆکردنی داڕشتوە. واتە وەڵامێـك کـە بـە تـەواوی پیلانەکانیان پووچەڵ کاتەوە. لێرەوە کورد چ لـە "نەسـت"داو چ لـە "هەسـت"دا دەچێتەوە سـەر کـۆی تایبەتمەندی‌یـەکانی سروشـتی دەورووبـەری، واتـە کـورد لـە روانگەی دەروونناسـی‌یەوە پێوەندی‌یـەکی "ناوەکی"و "دەرەکی" قوڵـی لەگـەڵ هـەر دوو لایـەنی "ماتریالـی"و "ئیدئالـی" نیشـتمانەکەی‌دا هەیـە، بـەو مانایـە کـە پێکهاتـەی جەسـتەیی‌و دەروونیـی نیشـتمانەکەی دابـەش کـراوە بەسـەر پێکهاتەی خۆی‌دا. کە ئـەو دابەشـکردنەو کۆی پێوەندی‌یەکانی نێوانیان لەگەڵ هاتنی نـەورۆزداو لـە هـەمان کـاتیشدا لەگـەڵ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دووژمنـەکانی‌دا، بەرچـاوتر خۆیـان نیشـان دەدەن. هۆکارەکانیشـی دەچێتەوە سـەر چـەندین بنەمای جێگەی سەرنج، بۆ وێنە لـە رووی پێکهاتەی سروشتی‌یەوە نیشتمانی کوردی بەتایبـەت لـە نـەورۆزدا نیشـتمانێکی دلڕفێنـە، واتـە ئەگـەر لـە روانگـەی ئیستاتیکاوە باسی بکـەین، نیشـتمانێکە لەسـەر بنـەمای ئیسـتاتیکا، توانـای بەرهـەمهێنانی هەسـتیاری‌یە دەروونی‌یەکانی لە ناو مرۆڤدا هەیـە، بـەو مانایـە زیـاتر لـەوە کـە تایبەتمەندیی چـیارژدەکانی داوە بـە مرۆڤـی کـورد، تایبەتمەندی باران‌و کانی‌و گوڵو. . .هتدی پـێداوە واتـە کردویـەتی بـە مرۆڤێکـی ناسك‌و خاوەن هەست. هەر بۆیەش کاتـێ کە هێماکانی نەورۆز دەردەکەون‌و خاتوونی بـەهار دادەبـەزێ‌و سروشـتی کوردسـتان دەڕازێتەوە، بە سروشتدا پیاسە دەکـا، گوێ بۆ هاژەی رووبار رادەدێرێ، باوەش بۆ باران دەکاتەوە، هـەوای ئـازادی سروشـت هـەڵ دەمـژێ‌و لەگـەڵ بیرکردنـەوە لـە رەسـاڵەتی شـنەی شـەماڵ‌و پشـکووتنی گەزیزەیەك، لە دیالۆگێکدا پێیان دەڵـێ: ئێوە هەمووتان لە روانگـەی سروشـتێکی دیلـی وەك منـەوە بـۆنی ئازادیتان لـێ دێ‌و. . . هەمووتان هەڵگری پـەیامێکی پیرۆزن، پیرۆز، بارتەقای شـۆڕش، پیرۆز، بارتەقای ئازادی. لێرەدا هەر وەك دەبینین کـورد لـە رێگـەی هەسـتێکی سروشـتی‌و ناسـکەوە، چ وەك جەسـتەو چ وەك رۆح، سروشتی "گەل"و سروشتی "نیشتمان" بە یەکەوە هەڵ دەسەنگێنێ‌و راڤـەیان دەکـاو لە ئاکامدا هەوڵ دەدا کورد وەك سروشـتی "گەل" هەموو ئەو سەروەرییانە وەدەست بێنێ کە کوردستان وەك سوشتی نیشـتمان بـە دەسـتی هێنـاوە. کـەوابوو لـە پێنـاو گەیشتن بەو ئامانجە دەبێ بەرەنگاری ئـەو وەرزە داگیرکەرانە بێتەوە کە لەمێژە هەوڵ دەدەن، دەنـگ‌و رەنگـی سروشـتی کـورد بسڕنەوەو ئەو وەرزە دزێوەی پێ بـدەن کـە خۆیـان مەبەسـتیانە. بـەڵام بـە شـاهیدی مێـژوو کـورد هـەرگیز ملـی بـۆ وەرزە داگیرکەرەکان‌و باڵادەسێتی هیچ وەرزێکـی خوێنرێژو تاڵانچـی دانەنوانـدوە. چـوونکە سروشتی کوردو سروشتی نیشتمانەکەی لە ئاکـامدا دەچـنەوە سـەر یـەك بنـەمای "جەسـتەیی"و "دەروونـی" واتـە هـەر دووکیان لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن کـە دەبـێ لەگەڵ خۆراگربـووندا سەربەسـتانە بـژین، هەر بۆیەش نەتەوەی کورد، لە یەکەم رۆژی دیل بوونیەوە، لەگـەڵ ئـازادیی سروشـت، هەوڵێکی چڕو پڕتـری بـۆ ئـازادیی خـۆی داوە، ئازادی‌یەك کە بە شێوەیەکی واقیعی ببێتە بنەمای ئـازادیی واقیعـی هـەر دوو لایان، ئەگەر وانیـە ئـەی بۆچـی زۆربـەی هەرە زۆری مێژووی نەورۆزەکانی ناو چاوی تـەعبیر لـە گـەلێکی شۆڕشـگێڕو نیشتمانێکی خوێناوی دەکەن؟

✻✻✻

# ئاوڕدانەوەیەك لە کێشەی ژنان‌و هۆکارەکانی

رامبود لوتف‌پووری

یـەکێ لـە گـرنگترین‌و بـەرفرەترین کێشەکانی کۆمەڵگای ئینسانی، کێشـەی ژنـان یـا بابـەتی چەوسـاندنەوەی ژنـان‌و بێبەشـبوونیان لـە مـاف‌و ئازادی‌یـە سروشـتی‌و شارسـتانی‌یەکانیانە. ئـەم کێشـەیە بـە نـاوی جۆراوجـۆری وەك جیـاوازیی ژن‌و پیـاو، نابەرابـەریی ژن‌و پیاوو چەوساندنەوەی ژن لەلایەن پیـاوەوە باسی لـێکراوەو لە روانگەی جۆراوجۆری وەك، روانگـەی مارکسیسـتی، لیبراڵـی، سـایکۆلۆژی‌و. . . خراوەتـە بـەرباس‌و تاوتوێ کراوە. هێنـدێ کـەس بارودۆخی ئێستای ژنان‌و نابەرابەرییان لەگەڵ پیاو بە کێشەیەکی ئاسایی‌و سرووشتی دەزانـن‌و لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئـەم نایەکسـانی‌یە لە جیاوازی بایۆلۆژیکی‌و دەروونیـی ژن‌و پیاوەوە سەرچاوە دەگرێ، بۆ وێنە ژنان لە روانگەی فرۆیـدەوە "مرۆڤـی پلـە دوون‌و پێکهاتـەی بنـەمایی دەروونییـان، بۆتـە هـۆی تـەباییان لەگـەڵ نزمیـی ئاسـتی ژیانیـان لـە بـەراورد لەگـەڵ ژیـانی پیاواندا"، یا بە پێی بۆچـوونی پارسـۆنز "ژن‌و پیاو لـە بنەماڵـەدا ئـەرك‌و رۆڵـی جیاوازیان هەیە، پیاو دەبـێ بەڕێوەبـەری بنەماڵە بێ، چونکە ئەوە کـە پێوەنـدیی، یەکەی بنەماڵەو کۆمـەڵگا پێـك دێنـێ، ژنانیش پێویستە خەریکی پەروەردەکردنی منداڵ‌و پێڕاگەیشـتن بـە پـەککـەوتووانی بنەماڵە بـن‌و بـە سـۆزو خۆشەویسـتی‌و دلۆڤانی‌یـەوە چوارچـێوەی بنەماڵـە برازێننەوەو تین‌و گوڕی تێدا پێـك بێـنن، تێکـەڵاوبوونی رۆڵـی ژن‌و پیـاو لـە بنەماڵـەدا، دەبێتـە هـۆی پێشـبڕکێ‌و تێکچوونی سامانی بنەماڵە."

بـەڵام هێنـدێ بۆچـوونی دیکـە وەك فێمینیستەکان، لەسەر ئـەو بڕوایـەن کـە ئینسانەکان رەنگە لە بەهرەدا جیاواز بن، بەڵام لە سروشت‌و گەوهـەردا یەکسـانن، کـەوابوو ئـەو جیـاوازی‌و نابەرابەری‌یـە ئاکامی جیاوازیی بایۆلۆژیك‌و دەروونیـی ژن‌و پیاو نیـە، بـەڵکوو بەرهـەمی ئـەو سیسـتمەیە کـە پیـاو بـۆ پاراسـتن‌و دەستەبەرکردنی دەسـەڵات‌و سـەرداریتیی خۆی پێکـی هێنـاوەو دەڵـێن، هـەرکاتێ شـێوازی ژیـانی ژنـان لـە کۆمـەڵگادا جێبگرێ، سەقامگیر بێ‌و ببێ بە بەشـێ لە ژیـانی گشـتی، جیهـانیش بـۆ مـرۆڤ دەبێتە جێی حەسانەوەو ئارامی.

لـەم وتـارەدا بـە تێڕوانینێکـی رەخنەگرانە لە بارودۆخی ئێستای ژنـان، هـەوڵ دەدەیـن بـەکورتی وەڵامـی ئـەو پرسیارانە بدەینەوە کـە: ١ــ ژنـان لـە چ بارودۆخێکدا دەژین؟ ٢ـ بـۆ کەوتوونەتـە ئەو بارودۆخەوە؟ ٣ــ چـۆن دەکـرێ ئـەم بارودۆخە بگۆڕدرێ؟

### ـ ژنان لە چ بارودۆخێکدا دەژین؟

لە کۆمەڵگادا ژنان وەك مرۆڤی پلـە دوو سـەیر دەکـرێن‌و لـە زۆربـەی مافـە سروشـتی‌و شارسـتانی‌یەکانی خۆیـان بێبەش کراون. ژنـان‌و پیـاوان نـە تـەنیا پێگەو جێگەی جیاوازو نابەرابـەریان لـە کۆمـەڵگادا هەیـە، بـەڵکوو ژنـان هەڵاواردن‌و ستەمێکی رەگەزیی زۆریشیان دەرهەق کراوەو دەکرێ، ژنان لـە بـەراورد لەگەڵ پیاوگەلـێ کە لە هـەمان جێگـەی کۆمەڵایـەتیی ژنـاندان، لـە سەرچـاوەی مـاددی، کۆمەڵایـەتی، دەرفـەت‌و دەسەڵاتێکی کـەمتر بـۆ پـەروەردەکردن‌و خوێنـدن بەهرەمەنـدن. لـە بەشـێ لـە وڵاتـانی جیهـاندا ژنـان هێشـتا مـافی دەنگـدانیان نیـە، (بەتایبـەت لـە وڵاتـە عەرەبی‌یەکاندا) تا ماوەیەکی لەمەوبـەر لـە عەرەبسـتانی سـەعوودیدا تەنانـەت ناسنامەشـیان پێنـەدەدان، لـە هێنـدێ ناوچەی هیندوستاندا بێوەژن پاش مردنی مێردەکەی، دەبێ خۆی بکوژێ، لە بەشێ لە وڵاتانی ئیسلامیی وەك ئێراندا هێشتا بـەردەباران یـا نـەریتی نامرۆڤانـەی خەتەنەی ژنان بەڕێوە دەچێ، بەکارهێنانی دەمـارگرژی سـەبارەت بـە ژنـان‌و دەستدرێژی‌کردنە سـەریان لـە ئاسـتێکی فراواندا بەدی دەکرێ.

ژنـان بوونەتـە قوربـانیی سیسـتمی پیاوسـالاری، کـە مـافی پیـاوان بـۆ دەسـەڵاتداری‌و سـەروەری لـە بنەماڵـەدا بـەڕەوا دەزانـێ‌و ژنـان وەك بەشـێ لـە دارایـی‌و دەسـکەوتەکانی پیـاو دەخاتـە خزمـەت ئـەم توێـژە باڵادەسـتەوە. پیاوسالاری بەرهەمی سروشتی‌و لاوەکیی هێندێ فاکتی وەك: فاکتـەری بـایۆلۆژی‌و کۆمەڵایەتی یا رۆڵە رەگەزی‌یەکان‌و چینە کۆمەڵایەتی‌یـەکان نیـە، بـەڵکوو پـتر پێکهاتەیەکی دەسەڵاتە بە پێی ویستێکی گشـتی‌و بـە بۆچـوونی فێمینیسـتە رادیکاڵەکان، بنەمایی‌ترین‌و بنەڕەتی‌ترین پێکهاتـەی چەوسـاندنەوە، تایبەتـە بـە چەوسـاندنەوەی رەگـەزی‌و لـە سیسـتمی پیاوسـالاری‌دا جێبـەجێ دەکـرێ. لـەم نیزامەدا پیاو فێر دەبێ کە چۆن بە چـاوی سووکەوە چاو لە ئینسانەکانی دیکە بکاو بیانهێنێتە ژێر رکێفی خۆیەوە.

### ــ ژن بـۆ کەوتۆتـە ئـەم بارودۆخەوە؟

لە روانگەی فێمینیستەکانەوە ژنـی ئێستا، بەو شێوازە بیرکردنـەوەو شـێوەی ژیانەوە، بەرهەمی دەسەڵاتی پیاوو لەخۆ نـامۆبوون‌و لـە سروشـت‌و نێـوەرۆکی راستەقینەی خـۆی دوور کـەوتۆتـەوە. بـە واتایـەکی دیکـە ئـەوە کۆمـەڵگای پیاوسالاربووە کە بۆ بەرژەوەنـدی خـۆی، بەدرێژایی مێژوو هەوڵی گۆڕینی سروشتی ژنی داوە لە خزمەت ویست‌و خواستەکانی خۆیدا، ژنی وەك هێزێکی کاری بـەلاش، باشترین ئامراز بۆ دامرکاندنەوەی ئـاوری ئارەزووەکانی‌و دەوڵەمەندترین سەرچاوەی هەسـت‌و سـۆزو پشـتگیریی رەوانـی بەشێوەیەك پێناسە کردوە کە لە خزمەتی ویست‌و دەسەڵاتی ئەودا بێ.

**کارل مارکس:**

**ژێردەستی‌و شوێنکەوتەیی ژنان لە سروشت‌و پێکهاتەی بایۆلۆژییانەوە کە نەگۆڕە، سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو بەرهەمی ئەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییانەیە کە مێژینەیەکی ئاشکراو دیاریان هەیەو شیاوی گۆڕانن.**

ئەو زانستە کە خەڵك لە کۆمـەڵگا، ژن‌و رۆڵـەکانی هەیـەتی‌و ئـەو یاسـاو رێسـایە کـە سـەبارەت بـە ژن‌و پێوەندی‌یـەکانی لەگـەڵ کۆمـەڵگا بـە یاسایەکی گشتی، تەواوو رەهای دەزانێ، لەڕاستی‌دا رەنگدانەوەی ئەزموونی پیاوە کە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵـە، بـەڵام مـرۆڤ دەتوانێ لە روانگەی ژنەوە سەیری جیهان، کۆمـەڵگا، راسـتی‌یەکان‌و پێوەنـدیی ئینسانەکان بکا، واتە لـە روانگـەی ئـەو توێژەوە سەیری جیهان بکا کە ئەگەرچـی ئێستا لە زۆربەی بوارەکاندا، ژێردەستەن، بـەڵام نیـوەی کۆمـەڵگای ئینسـانی‌و سەرچـاوەیەکی بـەهێزی ژیـانی کۆمەڵایەتین.

کەوابوو لەو سیسـتمە فێرکاری‌یـەدا کـە پیـاو بەرهـەمی هێنـاوە، ژنـان لـە بنەماو سروشتی راستەقینەی خۆیان دوور کەوتوونەتـەوەو ئـەو پێناسـەیەی کـە سیسـتمی فێرکردنـی پیاوسـالار بۆیـانی داناوە، وەك پێناسەی راستەقینەی خۆیان وەریان گرتووە. بە واتایەك ئەو سیستمە فێرکاریـیە پیاوسـالارانەیە، بـەردەوام خـەریکی پێکهێنـان‌و چەسـپاندنی دەسەڵاتی پیاوسـەرداری بـووەو ژنانیش سەرەڕای هێنـدێ خـۆڕاگری‌و بـەرخۆدانی جاروبار، ئەو سیستمەیان پەسند کـردووەو چالاکانە بۆ کۆت‌کردنـی زیـاتری خۆیـان هەنگاو دەنێن.

هەڵاواردنی رەگـەزی کـە بەرهـەمی ئەو سیستمە فێرکاری‌یەیە، ژنان هـەر لـە منداڵی‌یـەوە رادێنـێ کـە رۆڵگـەلی داهاتوویان بەو چەشنەی کە فێرکـراون، بەڕێوەببـەن‌و بـەردەوام مرۆڤێکـی شوێنکەوتە، ناتەواوو پلەدوو بن. دەست ڕانەگەیشـتنی ژنـان بـە سەرچـاوە ئابووری‌یـەکان یـەکێکی دیکـە لـە هۆکارەکـانی تـەریككەوتنـەوەیان لـە بوارەکانی دیکـەی کۆمـەڵگاو سیاسـەت دایە، کەم‌دەسەڵاتیی ژن لەم بوارەو توانای جەستەیی پیاو بۆ کاری دژوارو زۆر، بۆتە هـۆی سـەرکەوتنی ئەندێشـەی پیاوانـەو زاڵبوونی بەسەر ئەندێشەی ژنانیشدا.

### ــ چـۆن دەکـرێ ئـەم بارودۆخە بگۆڕدرێ؟

بۆ ئەوەی ئەم جۆرە لە پێوەندی‌و ئەم سیسـتمە دەسـەڵاتە لـە کۆمـەڵگادا بگـۆڕدرێ، پێویسـتە هـزرو بـیری ژنـان بەشێوەیەکی بنچینەیی نـۆژەن بکرێتـەوە هەتا خوێندنەوەو روانینێکی نوێیـان بـۆ پێوەندی‌یـە کۆمەڵایەتی‌یـەکان‌و پێناسەکردنی خۆیان‌و ویست‌و بەهاکانیان بێ، بەچەشنێ کە خۆیان لاوازو بـێهێزو مرۆڤی پلەدوو نەزانن‌و ئەو پێناسەیەی کە کۆمەڵگای پیاوسالار بۆی داناون، نەکـەن بە بناغەی ناسینی خۆیان.

یەکگرتنی ژنان بۆ رووبەڕووبوونـەوە لەگەڵ هەرچەشنە هەڵاواردنێکی رەگەزی‌و بەرپەرچدانەوەی ئـەو میکانیزمـەی کـە مرۆڤی پلەدوویان لـێ دروست دەکا بـۆ سڕینەوەی ئاسـەواری ئـەو هەڵاواردنـە، هـەوڵ‌و هـەنگاوێکی کاریگـەرە. سـەربەخۆبوونی ژنـان لـە بـواری ئابووری‌یەوە، بۆ چارەسـەری کێشـەکەیان رۆڵێکـی سـەرەکی دەبینـێ، چـونکە وابەستەیی ماددی یـەکێ لـە گـەورەترین کۆسـپەکانی سـەر رێگـای خەباتـە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـەکانیان، کـەوابوو پێکهێنـانی کـۆڕو کۆمـەڵ، سـەندیکاو یەکیـەتی بـۆ بـەڕێوەبردنی سـەربەخۆیی ئابووری‌یان‌و تاوتوێ‌کردنی کێشـەکانیان‌و یەکگرتن بۆ بەکارهێنانی هەموو سەرچاوە ئابووری، سیاسـی‌و دەسـتووری‌یەکان بـۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لە بارودۆخەکـەدا، پێویستە.

هەوڵدان بۆ گـۆڕینی ئـەو سیسـتمە پـەروەردەو فێرکردنـەی کـە بەسـەر کۆمـەڵگادا زاڵە، هەنگاوێکی کاریگـەرە، بۆیە پێویستە ئەو سیستمە لـە بنەماڵـە، کۆمەڵگاو قوتابخانەکاندا گۆڕانی بەسەردا بێ.

لە کۆتـاییدا ئاماژە بـە وتەیـەکی کارل مارکس دەکەین کە دەڵێ:

"ژێردەستی‌و شوێنکەوتەیی ژنان لـە سروشت‌و پێکهاتـەی بایۆلۆژییـانەوە کـە نـەگۆڕە، سەرچـاوە نـاگرێ، بـەڵکوو بەرهـەمی ئـەو میکانیزمـە کۆمەڵایەتییانەیـە کـە مێژینەیـەکی ئاشـکراو دیاریـان هەیـەو شـیاوی گۆڕانن."[(١)]

ژێدەر:

(١) ریتزر ـ جورج، نظریه جامعه‌شناسی در دوران معاصر، ترجمه محسن ثلاثی، انتشارات علمی، چاپ چهارم ١٣٧٩، صفحه ٤٨٠

ریتزر ـ جورج، نظریه جامعه‌شناسی در دوران معاصر، ترجمه محسن پلاپی، انتشارات علمی، چاپ چهارم ١٣٧٩

# وەڵامێك بە بابەتێکی ئەم دواییانەی سایتی "بازتاب" سەبارەت بە جێژنو خۆشیی کوردان

**عوسمان ڕەحیمی**

سایتی "بازتاب" سەر بە یەکێك لە باڵەکانی قۆڵی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پاش ئیمزاکردنی یاسای کاتیی بەڕێوەبەریی عێراقو دەستپێکردنی جەژنو شایی لە هێندێك لە شارەکانی کوردستانی ئێران بەم بۆنەوە، بابەتێکی پڕ لە درۆو دەلەسەو ڕقو قینی شۆڤینیستی بڵاوکردۆتەوە. بە پێویستمان زانی لەم بابەتەدا وەڵامێکی کورت بەم قسە پڕو پووچانە بدەینەوە. نووسەری سایتی "بازتاب" کە بۆخۆی باش دەزانێ، بە بڵاوکردنەوەی بابەتێکی پڕ لە درۆو قسەی پووچو بێ نێوەرۆك دەکەوێتە بەر شەپۆلی ڕقو بێزاریی بیروڕای گشتی لە نووسینی ناوی خۆی، خۆی پاراستوە.

سەرەتا بابەتەکە بە شێوەیەك دەست پێ دەکا کە نیشانەی بیری شۆڤینیستیی نووسەرەو، ئاماژە بە دانی "دەسەڵاتی زۆرتر لە عێراقییەکانی دیکە" بە کوردەکان لە یاسای کاتیی بەڕێوەبەریی عێراق دەکا. لە حاڵێکدا لە چەند پاراگرافی دواییدا، ئەم "دەسەڵاتە زیاترەی کوردەکانی" لە بیر دەچێتەوەو بە نابەدڵییەوە دان بەوە دادەنێ کە: "کوردەکانی ئێرانو تورکیە کە ژمارەیەکی زۆر لە خزمو کەسو کاریان لە کوردستانی عێراق دەژین لەوەی کە کوردەکانی عێراقیش توانیویانە نیمچە ئازادییەك بە دەست بێنن - خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕیوە". سەرنج بدەن، لێرەدا ئەوە ناشارێتەوە، کە کوردەکانی عێراقیش توانیویانە نیمچە ئازادییەك وەدەست بێنن، لە حاڵێکدا پێشتر باسی لە دەسەڵاتی زۆرتری کوردەکان لە چاو نەتەوەکانی دیکەی عێراق دەکرد. هەروەها بە هێنانی ڕستەی "سەرئەنجام کوردەکانی عێراقیش توانییان نیمچە دەسەڵاتێکی نیسبی وەدەست بێنن" ئەوەیە کە دەیهەوێ بڵێ کە کوردەکانی ئێرانو تورکیە پێش لە کوردەکانی عێراق ئەم ئازادییەیان هەبووە. ئەمە لە حاڵێك دایە کە ئەو خەباتو بەربەرەکانییە کە ئێستا لە کوردستانی ئێرانو تورکیە لە ئارا دایە، خەباتێکە لە پێناو وەدەستهێنانی مافە هەرە سەرەتاییەکانی مرۆڤ.

نووسەری سایتی "بازتاب" لە درێژەی بابەتەکەیدا لە ژێر ناوی "شرۆڤە کردنی ئاژاوەکانی ئەم دوایانەی شارە کوردنشینەکانی ئێران"، وێڕای هەڵبەستنی درۆو دەڵەسەیەکی زۆرو هەڵڕشتنی ڕقو قینی خۆی لە گەشانەوەی جووڵانەوەی مافخوازانەو میللی - دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بە بێ هێنانەوەی هیچ بەڵگەو سەنەدێك ئیددیعا دەکا کە ئەمە، بەپێی قسەی ناوبراو، گرووپە تێرۆریستییەکانی دێموکراتو کۆمەڵە بوون بە نەخشەو بەرنامەی خۆیانو بەرزکردنەوەی دروشمی چەواشەکارانەو پڕ زەرقو بریق، بوونە هۆی تێکدانی جەژنو شایی خەڵکی کوردستان. پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە ئەم بابەتەی سایتی بازتاب، پڕە لە درۆو قینی شۆڤینیستانە، بەڵام دەبێ لێرەدا بڵێین کە هەڵەوێژیو قسەی دژ بەیەکی زۆریش تێیدایە. لە جێگایەك دا باس لە جەژنو شایی خەڵکی کوردستان دەکاو لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: ئەم بە ناو "جەژنو شاییانە". ئەم جۆرە هەڵەوێژیو بوختانانە تەنانەت ئەگەر ببنە هۆی ریسواییو بێمتمانەیی بە ڕێژیم، تەنیا لە بیرو هزرێکی دواکەوتووانەو ڕەگەزپەرەستانەوە سەرچاوە دەگرن، کە لە حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو نیزامە ئیدئۆلۆژیکییەکانی لەم چەشنەدا زۆرو بەرچاون. لە بەشێکی دیکەی ئەم بابەتەدا لە ناو "شرۆڤەکارییەکی" بازتابدا، نووسەر خۆی دەکا بە دەمڕاستی خەڵکی ئێرانو دەنووسێ: "بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەم دوایانەدا، یەکەم پرسیارێك کە هەر ئێرانییەك لە خۆی دەکا، ئەوەیە کە ئیمزا کردنی قانوونی ئەساسیی کاتیی لە عێراق، لە ئەساسدا چ پێوەندییەکی بە بەرژەوەندییەکانی هێندێك لە گرووپە قەومییە ئێرانییەکانەوە هەیە کە بەم شێوە جەژنو شایی بۆ دەگرن؟ سەرەتا دەبێ بڵێین پرسیارێکی لەم چەشنە تەنیا بۆ کەسانێکی ڕەگەزپەرەستو بیرتەسکی وەك نووسەری سایتی "بازتاب" دێتە پێش، چونکە خۆ بە شەریکی خەمو شادیی زانینی ئینسانەکان لە هەر ڕەگەز، ڕەنگو نەتەوەیەك بێ لە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی ئینسانە پێشکەوتووو نەتەوە خاوەن شارستانییەتەکانە. ئەم تایبەتمەندییەی خەڵکی وڵاتەکەمان لە کۆنەوە زەقو بەرچاو بووە.

نووسەری بیرتەسکی سایتی "بازتاب"و هاوبیرانی، ئەم مافە بە خۆیان دەدەن کە هەموو ڕۆژێك بە بیانووی جۆراوجۆر - ئەگەرچی بە درۆیش بێ - لەگەڵ فەلەستینییەکان هاودەردی بکەنو پشتیوانییان لێ بکەن، بەڵام دەربڕینی بچووکترین سۆزو هەستی نەتەوایەتیو ئینسانییی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، لەگەڵ خەڵکی عێراق بە گشتیو لەگەڵ برا کوردەکانیان لە کوردستانی عێراق بەتایبەتی، بە ناڕەوا دەزاننو پێشگیریی لێ دەکەن. بە کوێری چاوی دوژمنانی گەلی کورد، دەبێ بڵێین کە لە سەدەی ڕابردوواو لە جەرەیانی خەباتی مافو ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا شاهێدی هەڵدانو زەق بوونەوەی ئەم هاوسۆزیو هاوپشتییەی نەتەوەی کورد بووین کە لە بۆنە جۆراوجۆرەکانو بەتایبەت لە یەك دوو دەیەی ڕابردوودا بەرچاوە. بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی کارەساتی هەڵەبجە، یارمەتیو هاوکاریی کوردە ئاوارەکانی کۆڕەوە میلیۆنییەکەی کوردستانی عێراق لە لایەن کوردەکانی ئێرانو تورکیە، خۆپێشاندانو نارەزایەتی دەربڕینی گەلی کورد لە ڕفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پ.ك.ك، لە نموونە بەرچاوەکانی ئەم هەستە پیرۆزەن. دەبێ ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە ئەم سۆزو هەستە نەتەوایەتییە، مێژوویەکی بە ئەندازەی مێژووی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا هەیەو لای هەر ئینسانێکی ئازادیخوازو دێموکرات ئەم شێوە هەستانە پیرۆزنو ڕێزی لێ دەگیرێ.

لە بابەتی ئاماژە پێکراوی سایتی "بازتاب"ی سەر بە "محسن رضایی"، فەرماندەی پێشووی سوپای پاسدارانو کارگێڕی ئێستای کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، وا نیشان دراوە کارنامەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانو یەك لەوانە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، پڕە لە کردەوەی جینایەتکارانە. بەڵام ئەمە ڕاست بەپێچەوانەی ئیددیعاکانی ناوبراوە. سوپای پاسدارانو هێزەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی "موحسین ڕەزایی" لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوو، بەتایبەتی لە ساڵەکانی دەیەی ٦٠ هەتا دەیەی ٧٠ی هەتاوی، دەیان جینایەتیان لە کوردستان بە ئەنجام داوە، وەك تیرۆر، دەسدرێژی، ئینسانکوژی، ئێعدامو ئەشکەنجەو . . . هتد کە لە دەورانی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیو بە هۆی سوپای پاسدارانی ئیسلامی نابی محەممەدییەوەو بەپێی فتوای جیهادی خومەینی دژ بە گەلی کورد، ئەنجام دراونو، خەڵکی کوردستان جار نا جارێك، شاهیدی دووپات بوونەوەیانن. نووسەرانی قەڵەم فرۆشی لەم چەشنە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە تیرۆریزم تاوانبار دەکەن، ئایا تەنیا یەك نموونەیان لە کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەم حیزبەی لەبەردەست دایە کە بە بیروڕای گشتیی نیشان بدەن؟ بەڵام ئایا ئەوە کۆماری ئیسلامیو ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە واتە: "خامنەیی"، "ڕەفسەنجانی"، "فەللاحیان"و "ویلایەتی" نەبوون کە وەك دەسەڵاتدارانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی لە لایەن دادگایەکی بێ لایەنی ئورووپایی لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات مەحکووم کرانو حوکمی بازداشتی نێونەتەوەیی بۆ هێندێکیان دەرچوو؟ نووسەرانی بەکرێگیراوی ڕێژیمێك کە نێوەرۆکێکی تێررۆریستیی هەیە، بە نووسینی بابەتی لەم چەشنە تەنیا پەردە لە سەر جینایەتە وەحشییانەکانیانو نێوەرۆکی پڕ شوورەیی ڕێژیمەکەیان هەڵ دەدەنەوە.

ئەم چەشنە درۆو قسە پووچو بێنێوەرۆکانەی نووسەر، سەبارەت بە هەڵسووکەوتی خەباتگێرانی کورد لەگەڵ دیلەکانی شەڕدا دەگەنە ئەو پەڕی خۆیانو، لەم بارەوە هێندێك تاوانی وەك سەر بڕینی دیلەکان بە تەنەکەی تیژ لە بەردەم بووكو زاوا، دە ئاوی کوڵاوو قیر هاویشتنو خستنەبەر دەزگای کومباین دەداتە پاڵ تێکۆشەرانیو پێشمەرگەکانی کورد، کە ئەم جۆرە قسانە تەنیا بۆ کەسانێکی ساویلکەو سەر بە ویلایەتی فەقیه ڕەنگە جێگای باوەڕ بێ. ئەم تاوانانە لە کردەوەکانی بەکرێگیراوانی ڕێژیمەو ئەو جۆرە ئەشکەنجانە تەنیا لە دەزگای حکوومەتی مەزهەبیی سەفەویو فتوای کەسانێکی وەك ئاخوندی مەجلیسیو . . . هتد دەوەشێتەوە. یەکێك لە شانازییەکانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەڵسوکەوتی ئینسانی لەگەڵ دیلەکانی شەڕە. زۆربەی ئەو کەسانە پاش ئازاد بوونیان وەك کادرێکی تەبلیغی بە قازانجی جووڵانەوەی گەلی کورد، بۆ ڕوونکردنەوەی بیرو ڕای گشتیی خەڵکی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی گەلی کورددا نەخشێکی بەرچاویان هەبووە. هەروەها ژمارەیەکی دیکەیان لە

بۆ لاپەڕەی ٤

# لە پێوەندی لەگەڵ مانگرتنەکانی ئەم دواییانەی مامۆستایاندا

**عەلی بداغی**

مانگرتنە بەربڵاوەکەی مامۆستایانی وڵات کە لە ڕۆژی ١٦ی ڕەشەمەوە لەسەر بانگهێشتی ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایان ڕێکخرابوو، پاش حەوتوویەك پێداگرتنی مامۆستایان لەسەر داواو مافە ڕەواکانیانو نەچوونە سەر پۆلی وانەکان لە ڕۆژی ٢٢ی ڕەشەمە بە بێگەیشتن بە هیچ ئاکامێك کۆتایی پێ هات.

لەو مانگرتنە بەربڵاوەدا زیاتر لە ٣٠٪ی مامۆستایانی سەرانسەری ئێران بەشدار بوونو هەر تەنیا لە شاری تاران، پتر لە ٤٠٠ قوتابخانەو خوێندنگە داخران.[1] ئەو مانگرتنە بەرفراوانە زۆر بە خێرایی زۆربەی شارە گەورەو چووکەکانی ئێرانی وەك کرماشان، گەناوە، ئەردەبیل، مازەندەران، ئیسفەهان، مەشهەد، تەورێز، زەنجان، ئەهواز، یەزد، کەرەج، سنە، نەغەدەو . . . گرتەوەو لە هێندێك لەو شارانەش وەك تاران لەگەڵ درێژەکێشانی مانگرتنی مامۆستایان، قوتابییانی زۆر یەك لە خوێندنگە دواناوەندیو پێش دانیشگاهییەکان، پشووی نەورۆزی ئەمساڵی خۆیان لە ١٦ی ڕەشەمەوە دەست پێکرد.

مانگرتنی ئەم دواییانەی مامۆستایانی خوێندگەکانی ئێران جگە لە دەربڕینی نارەزایەتی لەسەر خراپیی وەزعی ژیانو گوزەرانیان، جیاوازیدانانو هەڵاواردن، کەمیی مووچەی مانگانەو دواکەوتنی مانگانەو جێژنانە ئیدارییەکانیان لە هەمان کاتیشدا ڕاستەوخۆ بە نیشانەی ئیعتراز لە نەگونجاندنی ویستو داخوازییەکانیان لە گەڵاڵەی نیزامی هاوهەنگاوی دانی مووچەی مامۆستایان لەگەڵ کارمەندانیتر، لە بوودجەی ساڵی ٨٣ی وڵات بوو. پێویستە بگوترێ کە ٨٣٪ی توێژی مامۆستایانی ئێران کە حەشیمەتەکەیان نزیك ١/٦ میلیۆن کەسە، لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. زنجیرە خۆپیشاندانە ئیعترازییەکانی مامۆستایان لە مانگەکانی بانەمەڕو خەزەڵوەری ئەمساڵیش بە مەبەستی نارەزایی دەربڕین لە بوونی جیاوازی مووچەی مانگانە لە نێوان مامۆستایانو کارمەندانی سەر بە وەزارەتخانەکانی دیکەی وڵاتو هەروەها پێویستیی گۆڕانکاریی نوێو شایان لە ژیانی مامۆستایاندا بوو. نێونجی مووچەی مامۆستایان بەپێی ئاماری وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن بە لەبەرچاوگرتنی پاداشو جێژنانەی ساڵانەشیان ٢ میلیۆن تمەنە. لە حاڵێکدا ئەو نێونجە بۆ کارمەندانی وەزارەتی ئابووریو دارایی ٤ میلیۆن تمەنو بۆ فەرمانبەرانی ڕێکخراوی بەڕێوەبەرایەتیو پلانڕێژی پتر لە ٧ میلیۆن تمەن لە ساڵدایە. نێونجی ڕەقەمی ئاماژەپێکراو بۆ کارمەندانی وەزارەتخانەکانی بەرگریو پشتیوانی، ئیتلاعاتو ئۆرگانە دەسەڵاتدارەکانی ڕێژیم، یەکجار زۆرتر لەو ئامارەیەو لەگەڵ مووچەی مامۆستایان هەر بەراورد ناکرێ. ئەم جیاوازیو هەڵاواردنانە لە نێوان فەرمانبەرانی وەزارەتخانەکانی ڕێژیم، تەنانەت لە نێوان فەرمانبەرانی وەزارەتخانەیەکی وەك، فێرکردنو پەروەردەش بە زەقی بەدی دەکرێ. بۆ وێنە دەبینین کە بەڕێوەبەرانی خوێندنگەکان لە نیزامی نوێی دانی مووچەی ئەم وەزارەتخانەیەدا ٤٠٪ بە مووچەی مانگانەیان لەژێر ناوی مافی بەڕێوەبەرایەتی زیاد بووەو ئاساییشە کە لە وەها دۆخێکدا تەنانەت هەر بەڕێوەبەرانی خوێندنگەکان خۆیان ببنە لەمپەری مانگرتنو بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایەتیی مامۆستایان.

مانگرتنەکانی ئەم دواییانەی مامۆستایان لەبەر ئەوەی لەلایەن ڕاگەیەنە گشتیو هەواڵدەرییەکانەوە بێدەنگی لێکراو یان هەواڵەکانی کورتو بە کەموکورتییەوە بڵاو دەبوونەوە، لەلایەن ڕێکخراوە سینفییەکانیشەوە پشتیوانییەکی ئەوتۆی لێنەکراو تەنیا قوتابییانی هێندێك لە شارەکان نەبێ کە لە چەند هەوڵێکدا بە لایەنگری لە مامۆستایانی خۆیان، خۆپیشاندانیان وەڕێخست. هەر ئەوەش وای کرد کە دامودەزگاکانی سەرکوتو دەسەڵات دەستیان بۆ هەر چەشنە کردەوەیەکی سەرکوتگەرانە ئاوەڵا بێو بە هەڕەشەو گوڕەشەی دەرکردن لەسەر کارەکانیانو تەنانەت دەستبەسەرکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان، ئەوان ناچار بە وازهێنان لە درێژەی مانگرتنەکە بکەن. ئاکامی ئەوە گەیشتۆتە جێیەك کە مامۆستایان جگە لەوەی کە بە هێنانەگۆڕی ویستو داخوازییەکانیان لەگەڵ شکاندنی مانگرتنەکە بە کردەوە کپو بێئاکام مایەوە، ئێستا پتر لە وەزعی نالەباری ژیانیان نیگەرانی ئەمنییەتی شوغڵیو پیشەیی خۆیانو دژکردەوەکانی دەزگا ئەمنییەتیو سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بن.

دزێویی ئەم کێشەیەو لە هەمان کاتیشدا بێدەرەتانیو بێئەنوایی مامۆستایان لەوەدایە کە دامودەزگاکانی لێپرسراو کە دەبوایە پشتگیریی مامۆستایانو مانگرتنەکەیان کردبایە، خۆیان بوونە هۆی بێئاکامانەوەی مانگرتنەکەو سەرکوتی مامۆستایان. تا ئەو جێیەی کە وەزیری پەروەردەو فێرکردن لە جیاتی پشتگیریو بەدواداچوونی ویستو داخوازییەکانی مامۆستایان، هەرخۆی بە دەرکردنی بەخشنامەگەلێك دەستوور دەدا کە بکەونە پێوشوێنی ئەندامانی چالاکی ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایانو بدرێنە دادگاکانی تایبەت بە سەرپێچیی فەرمانبەرانو ئێستاش ژمارەیەك لە مامۆستایانو ئەندامانی چالاکی ئەو ئەنجومەنە لە شارەکانی کرماشان، یەزدو ئەردەبیل کێشراونەتە بەردەم مێزی موحاکەمە!

بەم پێیە پرسیارێك دێتە گۆڕێ: لە کاتێکدا کە بنیاتنەرانی داهاتووی وڵات، ئەو مامۆستایانەی سەرمایەکانی وڵات پەروەردە دەکەنو ژێرخانی زانستیی سبەی نیشتمان بنیات دەنێن، ناچار بن بە جێی تەرخانکردنی هەموو تواناو وزەی خۆیان لە پێناو بارهێنانی ڕۆڵەکانی نیشتمان لە بیری چۆنیەتیی دابینکردنی بژێوی بنەماڵەکەیان بەو لانیکەمە مووچەیە بن کە دەیاندرێتێ، دەبێ چ داهاتوویەکی گەش لە چاوەڕوانیی ئەو وڵاتە بێ؟

لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، مووچەو یارمەتییە پێڕاگەیشتنەکانی مامۆستایان پتر لە مووچەی توێژگەلێکی وەك پزیشکانو موهەندیسەکانەو لەباری کەسایەتیی کۆمەڵایەتیشەوە خاوەن پێگەیەکی شایانو تایبەتین، بەڵام لە وڵاتی دەوڵەمەندی ئێمە بەهۆی بوونی بیری دواکەوتووانەی ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە وڵاتەکەمان، مامۆستایان بێئەنواترینو بێدەرەتانترین توێژی وڵاتن.

هاواری دڵهەژێنی مامۆستایانو توێژی فەرهەنگیی وڵات لە هەلومەرجێکدا بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕینیان لەباری سەختیی ژیانو بژێویان لە گەرووە تۆزاوییەکانیاندا خەفە دەکرێ کە گەندەڵیی ماڵی، ئیختلاسو پاوانی سامانی گشتیی خەڵك هەموو دامودەزگا ئیداریو حکوومییەکانی ڕێژیمیان داگرتووەو ئاغاکانو فەرخە ئاغاکان لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنو پاوانی داهاتی گشتیو میللیو خستنەژێر ڕکێفی ئابووریی وڵات، ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر سامانو حیسابەکانی خۆیان لە بانکە بیانییەکان دەبەنە سەرو لێیان زیاد دەکەن. سەرۆکایەتیی ڕێکخراوی بەڕێوەبەرایەتیو پلانڕێژیی وڵات لە کاتێکدا چارەسەری کێشەی بژیوییەکانی مامۆستایان، بەم زووانە بەدوور دەزانێو باس لە تەرخانکردنی ساڵەها کاتو بەرنامەڕێژی بۆ ئەم مەبەستە دەکا کە هەموو ساڵێكو پەیتا پەیتا بە مووچەو بەرژەوەندییە ماددیو ئیدارییەکانی هێزەکانی نیزامیو بەناو ئینتزامیو هێزە داپلۆسێنەرەکانی زیاد دەبێو دەبینین کە دەستە مافیاییەکانی دەسەڵات ڕۆژ بەڕۆژ زیاترو بەرهەمی خوێنو سامانی گشتیی وڵات، بۆ پشتیوانیکردنی تاقمە تیرۆریستە نێونەتەوەییو ئەنجامدانی پرۆژە ئەتۆمییەکان لەلایەكو سەرکوتی دەنگی ئازادیخوازانەی نێوخۆی وڵات لەلایەکی دیکەوە تەرخان دەکەن.

لە هەلومەرجێکدا، دروشمەکانی "مامۆستایەتی پیشەی پێغەمبەرانە"و "فێرکردنو بارهێنان تاعەتو عیبادەتە"، سەر دەرگاو بیناکانی هەموو خوێندنگاکانی ئێران دەڕازێننەوە کە مامۆستایان لەبەر بێئەنواییو دەسکورتی لە بەرامبەر خێزانەکانیاندا شەرمەزارو لە قەیرانی کێشە ئابوورییەکاندا پەلەقاژەیانە. بەڵام لە بەرامبەردا بەرپرسانو لێپرسراوانی نادەروەستیش کە نەك هیچ گرنگییەك بە دابەزینی ئاستی فێرکردنو زانستی وڵاتو لەو سۆنگەشەوە سەرهەڵدانو پەرەئەستاندنی دیاردەگەلی دزێوی کۆمەڵایەتی نادەن، بەڵکوو لە بەرهەمی کارو شەونخۆنیو زەحمەتەکانی ئەو توێژە دڵسۆزەی کۆمەڵگا، کۆشكو تەلاری ئەفسانەیی ساز دەکەنو حیسابە بانکییەکانیان دەئاخنن.

ئاکامی مانگرتنەکانی ئەم دواییانەی مامۆستایان سەلماندی کە بەرپرسانو دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیم هیچ گرنگیو بایەخێك بۆ ویستو داخوازە ڕەواکانی مامۆستایان دانانێنو ئەگەر بە پێویستیشی بزانن لە سەرکوتی ئەوان ناپرینگێنەوە. مامۆستایان ئێستا دەبێ بەو ئاکامە گەیشتبن کە وەدیهاتنی ویستەکانیان تەنیا بە شێوەی مانگرتنێکی سەرانسەری، بەربڵاوو هەمەلایەنەرا دێتە دێ. پێویستە هێزە سیاسیو پێشکەوتنخوازو ڕێکخراوە سینفییەکانی دیکەو هەموو ناوەندە غەیرە دەوڵەتییەکانیش پشتیوانیی هەمەلایەنەی مامۆستایان لەم پێناوەدا بکەنو بە دەنگ ئەم توێژە زەحمەتکێشو دڵسۆزەی کۆمەڵگاوە بچن.

***

(١) و (٢) لە وتووێژی عەلی ئەسغەر زاتی، ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایان لەگەڵ ڕادیۆی بی. بی. سی، شەوی هەینی ٢٢ی ڕەشەمە وەرگیراوە.

# کۆماری ئیسلامی له ساڵی رابردوودا، به‌ره‌و لێواره‌کانی هه‌ڵدێری نه‌مان هه‌نگاوی نا

عیرفان ره‌هنموون

کۆماری ئیسلامیی ئێران له ساڵی رابردوودا له‌گه‌ڵ قه‌یرانگه‌لێکی جۆراوجۆردا به‌ره‌وروو بوو، به چه‌شنێ که ده‌توانین بێژین خه‌ست بوونه‌وه‌و قوڵبوونه‌وه‌ی ئه‌و قه‌یرانانه له ماوه‌ی ۲۵ ساڵ ده‌سه‌ڵاتی ڕه‌شی کۆماری ئیسلامی‌دا بێوێنه بووه. به شێوه‌یه‌کی گشتی ده‌توانین ئه‌و قه‌یرانانه له سێ ئاستی نێوخۆیی، ناوچه‌یی‌و نێونه‌ته‌وه‌یی‌دا پۆلین بکه‌ین‌و هه‌وڵ ده‌ده‌ین به شێوه‌یه‌کی خێراو کورت بیانخه‌ینه به‌ر باس.

## قه‌یرانه نێوخۆیی‌یه‌کان:

کۆماری ئیسلامیی ئێران له ساڵی رابردوودا، له هه‌موو بواره کۆمه‌ڵایه‌تی، سیاسی، ئابووری‌و فه‌رهه‌نگی‌یه‌کان‌دا، له‌گه‌ڵ قه‌یرانگه‌لێکی چاره‌سه‌ر نه‌کراو به‌ره‌ورِوو بوو،و ئه‌و قه‌یرانانه به شێوه‌یه‌کی راسته‌وخۆ ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ماهییه‌ت‌و نێوه‌رۆکی کۆماری ئیسلامی‌و مێژووی سه‌رهه‌ڵدانیان هاوکاته له‌گه‌ڵ دامه‌زرانی کۆماری ئیسلامی‌دا که رۆژ له دوای رۆژو ساڵ له داوی ساڵ به‌ره‌و چڕبوونه‌وه‌و خه‌ست بوونه‌وه ڕۆیشتوون. قه‌یرانگه‌لێ وه‌ك، گه‌نده‌ڵیی ئیداری، گه‌نده‌ڵیی ماڵی، لاوازیی سیستمی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی، ئیعتیاد، خه‌مۆکی، له‌شفرۆشی، منداڵانی بێسه‌رپه‌رستی سه‌ر شه‌قامه‌کان، کچانی خیابانی، گرانی، ئاوسانی ئابووری، قاچاخ، باندی بازرگانی به منداڵانه‌وه، ته‌ڵاق، له‌به‌ریه‌ك هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی خێزان، دزی، به‌زاندنی سنووری ئازادی‌یه تاکه‌که‌سی‌یه‌کان، ئیعدام، شکه‌نجه، سه‌نگسار، بڕینی ئه‌ندامانی له‌شی مرۆڤ، داخستنی رۆژنامه سه‌ربه‌خۆو نیوه سه‌ربه‌خۆکان، گرتن‌و زیندانیکردنی رۆژنامه‌نووسه بوێره‌کان، تێکۆشه‌رانی سیاسی‌و جیابیران‌و ده‌یان‌و سه‌دان دیارده‌و نموونه‌ی دزێوی دیکه.

به‌ڵام، رووداوه سیاسی‌یه گرنگ، به‌رچاوو شوێندانه‌ره‌کان له ماوه‌ی ساڵی رابردوودا بریتی بوون له:

۱ـ خۆپیشاندان‌و مانگرتنه خوێندکاری‌یه‌کان، دژی کۆماری ئیسلامی له مانگی ژوئه‌ن‌دا که به خێرایی‌یه‌کی سه‌رسوورهێنه‌ر زۆربه‌ی زانکۆکانی ئێرانیان ته‌نی‌یه‌وه‌و ماوه‌ی چه‌ند رۆژ بوونه سه‌ردێڕی هه‌واڵه گرینگه‌کانی جیهان‌و له راگه‌یه‌نه گشتی‌یه‌کانی جیهاندا به شێوه‌یه‌کی بێوێنه ره‌نگیان دایه‌وه. ئه‌و خۆپیشاندانانه به "تێپه‌ڕین له کۆماری ئیسلامی" ناوزه‌د کران.

۲ـ په‌ره‌سه‌ندنی باس، لێدوان‌و دیالۆگ له نێوان لایه‌نه‌کانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی‌و پێداگرتن له سه‌ر گه‌یشتن به پلاتفۆرمێکی هاوبه‌ش به مه‌به‌ستی رووخاندنی کۆماری ئیسلامی‌و هێنانه سه‌ر کاری رێژیمێکی دێموکراتیك‌و گه‌لی که بتوانێ مافی هه‌موو پێکهاته جیاجیاکانی کۆمه‌ڵگای ئێران ده‌سته‌به‌ر بکا.

۳ـ چاوپێکه‌وتن‌و هه‌وڵدانی زیاتری ئۆپوزیسیۆنی کوردی کۆماری ئیسلامی، به مه‌به‌ستی گه‌یشتن به پلاتفۆرمێکی هاوبه‌ش‌و خستنه سه‌ریه‌کی هێزو تواناکان بۆ به‌ربه‌ره‌کانێ‌یه‌کی شێلگیرانه‌تر له‌گه‌ڵ رێژیم‌و ده‌سته‌به‌ر بوونی مافه ره‌واکانی گه‌لی کورد له ئێرانێکی دێموکراتیك‌و ئازاددا.

٤ـ درێژه‌ی سیاسه‌تی سه‌رکوتی بێبه‌زه‌یی‌یانه‌ی گه‌لی کورد له کوردستانی ئێران‌و شه‌هید بوونی دوو تێکۆشه‌ری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوڕێیان کاك هه‌ژار ره‌زایی‌و کاك شه‌مسه‌دین رۆسته‌می به ده‌ستی به‌کرێگیراوانی رێژیم‌و ئیعدامی دوو خه‌باتکاری به وره‌ی حیزب‌و گه‌ل، هاوڕێیان کاك جه‌لیل زێوه‌یی‌و کاك رامین شه‌ریفی له زیندانه ره‌شه‌کانی کۆماری خوێن‌و جینایه‌ت‌دا.

٥ـ گه‌رموگوڕتربوونی زیاتری خه‌باتی نه‌ته‌وایه‌تیی گه‌لانی بنده‌ستی ئێران (به‌لووچ، ئازه‌ری‌و عه‌ره‌ب‌و تورکمه‌ن)و توندوتیژتربوونی‌و سیاسه‌تی شۆڤێنیستانه‌ی رێژیم دژی مافه ڕه‌واکانی ئه‌و گه‌له مافخوراوانه له ئێراندا.

٦ـ وه‌رگرتنی خه‌ڵاتی ئاشتیی نوبێل له لایه‌ن "شیرین عیبادی"یه‌وه، وه‌ك یه‌که‌مین ژنی موسوڵمان که ئه‌و خه‌ڵاته‌ی پێ به‌خشراوه، به هۆی داکۆکیی ناوبراو له مافی زه‌وت کراوی ژنان‌و منداڵان له ئێرانی ئیسلامی‌دا.

۷ــ به‌ڕێوه‌چوونی هه‌ڵبژاردنه‌کانی ده‌وری دووهه‌می شووراکانی شارو گوندو خۆ پاراستنی به‌رچاوو مانادراری کۆمه‌ڵانی خه‌ڵك له چوون بۆ سه‌ر سندووقه‌کانی ده‌نگدان وه‌ك یه‌که‌مین "نا"ی خه‌ڵك به قۆڵی به ناو رێفۆرمخوازی رێژیم.

۸ـ ته‌حریمی به‌رینی هه‌ڵبژاردنی مه‌جلیسی حه‌وته‌م له لایه‌ن ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی‌و هه‌موو گه‌لانی ئێران‌و تۆمار بوونی شانازی‌یه‌کی دیکه بۆ گه‌لی کورد، به هۆی که‌مترین راده‌ی به‌شداریکردن له‌و هه‌ڵبژاردنانه‌دا له به‌راورد له‌گه‌ڵ ناوچه‌کانی دیکه‌ی ئێراندا.


۹ـ ته‌قینه‌وه خۆکوژی‌یه‌کانی هه‌ولێر له باره‌گاکانی پارتی دێموکراتی کوردستان‌و یه‌کیه‌تیی نیشتمانیی کوردستان‌و به‌ڕێوه‌چوونی کۆڕی پرسه‌و سه‌رخۆشی به بۆنه‌ی ئه‌م کاره‌ساته نه‌ته‌وه‌یی‌یه‌وه له زۆربه‌ی شاره‌کانی کوردستانی ئێراندا.

۱۰ـ گه‌یشتنی گه‌لی کورد له کوردستانی عێراق به برِێکی به‌رچاو له مافه‌کانی‌و وه‌ڕێکه‌وتنی شه‌پۆلی هاوپێوه‌ندیی گه‌لی کورد له کوردستانی ئێران له‌گه‌ڵ هاونیشتمانه کورده‌کانیان له کوردستانی عێراق‌و سه‌رکوتی دڕندانه‌ی ئه‌و خۆپیشاندانانه‌و ده‌ستگیر کرانی سه‌دان لاوی به هه‌ست‌و نیشتمانپه‌روه‌ر به تاوانی خۆشحاڵبوونی ئه‌وان به رزگار بوونی پارچه‌یه‌ك له نیشتمانی کورد.

۱۱ـ هه‌ره‌سهێنانی یه‌کجاره‌کیی پایه‌کانی ره‌وایی کۆماری ئیسلامی له بیروڕای گشتی‌داو ره‌وینه‌وه‌ی ته‌وه‌هومی دانانی جیاوازیی گه‌وهه‌ری له نێو قۆڵ‌و ده‌سته‌و بانده‌کانی نێو ده‌سه‌ڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا.

۱۲ـ ره‌ت بوونه‌وه‌ی گه‌ڵاڵه‌کانی به‌رگرتن به شکه‌نجه‌و لابردنی هه‌ڵاواردن دژی ژنان له لایه‌ن شوورای سه‌ره‌ڕۆی نیگابانه‌وه.

۱۳ــ دانانی فیلته‌ر له سه‌ر سایته ئینتێرنێتی‌یه سیاسی‌یه‌کان‌و ڕه‌وانه کردنی پارازیت به هاوکاریی رێژیمی دیکتاتۆریی کۆبا بۆ سه‌ر کاناڵه ئاسمانی‌یه فارسی زمانه‌کانی ده‌ره‌وه‌ی وڵات‌و ریسوا بوونی ئه‌و رێژیمه له‌و پێوه‌ندی‌یه‌دا.



کاریکاتور: ره‌ئووف خه‌تیبی

۱٤ــ به‌رده‌وامیی هێزه‌کانی رێژیم له کوشتنی خه‌ڵکی بێدیفاع‌و بێتاوانی کوردستان له رۆژه‌کانی کۆتایی ساڵی ۸۲ دا.

## قه‌یرانه ناوچه‌یی‌یه‌کان:

به درێژایی ساڵی رابردوو، کۆماری ئیسلامیی ئێران له ئاستی ناوچه‌یی‌دا له ته‌ك چه‌ند قه‌یرانی سیاسی‌دا به‌ره‌وروو بوو، که ده‌توانین بڵێین ئه‌و قه‌یرانانه له به‌راورد له ته‌ك ۲۵ ساڵی رابردوودا چ له باری چه‌ندایه‌تی‌و چ له باری چۆنایه‌تی‌یه‌وه بێوێنه بوون. گرنگترینی ئه‌و قه‌یرانه ناوچه‌یی‌یانه‌ی که راسته‌وخۆ کاریگه‌رییان له سه‌ر ئێران داناوه‌و له داهاتووش‌دا، شوێندانه‌رتر ده‌بن، بریتی بوون له:

### ۱ـ قه‌یرانی حه‌وزه‌ی ده‌ریای خه‌زه‌رو ئاسیای ناوه‌ڕاست:

رێژیمی کۆماری ئیسلامی له درێژه‌ی ساڵی رابردوودا، نه‌یتوانی به‌رژه‌وه‌ندی‌یه‌کانی ئێران له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ ده‌ستنیشانکردنی رێژیمی حقووقیی ده‌ریای خه‌زه‌ردا، بپارێزێ. ئێران، که رووسیه‌ی به شه‌ریکی ئیستراتیژیکی خۆی له ناوچه‌ی خه‌زه‌ردا له قه‌ڵه‌م ده‌دا، له به‌رامبه‌ر سیاسه‌تی رووسیه‌دا شکستێکی روونی سیاسی هێناو، رووسیه توانی زۆربه‌ی وڵاتانی لێواری ده‌ریای خه‌زه‌ر به قازانجی خۆی‌و به زیانی ئێران، لێك نزیك بکاته‌وه. له لایه‌کی دیکه‌وه، وڵاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا له ساڵی رابردوودا توانی له وڵاتی "ئازه‌ربایجان" نزیك بێته‌وه‌و له سه‌نعه‌تی نه‌وتی ئه‌و وڵاته‌دا سه‌رمایه‌گوزاری‌یه‌کی که‌لان بکاو پێگه‌ی نیزامیی خۆی له ئاسیای نێوه‌راست به گشتی‌و له ئازه‌ربایجاندا به تایبه‌تی، به‌هێز بکاو بۆ لاواز کردنی ئێران تا ئه‌ندازه‌یه‌ك له‌گه‌ڵ رووسیه‌دا خۆی هاوئاهه‌نگ کرد. ئێران له ماوه‌ی ساڵی رابردوودا نه‌یتوانی پێوه‌ندی‌یه‌کی پوزه‌تیڤی سیاسی‌ـ ئابووری له‌گه‌ڵ وڵاتانی لێواری خه‌زه‌ردا دامه‌زرێنێ. گرینگیی ئیستراتیژیکی ئه‌و ده‌ریایه له رووی ئابووری‌ـ سیاسی‌یه‌وه، ناوچه‌ی خه‌زه‌ری کردوه به ناوچه‌یه‌کی میلیتاریزه‌و له پێکهاتنی هاوکێشه‌ی نوێی هێز له‌و ناوچه‌یه‌دا، کۆماری ئیسلامی له هه‌موو لایه‌نه‌کان لاوازترو ده‌سته‌وه‌ستانتر، جووڵاوه‌ته‌وه. هه‌روه‌ها، شۆڕشی مه‌خمه‌ڵیی گورجستان که له ساڵی ڕابردوودا سه‌رکه‌وتنی به ده‌ست هێنا، توانی له هه‌ندێ رووه‌وه کاریگه‌ریی سیاسی له سه‌ر ئێران دابنێ.

### ۲ـ په‌ژراندنی قانوونی بنه‌ڕه‌تیی ئه‌فغانستان له لایه‌ن "لویا جه‌رگه"وه:

په‌ژراندنی قانوونی بنه‌ڕه‌تیی ئه‌فغانستان، مه‌ترسی‌یه‌کی سیاسی دیکه‌یه بۆ رێژیمی کۆنه‌په‌رستی کۆماری ئیسلامی له ئاستی ناوچه‌یی‌دا، چونکه له ئه‌فغانستانیش‌دا، حکوومه‌تی ئیسلامی له سه‌ر کار بووو ئه‌و رێژیمه خه‌ڵکی ئه‌فغانستانی گه‌ڕاندبوه‌وه بۆ سه‌ده تاریك‌و نوته‌که‌کان. به‌ڵام به هه‌ره‌سهێنانی رێژیمی تالیبان‌و په‌سه‌ند کرانی یاسای بنه‌ڕه‌تیی ئه‌فغانستان (که به سه‌رنجدان به کلتوورو مێژووی ئه‌و وڵاته، هه‌نگاوێکی بڵیند بوو به‌ره‌و دێموکراسی)، ئه‌و وڵاته تێکه‌ڵ به کۆمه‌ڵگای شارستانی بۆوه‌و ئێستا سیستمی سیاسیی ئه‌فغانستان له به‌راورد له‌گه‌ڵ کۆماری ئیسلامی‌دا، به ئه‌ندازه‌یه‌ك پێشکه‌وتووو ئه‌مرۆیی‌یه که ده‌توانێ ـ ئه‌گه‌ر نه‌ڵێین زه‌رفییه‌تی ئه‌وه‌ی هه‌یه ببێته سه‌رمه‌شقێ بۆ خه‌ڵکی ئێران ـ کاریگه‌ریی به‌رچاوی سیاسی له‌سه‌رخه‌باتی ئازادیخوازانه‌ی خه‌ڵکی ئێران دژی سه‌ره‌ڕۆیی مه‌زهه‌بی دابنێ.

### ۳ــ هه‌ره‌سهێنانی رێژیمی به‌عس‌و کاریگه‌ری‌یه‌کانی سیستمی دێموکراتیك‌و فیدراڵی عێراق له سه‌ر ئێران

به شێوه‌یه‌کی گشتی ده‌توانین کاریگه‌ری‌یه‌کانی سه‌قامگیر بوونی عێراقێکی دێموکراتیك‌و فیدرال له سه‌ر کۆماری ئیسلامی له‌م دوو خاڵه‌ی خواره‌وه‌دا، کورت بکه‌ینه‌وه:

ئا: عێراقی دێموکراتیك‌و فیدرال که تێی‌دا گه‌لانی عێراق به هه‌موو پێکهاته جیاجیاکانی‌یه‌وه به مافه‌کانیان بگه‌ن ده‌بێته سه‌رمه‌شقێکی ده‌رهه‌ست بۆ هه‌موو گه‌لانی ئێران به هه‌موو پێکهاته‌کانیه‌وه، چونکه هه‌م عێراق، وڵاتێکی فره نه‌ته‌وه‌و فره ئایینه، هه‌م ئێران. که‌واته گۆڕانی سیستمی سه‌ره‌ڕۆی سیاسی له عێراق‌داو جێگر بوونی سیستمی نوێ‌و دێموکراتیك له‌و وڵاته‌دا، ده‌بێته سه‌رمه‌شقێکی ده‌رهه‌ست‌و ئه‌زموون کراو بۆ گه‌لانی ئێران به هه‌موو پێکهاته نه‌ته‌وه‌یی‌و ئایینی‌یه‌کانی‌یه‌وه.

ب: به هه‌ره‌سهێنانی رێژیمی سه‌دام‌و لاچوونی سه‌رکوتی مه‌زهه‌بی له سه‌ر شێعه‌کانی عێراق، ناوه‌نده ئایینی‌یه‌کانی ئه‌و وڵاته به‌ره‌و بووژانه‌وه‌و گه‌شه‌سه‌ندن ده‌چن‌و له داهاتوودا، حه‌وزه‌کانی که‌ربه‌لاو نه‌جه‌ف ده‌توانن جێگای حه‌وزه ئایینی‌یه‌کانی "قوم"و "مه‌شهه‌د" بگرنه‌وه‌و مه‌رجه‌عییه‌تی جیهانی ته‌شه‌ییوع، جارێکی دیکه بگه‌ڕێته‌وه بۆ حه‌وزه مه‌زهه‌بی‌یه‌کانی عێراق‌و چیدی ئاخوندێکی وه‌ك "خامنه‌یی" ناتوانێ به بوونی چه‌ند مه‌رجه‌عێکی گه‌وره‌و به‌هێز له عێراق دا ئیددیعای مه‌رجه‌عییه‌تی مه‌عنه‌وی شێعه‌کانی جیهان بکا.

له لایه‌کی دیکه‌وه، مه‌رجه‌عییه‌تی عێراق له سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه‌یه که "نابێ داوێنی ئایین به سیاسه‌ت گه‌رد بگرێ"و بڵاوبوونه‌وه‌ی ئه‌و راڤه‌یه له ئیسلام، ده‌بێته هۆی لاواز بوونی تێزی ساخته‌ی "ویلایه‌تی فه‌قیه" که ئیدئۆلۆژیی رێژیمه‌و کۆماری ئیسلامی له سه‌ر ئه‌و بناغه‌یه دامه‌زراوه.

## قه‌یرانه نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه‌کان:

ئه‌و قه‌یرانه نێونه‌ته‌وه‌یی‌یانه‌ی که کۆماری ئیسلامی له ماوه‌ی ساڵی رابردوودا له‌گه‌ڵیان به‌ره‌وڕوو بوو، ئه‌وه‌نده زۆرن که ناچارین به کورتی ئاماژه‌یان بۆ بکه‌ین. گرینگترین قه‌یرانه نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه‌کانی کۆماری ئیسلامی له ماوه‌ی ساڵی رابردوودا بریتی بوون له:

۱ـ کریس پاتن، کۆمیسێری پێوه‌ندی‌یه نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه‌کانی یه‌کیه‌تیی ئورووپا له مانگی فێوریه‌دا سه‌ردانی ئێرانی کردو له سه‌ر ئه‌وه پێی داگرت که ئیمزای رێککه‌وتننامه‌ی بازرگانی‌و هاوکاریی یه‌کیه‌تیی ئورووپا له‌گه‌ڵ ئێران، ده‌به‌سترێته‌وه به باشتر بوونی بارودۆخی مافی مرۆڤ له ئێران‌داو پێشقه‌چوون له بواری ئازادی‌یه سیاسی‌یه‌کان‌و وازهێنان له به‌رهه‌مهێنانی چه‌که کۆمه‌ڵکوژه‌کان‌و پشتیوانی له تیرۆریزم.

۲ـ گرووپێك له کارناسانی مافی مرۆڤی رێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان به سه‌رپه‌رستی "لویی ژوانه" له مانگی فێوریه‌دا سه‌ردانی ئێرانیان کرد به مه‌به‌ستی لێکۆڵینه‌وه له ده‌ستگیرکردنه نایاسایی‌یه‌کان له کۆماری ئیسلامی‌دا.

۳ـ وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا له راپۆرتی ساڵانه‌ی خۆی‌دا که له مانگی مای‌دا بڵاوی کرده‌وه، ده‌وڵه‌تی ئێرانی وه‌ك گه‌وره‌ترین پشتیوانی تیرۆریزم له جیهان‌دا تاوانبار کرد.

٤ـ رێکخراوی لێبوردنی نێونه‌ته‌وه‌یی له راپۆرتی ساڵانه‌ی خۆی‌دا که له مانگی مای‌دا بڵاوی کرده‌وه، به شێوه‌یه‌کی به‌رچاو ره‌خنه‌ی له بارودۆخی مافی مرۆڤ له ئێران‌دا گرت‌و رای گه‌یاند که له ساڵی رابردوودا ده‌یان که‌سایه‌تیی سیاسی‌و جیابیر له به‌ندیخانه په‌ستێوتراون‌و ئه‌و رێکخراوه ده‌زگای قه‌زایی ئێرانی له به‌ر به‌رته‌سکردنه‌وه‌ی ئازادیی راده‌ربڕین‌و درێژه‌دان به به‌ڕێوه‌بردنی حوکمی ئیعدام، تاوانبار کرد.

٥ـ رویس لامبرك، قازی دادگای فیدراڵی ئه‌مریکا، له حوکمێك‌دا کۆماری ئیسلامیی به به‌رپرسی ته‌قینه‌وه‌ی پادگانی نیزامیی ئه‌مریکا له ساڵی ۱۹۸۳ له به‌یروت پایته‌ختی لوبنان تاوانبار کرد.

٦ـ له مانگی ژوئه‌ن دا، خاتوو زه‌هرا کازمی، هه‌واڵنێری کانادایی (به ره‌گه‌ز ئێرانی) له به‌رده‌م زیندانی ئێوینی تاران‌دا ده‌ستگیر کراو دوای چه‌ند رۆژ له ژێر ئه‌شکه‌نجه‌دا گیانی له ده‌ستدا.

۷ـ هادی سلێمانپوور، باڵوێزی پێشووی کۆماری ئیسلامی له ئارژانتین له لایه‌ن پولیسی ئینگلیسه‌وه ده‌ستگیر کرا، به حوکمی دادگای فیدراڵی ئارژانتین به تاوانی به‌شدار بوون له ته‌قینه‌وه‌ی ساڵی ۱۹۹٤ له ناوه‌ندی جووله‌که‌کان له بوینس ئایرس‌دا.

۸ـ له مانگی ژووئیه‌دا، د. مانفرێد وایدینگێر، پارێزه‌ری ئوتریشیی په‌روه‌نده‌ی تیرۆری د. قاسملووو هاوڕێیانی، بێ سه‌رو شوێن کراو له مانگی سیپتامبردا له نزیك شارۆچکه‌یه‌ك ته‌رمه بێگیانه‌که‌ی دۆزرایه‌وه. له به‌ر ئه‌وه که ئه‌و پارێزه‌ره دوژمنایه‌تی له‌گه‌ڵ هیچ که‌س‌و لایه‌نێك نه‌بووه، قامکی تومه‌تبار کردن به‌ره‌و کۆماری ئیسلامی درێژ ده‌کرێ.

۹ـ له مانگی دیسامبردا کۆڕی گشتیی رێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان به پێشنیاری کۆمیسیۆنی سێهه‌می ئه‌و رێکخراوه‌یه، کۆماری ئیسلامی به تاوانی پێشێلکردنی به‌رچاوی مافی مرۆڤ مه‌حکووم کرد.

۱۰ــ گرنگترین قه‌یرانی کۆماری ئیسلامی له ساڵی رابردوودا، قه‌یرانی ئه‌گه‌ری ده‌ستپێڕاگه‌یشتنی کۆماری ئیسلامی به چه‌کی کۆمه‌ڵکوژو له سه‌رووی هه‌موانه‌وه، تێکنولۆژی نیزامیی چه‌کی ناوکی بوو.

ئه‌م قه‌یرانه ته‌نانه‌ت دوای ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆلی هاوپێچی په‌ره نه‌دان به چه‌کی ناوکیش، نه‌برِایه‌وه‌و کۆماری ئیسلامی دوای ئیمزا کردنی ئه‌و پرۆتۆکۆله‌ش، وازی له ده‌وڵه‌مه‌ند کردنی ئۆرانیۆم نه‌هێناو له رۆژانی کۆتایی ساڵی ۸۲ش‌دا، ئه‌و مه‌سه‌له‌یه په‌لوپۆی نوێی لێ که‌وته‌وه‌و به‌دڵنیایی‌یه‌وه ده‌بێته یه‌کێك له گرنگترین قه‌یرانه نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه‌کانی کۆماری ئیسلامی له ساڵی ۸۳ش‌دا.

***

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 385 19 March 2004

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیو بڵاوکراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو وەرگرتنی زانیاری

لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr


## چاوو دڵمان روون

چ ناخۆش بوو ئەو کاتەی کە هەواڵی دەسگیر کرانی پۆلێك لە تێکۆشەرانی دێموکرات بڵاو بۆوەو گوتیان چەند خەباتگێری دیکەی ڕێگای ئازادی کەوتنە چنگی دوژمنانی کوردو رزگاریو شادی.

چ ناخۆش بوو ئەو کاتەی چاوی چاوەڕێی چەند هاوسەری وەفادار و منداڵی تامەزرۆی نازی باوك بە دوای چارەنووسی ئازیزترین ئازیزکانیان دا بە لیزمە فرمێسکیان وەراند.

هەموو لایەیەك دەمانزانی ئەو کەسەی دەکەوێتە داوی شەوپەرەستانی بێ رەحم،رەها بوون و رزگاربوونی زۆر چەتوونە. دەمانزانی ئەشکەنجەو ئازارو ژانەکانی نێو بەندیخانە تاقەت پڕووکێنە، دەمانزانی جەللادی کورد دڵ بەردین و بێ بەزەیە و ملۆزمی بێستانی ژینە.

زۆرمان دیتبوو، زۆرمان بیستبوو، زۆر قارەمان، زۆر رووناکبیری بە هەڵوێست رۆیشتو نەگەڕانەوە، چاوانی پڕ چاوەڕوانی هاتنەوەیان ئێستاش هەروا بەرێوەیە، لێدانی دڵ و گەرانی خوێنی نێو دەمارەکانیش هەر نەبێ تامەزرۆی بیستنی ئاکامی چارەنووسیانن. هەر بۆیە ئەمجارەش دڵەکانمان ناحەق نەبوون کۆڵەبارێك غەمی تازە لە سەرشانیان کەڵەکە کەن.

هەیهات . . . ژیانی گەلی کورد خەباتە، ژانی زۆرە و شادیی کەمە. کورد وەك کێوە و قەت ناڕووخێ ئەگینا ئەو هەموو ژانو ئازارە قەڵاکانیش دەڕووخێنێ. ئەگەر بە هەڵکەوت شادییەك بۆتە میوانی ئەو کێوە قایمتر بووە.


ئاخر خۆش و یەکجار خۆش بوو ئەم جار سرووش پەیامی دا پۆلی هەڵۆ لە رکەی بێدادی فڕین، چەند دڵی بێ گەردی ساوا و چەند دڵی پر لە ئەوینی وەك چرۆی تازە پشکوتوو لە گشت دڵان گەشترو شادتر بوونەوە. هەزاران چاو چاوەڕێ بوون پۆلی هەڵۆ بگەنەوە نێو هێلانە گەرمەکەی نێو رەوەزی کورد، رەوەز هەموو حەزی دەکرد هەر چی زووتر هاورێیانی خۆشەویستی بگەرێنەوە باوەشی. پەرەسێلکە پەیامبەرەکانی مامە نەورۆز هەرچی دەیانکرد نەیان دەتوانی چاوەڕوانی و دڵەکوتەو بێئوقرەیی کەمکەنەوە ، تا سەرەنجام گوڵی ئارەزوو پشکووتن. پۆلی هەڵۆ گەڕانەوەو رەوز خرۆشاو کێو پتەوتر بوو. دەك بەخێر بێنەوە، چاوو دڵمان روون، شادیتان هەر زۆرو سەرکەوتنی یەکجاریتان مسۆگەر بێ.

**من پەروەردەی بەر سێبەری ئەشکەوتم**
**گەلێك جاران لە چاڵاوی رەش کەوتم**
**هاتمە دەرێ، هەدام نەدا، نەسرەوتم**
**دەرۆم بەرەو ئاسۆ بەرەو ئاسوی روون**
**دەرۆم، دەرۆم تا ترۆپکی رزگاربوون**

بێبەش



## بانگێشتن بۆ بەشداری لە رێورەسمی پەردەلادان لە تابلۆی بیرەوەریی شەهیدانی بێرلین



بەرێزان! بەوبۆنەیەوە بانگێشتنتان دەکەم بۆ بەشداری لە رێورەسمی پەردەلادان لە تابلۆی بیرەوەریی قوربانییەکانی تیرۆری میکونوس لە رۆژی چوارشەمە ٣١ی مارسی ٢٠٠٤، کاتژمێر ١٧ لە بێرلین:

prager str.2a, 10779 Berlin (zwischen Prager Platz u.) Nachodstrabe

لەو رێورەسمەدا "هانس یواخیم ئێریك" کە وەکیلی بنەماڵەی یەکێك لە قوربانییەکان لە دادگای میکونووس دا بووو هەروەها "د.میرۆ عەلیار" لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە قسە دەکەن.

حەوت ساڵ پاش حوکمی سەرنجراکێشی دادگای (بێرلین) لە ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧دا، لە شوێنی جینایەتەکە، یادی تیرۆری ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ لە ریستورانی ئەو کاتی میکونوس دەکەینەوە کە لەوێدا رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران، د. سادقی شەرەفکەندی، فەتاحی عەبدولی، هومایوونی ئەردەلان لەگەڵ نووری دێهکوردی سیاسەتوانی دانیشتووی بێرلین لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی ئێرانەوە کوژران.

لە حوکمی دادگادا دەزگای جاسووسیی ئێران وەك بەرپرسی کارەساتەکە دیاری کراوە. ئێمە بە هۆی ئەو تابلۆی بیرەوەرییە یادی رووداوێکی مێژوویی لە گەرەکەکەمان دا دەکەینەوە کە لە جیهاندا بوو بە هۆی کەسەرو رامان. میوانانی شارەکەمان بە دەستی ناردراوانی دەوڵەت کوژران. نێوی قوربانییەکانو جینایەتەکە نابێ لەبیر بچێتەوە. بۆ وشیاری، کە بە هەموو تواناوە بۆ بەرگری کردن لە تیرۆری ئەوتۆ هەوڵ بدەین.

تابلۆکە لەلایەن مەجلیسی ناوچەی "شارلۆتن بوورگ ـ ڤیلمێرس دۆرف"ەوە پێشنیارو پەسند کراوە.

ژمارەیەك رێکخراوو هاوشاریی چالاك بە دانی یارمەتیی ماڵی ئیمکانی دروستکردنو دانانی ئەو تابلۆیەیان پێکهێناوە، بەدڵ سپاسی هەموان دەکەم.

**لەگەڵ سڵاوی دۆستانە**

**مۆنیکا تیمەن Monika thiemen**

**شارەداری "شارلۆتن بۆرگ ـ ڤیلمێرس دۆرف**

**Wilmersdorf - charlottenburg**

## له داخی ئاخوند گوڵپایگانی




## خەڵك باشتر لە ساڵان رێورەسمی چوارشەمە سووریان بەڕێوەبرد

رۆژی یەکشەممە ٢٤ی رەشەمە، هەواڵدەری ئێران بەیاننامەی ئاخوند گوڵپایگانی لە بارەی ناتەبایی چوارشەمەسووری لەگە ئیسلام بڵاو کردەوە. لەو بەیاننامەیەدا گوتراوە: "برایانو کوڕانی عەلیو کچانو خۆشکانی فاتیمەی زارا (مەبەستی گوڵپایگانی کوڕانو کچانی ئێرانە)، هەر وەك دەزانن رێورەسمی خوڕافیو جاهیلانەی چوارشەمەسووری هاوکاتە لەگەڵ مانگی "محرم الحرام" کە شەوو رۆژی ٢٥ی موحەڕەمیش رۆژی شەهیدبوونی زەینولعابدینە. چاوەڕوانی لە سەرجەمی موسوڵمانان بە تایبەتی شیعەکانی ئەهلی بەیت ئەوەیە کە لەم دەرفەتەو لە رۆژی رێزگرتن لەو شەهیدە مەزنەدا، رەسەنایەتیی ئیمانو بێزاریی خۆیان لە فەرهەنگی جاهیلییەتو نائیسلامی ئاشکرا بکەنو نیشانی بدەنوبەرنامەی ماتەمو تازیەباری بۆ ئەو شەهیدە پایەبەرزە هەرچی بەشکۆتر، بەربڵاوترو دوژمنشکێنانەتر بەڕێوە بەرن".

دەسەڵاتبەدەستانی کۆنەپەرستی ئێران کە چاوی دیتنی خۆشیو شادینواندنی خەڵکیان نیەو دەزانن خەڵکی ئێران لە رێورەسمەکانی تایبەت بە چوارشەمەسووریو نەورۆزدا، دەڕژێنە سەر شەقامەکانو بێزاریی خۆیان لە کۆماری ئیسلامی رادەگەیەنن، هەر ساڵەی بە بیانوویەك دەیانەوێ پێش بە بەرێوەچوونی چوارشەمەسووری بگرن. ساڵی رابردووش چوارشەمەسووریو نەورۆز کەوتبوونە مانگی موحەڕەمو، دەسەڵاتداران داوایان کردبوو خەڵك لە شادیکردن، ئاگرکردنەوەو هاتنە سەر شەقامو لێك کۆبونەوە، خۆ ببوێرن. بەڵام خەڵك لەبەر نەفرەتو بێزاری لە کۆماری ئیسلامیو لە لایەکی دیکەشەوە چونکە دەزانن رێبەرانی ریاکاری رێژیم، لە هاتنی مانگی موحەڕەم لە دەورووبەری نەورۆزدا، بۆ بردنە پێشی مەبەستە دژی گەلییەکانیان کەڵكوەردەگرن. باشتر لە جاران چوارشەمەسوورییان کردە جێژن. ئەمساڵیش گوێیان نەدایە فتوای گوڵپایگانیو لە ساڵان خراپتریان بە کۆماری ئیسلامی کرد.

## گورچیلەفرۆشتن لە ئاکامی نەداریدا



گورچیلەفرۆشتن بە مەبەستی دابین کردنی بەشێکی کەم لە پێویستییەکانی ژیانی رۆژانە، لە نێو کەسانی سەر بە توێژە نەدارو کەم دەرامەتەکانی ئێراندا بووە بە شتێکی باو. ئەو گورچیلانە، کەسانێك دەیانکڕن کە گورچیلەیان لەکار کەوتوە. لە تارانو شارە گەورەکانی دیکەی ئێران، کە سەیری دارو دیواری هێندێك شوێن دەکەی، چاوت بەو ئاگادارییانە دەکەوێ کە هی گورچیلەفرۆشەکانن. ئەوان ئەندامێکی بە نرخی لەشی خۆیان لەبەر نەداریو پێویستی، بە نرخێکی کە بە هیچ جۆر بارتەقای زیانو ئاکامە دڵتەزێنەکانی ئەو کارە نیە، دەفرۆشن. هەر وابزانە سێوو ترێو کەلەمو شتومەکی دیکە دەفرۆشن. یەکێك لەو گورچیلەفرۆشانە، خوێندکارێکە کە لە لقی بەڕێوەبەریی دەوڵەتی (مدیریت دولتی)دا لە زانستگەی ئازاد دەخوێنێ. ئەو خوێندکارە گیروگرفتی ماڵی بە هۆکاری سەرەکیی فرۆشتنی گورچیلەی خۆی ناو دەباو دەڵێ: "خەرجو مەخارجی خوێندن لە زانستگەی ئازاد لە کەس شاراوە نیە. لەبەر گیروگرفتی ماڵی نەمتوانی لەو شارە بمێنمەوە کە دەرسی لێ دەخوێنم. ناچار گەڕامەوە شارەکەی خۆمانو لە تاقە ژورێکدا دەژیم".

بەرپرسی ئەنجومەنی تایبەت بەو نەخۆشانەی نەخۆشیی گورچیلەیان هەیە، دەڵێ: "لە نێو ئەو کەسانەدا کە گورچیلەی خۆیان فرۆشتوە، کەسانی ئەوتۆ هەن کە دوای تەواوکردنی پووڵی گورچیلەکەیان، دەستی ژنو منداڵیان گرتوەو هێناویانە بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی ئەوانیش گورچیلەی خۆیان بفرۆشن. هی واش هەن ئامادەن گورچیلەیان بفرۆشن تەنانەت ئەگەر ببنە دیالیزی. کە ئەم کارە وادەکا لە داهاتوودا نەخۆشی دیالیزی لە ئێراندا ژمارەیان زۆر بێو پێویستی بەو دەزگایە زۆر لە ئێستا زیاتر بێ.

## هەموو بەدبەختییەکان لە بن سەری "بزن"و "بزنزادە"کان دان

## "بزن" سەری بڵاوکراوەی "طبرستان"ی خوارد!



بڵاوکراوەی "طبرستان" ماوەیەك لەمەوبەر داخرا. هۆی داخستنەکەی تانەو تەشەردان لە "بزن" بوو. ئەو حکوومەتەی لە ئێران لەسەر کارە، ئەوەندە دادپەروەرە، بێحورمەتی، نەك بێحورمەتی ، بەڵکوو باس لە زیانو بەدفەڕییەکانی بزنانیش تەحەممول ناکا. بەڵام، ئەو بزنە بەستەزمانە نا کە لە "کەس نەکێڵو بەردەڕەقان" دەڵەوەڕێنو، زۆر زووو گورگ دەستیان لێ دەوەشێنێ. با بزانین "طبرستان" لە وتارەکەی خۆیداکە بووە هۆی داخستنی، مەبەستی چ بزنێك بووە:

"بزن" ئاژەڵێکی نەحاواوەیەو بەردەوام لە نێو مەڕاندا بەدوای خۆنواندنو دەسەڵات وەدەستهێنانو ژێر پێخستنی مافی رانەمەڕدا دەگەڕێ. لەم پێوەندییەدا زۆرجار بە کەڵکوەرگرتن لە "رانت"ی (شاخەکانی) خۆیان، هەڵ دەکوتنە سەر سەرو چاوی مەڕە بەستەزمانەکانو، بە هۆی کردەوەی سەرکوتکەرانەو توندوتیژی، چاوترسێنیان دەکەنو خەفەقانی سیاسی وەڕێ دەخەنو ئازادیی بارەباری مەڕەکان زەوت دەکەن. بزنەکان هێندێك کاریلەشیان هەیەو "بزنزادە"کان کە لە سێبەری باوکیاندا دێنو دەچن، لەوەڕی چاك داگیر دەکەنو زەوییە باشو بەپیتو بەرەکەتەکانو ئیمکاناتە سروشتیو خواداوەکان تاڵان دەکەن".

وتاری "طبرستان" پاش ناساندنی زیانو بەدفەڕییەکانیبزن، دەڵێ: "ئێستا کە زیانەکانی "بزن"و "بزنزادە"کان بۆ هەموان روون بۆتەوە، جێی خۆیەتی مەڕە بەرێزەکانو خاوەن لەوەڕگە خۆشەویستەکان، ئوپوزیسیۆنێکی چالاك بۆ خەباتێکی شێلگیرانە لەگەڵ بزنەکان دامەزرێننو "بزن" لەم خاکە وەدەرنێن. بە هەرحاڵ وادێتە بەر چاو کە بەشی هەرە زۆری بەدبەختییەکانی ئێمە لە "بزن"ەوە سەرچاوەی گرتبێ. هەی خودا ئەو کەسە بە لەعنەت کا کە "بزن"ی هێنایە ئەو وڵاتە".

**سەرچاوە: ماڵپەری "اخبار روز"**

## بەرەو ماڵاوایی

## چوار نامەی نەورۆزی بەبۆنەی سەرکەوتنێکی نەورۆزییەوە

**(بەبۆنەی خۆرزگارکردنی شانازیخوڵقێنانەی پۆلێك لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە بەندی کۆنەپەرستی)**

**(١)**

**سارۆ! شاهین! شاهۆ! ژوان!**

رەنگە دەگمەن بن ئەو منداڵانەی بەخت ئەوەندە یاریان بێ وەك ئێوە لە نەورۆزدا نەورۆزانەیەکی ئاوا گەورەیان پێ ببڕێ. گەڕانەوەی نەورۆزانەو سەربەرزانەی باوکە خۆڕاگرەکانتان، بەخشینەوەی سەرلەنوێی مێهرو ئامێزی باوکانە بوو بەو جەستە ناسکانەی تەنیا، ئامێزی گەرمو سیما خەمبارەکانی دایکە چاوەڕوانەکانیان شك دەبردو بەس. رەنگە زۆربەتان بەم پێیە کە زۆر منداڵن، هەست بە مەزنایەتیی گەڕانەوەی بابە نەکەن، بەڵام دڵنیام بزەو پێکەنینی سەرلێوی دایکتان گەورەترین ئاماژەن بۆ هەستکردن بەم دیارییە بەنرخە نەورۆزییەی هیچ مامە نەورۆزو هیچ بابا نۆئێلێك بۆ هیچ منداڵێکی وەك ئێوەی نەبردوە. ئازیزان کە واتە بزانن بۆئەم نەورۆزەی لە ڕێدایە، دیاریی ئێوە پێشوەخت گەیشتوە. نەورۆزانەتان پیرۆز، ئامێزی بابەتان گەرمتر لە جاران

**(٢)**

**هاوسەرە چاوەڕوانەکان!**

ئێوەش چ بەختەوەرن، ئەمڕۆ لە بەرەبەری نەورۆز کوردیدا هەست دەکەن قۆناخی تاڵی چاوەڕوانیو چاو لە ڕێییتان کۆتایی هاتوە“ میلەو شوورەکانی بەندیخانەی کۆنەپەرستی بەهۆی هاوسەرەکانتان شکاونو ئێوەش ئەمڕۆ گەڕاونەتەوە یەکەم رۆژی بووکێنیتان. کاسەی چاوەڕوانی لار بۆتەوەو ئیتر پێویست ناکا چاوەڕوانی زاوا بکەن، چونکە ئێستا دەتانبینم وەك ئەو رۆژەی لەگەڵ هاوسەرەکانتان زەماوەندتان تێدا کرد، لە نێو هەڵهەلەو بەزمو شایی چۆپیکێشو، لەنێو بازنە تێكئاڵاوەکانی هەڵپەڕکێدا لەسەر کورسیی بووكو زاوا دانیشتوونو پیرۆزبایی ژیانی نوێو ئاواتی بەختەوەری بۆ سبەی وەردەگرن. پێدەکەنن، شاییتان لەدڵدا دەگەڕێو لەبەر دەم دەرگای ژیانێکی نوێدان. . . ژیانی نوێو ساڵی نوێتان پیرۆز

**(٣)**

**هاوڕێیانم**

لەودیو میلەکانی بەندیخانەی زۆرداریو لە نەورۆزی رزگاربوونتاندا، سڵاو، لە دایکبوونەوەی سەرلەنوێتان پیرۆز!

گیانو جەستەتان ماندوو نەبێ لە شەڕی قامچیو باتۆمو ژووری تاکەکەسیو مەرگدا. ئێوە لە سنوورەکانی مەرگی سەربەرزانەوە گەڕاونەتەوە هەرێمی ژیانو ئازادی. ئەمڕۆ ئێوە لەم رۆژی نەورۆزی ژیان خۆشەویستییەدا کەژاوەی ئازادیتان لە مەهابادەوە بە هەورازو نشێواندا سەر خستوەو گەیاندووتانەتە هەرێمی چاوەڕوانیو تاسەی دووری. ئەوەتا دەتانبینم کۆڵەباری خۆشەویستیو ئازادیتان کردۆتەوەو سەهۆڵەکانی چاوەڕوانیتان لە چاوانی هەمووماندا کردۆتە فرمێسکی خۆشیو، بزەو خەندەتان کردۆتە دیاریی ئەم نەورۆزە چاوەڕوانە. ئەوەتا دەتانبینم دیسانەوە بوونەتەوە زاواو، لەنێو کەژاوەی ئەم زەماوەندە مەزنەدا گوڵی ژیان لە بەرۆکی دەسگیرانەکانتان دەدەن. چ خۆشە ئەم زەماوەندە، چ مەزنە، سێ بووكو سێ زاوا ئەمڕۆ دەرگای ژیانی نوێیان کردۆتەوەو وەڕێکەوتوون بۆ بەرزترین لوتکەکانی ئاواتو بەختیاریو. . .

**(٤)**

**هاوڕێی ڕزگاریدەر!**

رەنگە زۆر لەمێژ بێ ویستبێتت ئاوا بناسرێی، بەڵام بزانە جیاوازییەك لە نێوان کردارو بیرکردنەوەی تۆدا لەگۆڕێدانیە، راستەقینەی تۆی بەڕاستی رۆڵەی کورد ئەوەیە کە هەمووان بینیمانو دەیبینین. سڵاوو ئافەرین بۆ تۆو بیرو هزرت کە ڕێگەیان نەدای، دیلبوونی پێشمەرگەی کوردو پێشمەرگەکەی ناخی خۆت ببینیو بەکرداریش بوویە ڕزگاریدەر، ئازادیخوڵقێنو پێشمەرگە.

لەم دووبارە لەدایکبوونەوەیەی سروشتدا تۆ بوویە بای شەماڵو بەستەڵەکی پەژارەی چاوانی منداڵانی بێبەشکراو لە دیتنو باوەشی باوەو فرمێسکی چاوەڕوانیی هاوسەرە چاوەڕوانەکانت کردە پیاڵەیەك شەڕاب بۆ ئەوەی بە پێکی سەرکەوتنێك، چۆك بە پەژارەو شکستدا بدەین. تۆ چ مامە نەورۆزێكو چ بابانۆئێلێکی گەورەی کە نەورۆزی پڕ لە ئەوینو خۆشەویستی لەگەڵ دەزگیرانو لە نیشتمانت کردە دیاری بۆ سارۆ، شاهین، شاهۆو ژوان.

مژدە لە کوردستان کە رۆڵەی وەك تۆ نەورۆزو ئازادیخوڵقێنی زۆرن.

**عەولا بەهرامی**